سوپاسالاری پێشمەرگە: لێژنەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق ڕووپێوییەکیان لە خانەقینەوە تا ڕۆژئاوای دیجلە کردووە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5731) سێ شەممە 16ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

دوێنێ دووشەممە، هەردوو لێژنەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق لە شاری هەولێر دەربارەی کاری لێژنە فەرعییەکان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە

تەرمی کەمال ئامێدی گەڕێندرایەوە کوردستان

دوێنێ دووشەممە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر بە دانانی تاجەگوڵینە و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حزبی و حکوومی، کەسایەتی و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازیی لە تەرمی کەمال ئامێدی پێشمەرگە و تێکۆشەر و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا و بەم بۆنەیەوە ڕێورەسمێکی شایستەی بۆ ڕێکخرا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کارئاسانی دەبێت بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی کوردستان

فازڵ میرانی: کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نزیکبووەتەوە



سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە لەوەی کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم نزیکبووەتەوە و پێشیوایە کاراکردنەوەی ئەو دامەزراوەیە کارئاسانیی دەبێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکات دانوستان و سەردانی لایەنە سیاسییەکانیش بۆ لای یەکتری، بە کارێکی ئاسایی دەزانێت و داواش دەکات حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەرژەوەندییە حزبییەکانی خۆیان بخەینە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی و جێگری وەزیری دەرەوەی چیک پەیوەندییەکانی هەولێر و پراگ تاوتوێدەکەن

چیک ئامادەیی خۆی بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پراگ دەردەبڕێت



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێز مارتن سمۆلێک جێگری وەزیری دەرەوەی چیک، جەختی لە خواستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بڕەودانی زیاتر بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری چیک کردەوە و پشتگیریی خۆی بۆ پڕۆژەکانی خوێندنی زانکۆیی چیک لە هەرێمی کوردستان و پلانی دامەزراندنی شاری ئەکادیمیی چیکی لە هەولێر نیشان دا.

لە کۆبوونەوەکەدا کە دوێنێ دووشەممە 2019/4/15 لە هەولێر بە ئامادەبوونی بەڕێز کونسوڵی گشتیی چیک لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، بەڕێز جێگری وەزیری دەرەوەی چیک ڕایگەیاند کونسوڵخانەی گشتیی وڵاتەکەیان لە هەرێمی کوردستان دەست دەکاتەوە بە پێدانی ڤیزا بەتایبەتی بۆ کارسازان و بازرگانان و ئەو قوتابیانەی دەیانەوێت لە کۆماری چیک بخوێنن، هەروەها ئامادەیی و خواستی وڵاتەکەی بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پراگ دەربڕی کە مایەی خۆشحاڵی و پشتگیریی بەڕێز سەرۆک وەزیران بوو.

هەردوولا داکۆکییان لە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری چیک لە هەموو بوارەکاندا کردەوە و دواییێ پێشهاتەکانی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و هەولّ و گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت و پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدایان تاوتوێ کرد.



مەسرور بارزانی و فەرماندەی گشتی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سووریا کۆبوونەوە

مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (جەنەرال پاتریک ڕۆبەرسۆن) فەرماندەی گشتی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سووریا و شاندی یاوەری کرد. لەم دیدارەدا پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی و هەماهەنگی لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆریستان تاوتوێکرا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

مامۆستایەکی زانکۆ: کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کاریگەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەبێ

دکتۆر هاوژین عومەر، مامۆستای زانکۆ و شرۆڤەکاری سیاسی، ڕایگەیاند: کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کاریگەری گەورەی بۆ سەر ئاڕاستەی گفتوگۆکان دەبێت لەگەڵ بەغدا، هەروەها گوتیشی: کابینەی نێیەم بە هۆی دەستکەوتنی پژست و ئیمتیازاتەوە دواکەوت و بەداخەوە هەندێ لایەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان گفتوگۆ دەکەن. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

ئەیاد عەلاوی بۆ «خەبات»:


هەتا حەشدی شەعبی هەڵنەوەشێتەوە عێراق نابێتە دەوڵەتێکی مەدەنی



دکتۆر ئەیاد عەلاوی، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانیی عێراق و یەکێک لە سەرکردە لیبرالە دیار و ناسراوەکانی عێراق، باس لە هۆکارەکانی دروستبوونی حەشدی شەعبی دەکات و تەئکید دەکاتەوە هەتا حەشدی شەعبی هەڵنەوەشێتەوە عێراق نابێتە دەوڵەتێکی مەدەنی. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ 2.2٪ دابەزیوە

وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عەلی سندی ڕایگەیاند، عێراق و هەرێمی کوردستان کێشەی نەبوونی سیستەمێکی دامەزراوەییان هەیە بۆ چاودێریکردنی گۆڕانکارییەکان لە پێویستییەکانی کاردا. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



ڕێککەوتنێکی بازرگانی

لە نێوان کوردستان و تورکیا واژوو کرا

ماوەی دوو سێ ڕۆژە شاندێکی ژوورەی بازرگانی شارۆچکەی گەبزە سەربە پارێزگای کۆجائیلی ڕۆژئاوای تورکیا لە هەرێمی کوردستانن و دوێنێ دووشەممەش لەگەڵ ژوورەی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێکیان واژووکرد تایبەت بە ئاڵوگۆڕ و پەرەپێدانی کەرتی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



مووسڵ.. ژمارەی قوربانیانی (کەڵەکە)ەکەی دیجلە گەیشتە 121 کەس

ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەی ڕووباری دیجلە لە شاری مووسڵ گیانیان لەدەستداوە، بەرزبوویەوە بۆ 121 کەس. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

سالّانە سەرووی پێنج هەزار کەس تووشی شێرپەنجە دەبن

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، زۆرترین شێرپەنجەی بەربڵاو لەنێو پیاواندا لەهەرێمی کوردستان شێرپەنجەی سیپەکان و بۆری هەناسەیە، لەنێو ژنانیشدا شێرپەنجەی مەمکە، گوتەبێژی وەزارەتەکەش دەڵێت "سالانە لەسەرووی پێنج هەزار تووشبوونی نوێی شێرپەنجە تۆمارەدەکەین". **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



ئەحمەد تورک

وەک سەرۆک شارەوانی گەورەی ماردین دەستبەکاربوو

سەرۆک شارەوانی ماردین، ئەحمەد تورک مۆری شارەوانی وەرگرت و دەستبەکاربوو لە ئەرکەکەی خۆیدا. تورک سەرەتا چووە دادگای ماردین و لەوێ مۆری شارەوانی لە دەزگای هەڵبژاردنەکان وەرگرت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**




نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە کونسوڵی گشتیی نوێی ڕووسیا دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە کونسوڵی گشتیی تازەی ڕووسیا لە هەرێمی کوردستان بەڕێز ئۆلێگ ڤلادیمیرۆڤیچ لیڤین کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. بەڕێزیان ئامادەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیا دەربڕی، بەتایبەتیش لە بوارەکانی بازرگانی، کشتوکاڵ، کارەبا و گەشتیاریدا، پوختەیەکیشی دەبارەی ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت پێشکەش کرد.

لە دیدارێکی هەردوولادا کە پاشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 2019/4/15 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز کونسوڵی گشتیی ڕووسیا لە هەرێمی کوردستان خۆشحاڵیی خۆی بە دیداری بەڕێز سەرۆک وەزیران و دەستبەکاربوونی وەک کونسوڵی نوێی وڵاتەکەی لە هەرێم دەربڕی و جەختی لە پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکان لە هەموو بوارەکاندا کردەوە، هەروەها ڕۆڵی پێشمەرگە و حکوومەت و خەڵکی کوردستانی لە شەڕی دژی داعش و شکستپێهێنانی هێرش و هەڕەشەکانی تیرۆر و حەوانەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران بەرز نرخاند.

تاوتوێکردنی ڕەوشی ناوچەکە بەگشتی و چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.



مەسرور بارزانی و فەرماندەی گشتی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سووریا کۆبوونەوە

خوازیاری پەلەکردن لە ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمین

دوێنێ دووشەمە 2019/4/15 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (جەنەراڵ پاتریک ڕۆبەرسۆن) فەرماندەی گشتی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سووریا و شاندی یاوەری کرد. لەم دیدارەدا پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی و هەماهەنگی لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆریستان تاوتوێکرا.

مەسرور بارزانی لە ئاماژەیەکدا بۆ پەرەسەندنی هەڕەشەی تیرۆریستان لە هەندێ ناوچەی عێراق، پێویستی بەردەوامیی هەماهەنگی هەمەلایەنەی دووپات کردەوە و خوازیاری پەلەکردن بوو لە ئاسایی کردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکان و گێڕانەوەی سەقامگیری و بەرتەسککردنەوەی جموجۆڵی تیرۆریستان لە ناوچانە.

لەلای خۆیەوە فەرماندەی گشتی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سوریا وێڕای ئاماژەدان بە کاریگەری ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان، ڕۆڵ و هەماهەنگیی نێوان هێزەکانی ئەمەریکا و عێراق و هەرێمی کوردستانی بۆ سەقامگیرکردنەوەی ناوچەکە بە پێویست و کاریگەر زانی.

نەخشە و شوێنی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە ڕوونی دیاریکراوە

سوپاسالاری پێشمەرگە:

لیژنەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق ڕووپێوییەکیان لە خانەقینەوە تا ڕۆژئاوای دیجلە کردووە

دوێنێ دووشەمە 2019/04/15 هەردوو لیژنەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق لە شاری هەولێر دەربارەی کاری لیژنە فەرعییەکان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. دوای کۆبوونەوەکەش جەمال ئیمنکی، سوپاسالاری وەزارەتی پێشمەرگە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە بارەی کۆبوونەوەکە ڕایگەیاند: دوای ئەوەی کۆبوونەوەی نێوان لیژنەی باڵای وەزارەتی بەرگریی عێراق و لیژنەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و بەڕێوەچوو و تێیدا بڕیار درا لیژنە فەرعییەکان ڕووپێوی ناوچەکە بکەن لە خانەقینەوە تا ڕۆژئاوای دیجلە، ئەوە بوو ئەو لیژنانە دەستیان بە کارەکانیان کرد و ڕووپێوی ناوچەکانیان کرد. سوپاسالاری پێشمەرگە ڕاشیگەیاند: پاش تەواوبوونی ڕووپێوییەکان لەسەر نەخشە هاتە جێگیرکردن، ئەمڕۆش وەفدێکی وەزارەتی بەرگریی عێراق کە زیاتر لەو کەسانە بوون کە بەشدار بوون لە ڕووپێوی و وێنەیەکیان لەو نەخشەیە دا بە ئێمە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە. ئێستاش نەخشە و شوێنی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە ڕوونی دیاریکراوە. سوپاسالاری پێشمەرگە گوتیشی: کۆبوونەوەکانی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقی بەردەوام دەبن.



هەڕەشەی داعش بۆ سەر قەراج زیادی کردووە

کرمانج عەبدوڵڵا: هێزەکانی عێراق نەیانتوانیوە ڕەوشی ئەمنی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەن

ئا/ قائید میرز: لە سنووری قەزای مەخموور تا دێت هەڕەشەی داعش زیاتر دەبێت و بەڕپرسی لقی پارتیش لە مەخموور پێی وایە، هێزەکانی عێراق نەیانتوانی ڕەوشی ئەمنی کۆنترۆڵ بکەن و دەشڵێ، تەنیا لە ڕۆژانی ڕابردووەدا چوارە گوندی سنووری ناحیەی باقرتی، سەر بە مەخموور چۆڵ کراون.

کرمانج عەبدوڵڵا، بەڕپرسی لقی قەرەچۆغی پارتی لە مەخموور دەشڵێت: لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، دووبارە داعش گەراوەتەوە سنووری مەخموور، ئێستا ئەو سێ ناحیەی لەژێر دەستی پێشمەرگەدایە گوێڕ، دیبەگە، مەلا قەرە، هەمووی پێشمەرگەی تێدایە و داعش ناتوانێت بگەڕێتەوە، بەڵام لە چیای قەرەچۆغ بە دیوی مەخموورەوە نەک گەڕاوەتەوە، بگرە زۆر زیادیشی کردووە.

بەڕپرسی لقی قەرەچۆغی پارتی بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوونیشی کردەوە: یەکێک لەو ناوچانەی جوولەی داعش تێیدا زیاد کردووە، سنووری ناحیەی باقرتە (قەراج) بەهۆی هاتوچۆ و هەڕەشەی بەردەوامی چەکدارانی داعشەوە ترس و دڵەڕاوکێ لای دانیشتوانی ئەو سنوورە پەیدا بووە.

دەشڵێت: ڕۆژانی ڕابردوو بەهۆی هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعشەوە خەڵکی چوارەد گوندی سنووری باقرت شوێنەکانیان چۆڵ کردووە، بەڵام بڵێم هەموو بەیەکجاری چۆڵ کرابێت، نا خەڵکی تێدا ماوە، بەڵام بەشێکی زۆریان گوندەکانیان بەجێ هێشتووە، زۆرینەی ئەو گوندانەش کوردنشینن.

خوازیاری پەلەکردن بوو لە ئاسایی کردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکان و گێڕانەوەی سەقامگیری و بەرتەسککردنەوەی جموجۆڵی تیرۆریستان لە ناوچانە.

لەلای خۆیەوە فەرماندەی گشتی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سوریا وێڕای ئاماژەدان بە کاریگەری ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان، ڕۆڵ و هەماهەنگیی نێوان هێزەکانی ئەمەریکا و عێراق و هەرێمی کوردستانی بۆ سەقامگیرکردنەوەی ناوچەکە بە پێویست و کاریگەر زانی.

باکووری کوردستان... ئەحمەد تورک وەک سەرۆک شارەوانی گەورەی ماردین دەستبەکاربوو

ئەو کارانەی دەیکەین لەگەڵ خەڵکی خۆماندا بەشی دەکەین و ئیدارەکەشمان شەفاف و دادپەروەرانە دەبێت

سەرۆک شارەوانی ماردین، ئەحمەد تورک مۆری شارەوانی وەرگرت و دەستبەکاربوو لە ئەرکەکەی خۆیدا.

تورک سەرەتا چووە دادگای ماردین و لەوێ مۆری شارەوانی لە دەزگای هەڵبژاردنەکان وەرگرت.

لە میانی دەرچوونیدا لێدوانی بۆ ڕۆژنامەنووسان دا و گوتی: بۆ خزمەتکردنی خەڵک بە ڕاستترین شێوە، بە هەموو توانامانەوە هەوڵ دەدەین. هەموو کارێک کە دەیکەین بە شەفافی و لەگەڵ خەڵکی خۆماندا بڵاوی دەکەینەوە. بۆ ئەوەی شایستەی خەڵک بین هەموو پێکەوە کار دەکەین. دواتر ئەحمەد تورک بەیاوەری هەڤاڵان و جەماوەرێکی زۆر چووە سەرۆکایەتی شارەوانی گەورەی ماردین. ئەحمەد تورک ئاماژەی بەوەش دا کە هەوڵ دەدات شایستەی ماردینییەکان بێت و گوتی: تا ئەمڕۆ ئەو سیاسەتانە و ئەو کارانەی کراوە، تەندەرەکان و کارەکان چی کراوە چاویان بەسەردا دەخشێنینەوە. ئەو کارانەی دەیکەین لەگەڵ خەڵکی خۆماندا بەشی دەکەین. ئیدارەیەکی شەفاف و دادپەروەر دەبێت.

لەلایەکی دیکەشەوە هەر دوێنێ دووشەمە، جیهان کامەران کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لەسەر لیستی هەدەپە، سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، وەک سەرۆکی شارەوانی هەکاری دەستبەکاربوو. جیهان کامەران مۆری شارەوانییەکەی لە بینای پارێزگا لە دەزگای هەڵبژاردنەکان وەرگرت و دواتر لەگەڵ شاندێکدا چوونە بینای شارەوانی و پێشوازی لە میوانەکان کرد. ناوبراو لە گوتەیەکیشدا سوپاسی هاوواڵاتییانی شارەکەی کرد کە پشتگیریان کردووە لە هەڵبژاردنەکاندا.



کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کارئاسانی دەبێت بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی کوردستان

فازڵ میرانی: کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نزیکبووەتەوە

پێویستە بەرژەوەندییە حزبییەکان بخەینە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانەوە

خەبات: شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە لەوەی کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم نزیکبووەتەوە و پێشیوایە کاراکردنەوەی ئەو دامەزراوەیە کارئاسانیی دەبێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکات دانوستان و سەردانی لایەنە سیاسییەکانیش بۆ لای یەکێتری، بە کارێکی ئاسایی دەزانێت و داواش دەکات حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەرژەوەندییە حزبییەکانی خۆیان بخەینە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان.



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دوێنێ دووشەممە 2019/4/15 لە لێدوانێکی هەواڵیدا بۆ دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان، رایگەیاند: کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نزیکبووەتەوە و ئەمەش کارئاسانییەکی زۆر دەبێت بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستانیش.

سەبارەت بە هەڵمانگرتووە و ئەو سۆزەی کە شەهیدەکانمان داویانە و گیانی خۆیان بەخت کردووە لە پێناوی گەلی کوردستان لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە بەرژەوەندییە حزبییەکانی خۆمان بخەینە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانەوە.

سەبارەت بە سەردان و دانوستانی شاندی لایەنەکانیش بۆ لای یەکتری، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی بۆ قسەکردن لەسەر پێکهێنانی حکوومەت، فازڵ میرانی گوتی: سەردانی شاندەکان بۆ لای یەکتری زۆر ئاساییە و پێویستیشە سەردانی یەکتری بکەن، هەروەها لەبارەی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان میرانی گوتی: ئێمە لەگەڵ گۆڕان ڕێککەوتنمان تەواوکردووە و بەمزووانەش لەگەڵ برادەرانی یەکێتیش دەبێ هەموو لایەکمان ئەو دروشمەی کە هەڵمانگرتووە و ئەو سۆزەی کە شەهیدەکانمان داویانە و گیانی خۆیان بەخت کردووە لە پێناوی گەلی کوردستان لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە بەرژەوەندییە حزبییەکانی خۆمان بخەینە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانەوە.

فازڵ میرانیش بەمزووانە لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتنی کۆتایی واژۆ دەکرێت.

فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان جەخت دەکاتەوە کە بەمزووانە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کارا دەکرێتەوە و لەناو پەرلەمانیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت، هاوکات دوای ئەوەش کار بۆ پێکهێنانی حکوومەت دەکرێت. لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە کۆی دەنگ بڕیار درا نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی و سەرۆکوەزیرانی کوردستان وەک کاندیدی پارتی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروەها مەسرور بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ پۆستی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەستنیشانکران.

ئەیاد عەلاوی بۆ «خەبات»:

بەهۆی حەشدی شەعبییەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناوبانگێکی خراپ بۆ عێراق دروستبووە

بوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ لای زۆربەی پێکهاتەکانی عێراق

خەبات-مەریوان نەقشبەندی

دکتۆر ئەیاد عەلاوی، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانیی عێراق و یەکێک لە سەرکردە لیبرالە دیار و ناسراوەکانی عێراق، لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات باس لە هۆکارەکانی دروستبوونی حەشدی شەعبی دەکات و تەئکید دەکاتەوە هەتا حەشدی شەعبی هەڵنەوەشێتەوە عێراق نابێتە دەوڵەتێکی مەدەنی.

دکتۆر ئەیاد عەلاوی لە دریژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کاتێ مەرجەعییەتی شیعە لە نەجەف فەتوای شەرعییەتدانی بە حەشدی شەعبی دا ئەوکات یەک لەسەر سێیی خاکی عێراق کەوتبووە دەست داعش و ئەوە کارێکی ئاسایی بوو لەو کاتەدا، بەڵام ئێستا ئەم هێزە زەرور نەماوە و دەکرێت هێزە ئەمنییە نیزامییەکانی عێراق ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە و حەشدی شەعبی هەڵبوەشێتەوە، چونکە داعش توانای داگیرکردنی خاکی نەماوە و بوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ لە لای زۆر لە پێکهاتەکانی عێراق و جگە لەوەش ئاراستەیەکی خراپی نێودەوڵەتی بەهۆی حەشدی شەعبییەوە لەسەر عێراق دروستبووە و وەک دەوڵەتێکی مەدەنی سەیری عێراق ناکەن هەتا ئەم هێزە لە عێراق هەڵنەوەشێتەوە، سەبارەت بە ئایندەی عێراق دوای ئەو بڕیارەی سەرۆکی ئەمەریکا بەدانانی سوپای پاسدارانی ئێران لەناو ریزی گرووپە تیرۆریستییەکاندا دکتۆر ئەیاد عەلاوی گوتی: هیوادارم ئەمەریکا تەفەهومی وەزعی عێراق بکات و عێراق نەبێتە شوێنی تەسفیەی حیسابی لەگەڵ ئێران، ئێرانیش بە هەمان شێوە پێویستە بزانێت ئێستا پێویست بەو شێوازەی دەستوەردانی لە عێراق نەماوە وەک سەردەمی بوونی گرووپە تیرۆریستییەکان لەم وڵاتەدا و باشترین بڕیاریش ئەوەیە پشتگیری هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی و بونیادنانەوەی پیشەیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بکرێت.





کلیچدار ئۆغلۆ: دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان، تورکیا دەخاتە ڕووناکییەوە، یان پەلکێشی دەکات بۆ گرژی و ئاڵۆزی؟

زیاتر لە 300 گۆڕی بەکۆمەڵی قوربانیانی کورد لە عێراق هەیە

دەشتی بسەییە و نوگرە سەلمان پڕن لە گۆڕی قوربانیانی کورد



بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ئاشکرای کرد، سەدان گۆڕی بەکۆمەڵی قوربانیانی کورد لە ناوچەکانی عێراق هەیە و دەڵێ، بەپێی ڕووپێوێکی گۆڕە بەکۆمەڵەکان300 ناوچەی گۆڕی بەکۆمەڵ هەن، کە زیاتر لەو ژمارەیە گۆڕی تێدایە. پەروین نووری، بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: بەپێی ئەو ڕووپێوەی لە عێراقدا کراوە سەرووی 300 شوێن هەن کە گۆڕی بەکۆمەڵیان تێدایە و زۆربەی گۆڕەکانیش هی قوربانیانی کوردن، هەر لە ئەنفالی بارزانییەکانەوە بگرە تا گەرمیان و جافایەتی و تۆپزاوە، ئەو 300 ناوچەی گۆڕی بەکۆمەڵ بەشێکیان کاریان تێدا کراوە، بەشێکی زۆریشیان هێشتا ماون و کاریان لەسەر نەکراوە.

بەڕێوەبەری پێشووی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەشڵێت: هەر ناوچەیەک لەوانەیە زیاتر لە گۆڕێکی تێدا بێت، چونکە ناوچە هەیە 10 گۆڕی بەکۆمەڵی تێدایە، دەشتی بۆسەیە و نوگرە سەلما پڕن لە گۆڕی قوربانیانی کورد، چونکە تا ئێستا2600 ڕوفات گەڕێندراوانەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوەش دڵنیاکە لە دەریایەک.

پەروین گوتیشی: لە ساڵی 2013 بە دوو تیم سەردانی ناوچەکانی عێراقمان کرد و بۆمان دەرکەوت شوێن هەیە چەندین گۆڕی بەکۆمەڵی تێدایە، پێویستە هەموو هەوڵێک بدرێت و ئەرکی هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و فیدراڵە کار بۆ ئاشکراکردن و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی قوربانیانی جینۆسایدی کورد بکەن. ڕوونیشی کردەوە: بەپێی ئەو گۆڕانەی هەڵدراونەتەوە و ڕۆفاتەکانی لە ساڵانی ڕابردوو گەڕێندراونەتەوە بۆ کوردستان بەشێکیان پێشتر گوللەباران کراون، ئینجا وەژێر خاک نراون، لەبەر ئەوەی قەوانەی زۆر لە دەوروبەری گۆڕەکان مابوون، لاشەی شەهیدەکان شوێنی پێکانیان پێوە دیار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕوفات هەبوون جێگەی ئەشکەنجەدانی پێوە بوو و لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید کرابوون، بەشێکی دیکەی قوربانیان دەست و چاویان بەستراوبوو، لەوانەیە هەر بە پێشدێنی خۆیانەوە شەهیدکرابن، هەشن زیندە بەچاڵ کراون، هەمووی تێدایە، ئیدی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس بە زۆر شێوەی دڕندانە کوردی لەنێو بردووە.

ئا/ قائید میرۆ

شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بەشداریی لەڕێوڕەسمی 31ـەمین ساڵیادی کارەساتی ئەنفال لە گەرمیان کرد

پێویستە دەسەڵاتی بەغدا بەشێک لە بودجەکەی بۆ قەرەبووکردنەوەی ژینگەی ناوچە زیانلێکەوتووەکانی کوردستان تەرخان بکات



شاندێکی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنە جیاوازەکان، بەنوێنەرایەتیی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، لە گەرمیان بەشداریان لەڕێوڕەسمی 31ـەمین ساڵیادی کارەساتی ئەنفال کردو تاجەگوڵینەی ڕێزو وەفایان لەسەر مۆنۆمێنتی قوربانیانی ئەنفال دانا.

ڕۆژی یەکشەمە 2019/4/14 شاندێکی پەرلەمانی کوردستان، لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان بەنوێنەرایەتیی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، لە گەرمیان بەشداریان لە ڕێوڕەسمی 31 ساڵەی یادی کارەساتی ئەنفال کرد. لە ڕێوڕەسمەکەدا کە بەئامادەبوونی لێپرسراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق و ژمارەیەک لە لێپرسراوانی حکومی و حزبی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەڕێوەچوو، سەوسەن محەمەد میرخان، سەرۆکی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان، بەناوی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانەوە وتەیەکی پێشکەشکرد و تیایدا باسی لە گەورەیی ئەو تاوانە کرد کە ڕژێمی عێراق 31 ساڵ لەمەوبەر دژ بە گەلی کورد ئەنجامیدا و ڕایگەیاند: سی و یەک ساڵ لەمەوبەر ڕژێمی عێراق بەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لەماوەی حەوت مانگ و لەچوارچێوەی هەشت قوناغدا پرۆسەی ئەنفالکردنی گەلی کوردی ئەنجامدا، ڕوونیشە تاکە هۆکاری ئەو ڕقەی ڕژێم تەنها کوردبوون بوو نەک هیچی تر، ڕوونە کە لەو پرۆسە سەربازییەدا ڕژێمی بەعس زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد گوندی کوردستان و زیاتر لە سەدەها شارۆچکەی کوردستانی وێران کرد و لەگەڵ خاکدا یەکسانیکردن و دانیشتوانەکەی بۆ چارەنووسێکی نادیار بردن.

هەر لە وتەکەیدا ئاماژەی بەو کاولکاری و وێرانییە کرد کە بەدەستی بەعسییەکان لە کوردستاندا ڕوویداو ڕایگەیاند: تەواوی ژیان و سروشت و ژینگەی پاکی کوردستان کەوتە بەر شاڵاوێکی وێرانکەرو سەرەڕای هەوڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان و لەناوبردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵیی کوردستان، بەفەرمانی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕش و فەرماندەی باکووری هێزە چەکدارەکان بە سەرکردایەتیی تاوانباری گۆڕبەگۆڕ (عەلی حەسەن مەجید)، ژینگەو ئاسمانی کوردستانیان بەتەواوی بارگاوی بەچەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی کرد، کوردیش وەک گەلێکی لە مێژینەی نیشتەجێ لەخاکی خۆی کوردستان، لەزێدی باوباپیرانی خۆی ڕاگوێز کرا بۆ باشووری عێراق و بەشێکیش لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوا ئاوارە و دەربەدەر بوون، ئەم هەموو تاوان و یاسا بەزاندنە نێودەوڵەتی و ئاسمانییانەش بەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و وڵاتانی دیموکراتخوازی جیهان بوون.

هەر لە وتەکەیدا ئاماژەی بەو مەترسییانە کرد کە تائێستاش لەلایەن دوژمنان و ناحەزانی کورد دژ بە کوردستان بەردەوامن کە مەترسیی دووبارەبوونەوەی جینۆسایدی گەلەکەمانی لێدەکرێت و داوای لەسەرجەم حزب و هێزە سیاسییەکان کرد یەکڕیزو یەکهەڵوێست بن و ڕایگەیاند: "دوژمنان لەقڕکردنی گەلی کورددا هەموومان بەیەک چاو تەماشا دەکەن و هیچ جیاوازییەک لەنێواماندا ناکەن، ئەمەش وا دەکات ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان داوای یەکدەنگی و تەبایی لەتەواوی هێزەکان بکەین، چونکە تەنیا یەکگرتوویمان زامنی دووبارەنەبوونەوەی مەرگەساتەکانی وەک ئەنفالی بارزانییەکان و گەرمیان و کیمیابارانی هەڵەبجەیە، بۆیە لێرەوە داوا لەسەرجەم حزب و هێزە سیاسییەکان دەکەین لەهەمبەر داوا و مافە ڕەواکانی گەلی کورد و لەبەرامبەر پێشهاتەکاندا یەکڕیز و یەکهەڵوێست بن، چونکە تەنها تەبایی زامنی سەرکەوتنمانە.

لە درێژەی وتەکەدا وێڕای ستایشکردنی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ خزمەتکردنی بەکەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، جەختی لەوە کردەوە کە ئەو ناوچانە شیاوی کاری مەزنتر و خزمەتی زیاترن، داواشی لە حکومەتی ئێستای عێراق کرد قەرەبووی تەواوی زیانەکان بکاتەوە ڕایگەیاند: لێرەوە بە دەسەڵاتدارانی بەغداد دەڵێین:

1- پێویستە قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ئەنفال و ناوچە زیانلێکەوتووەکان بکەنەوە بەرپرسیارێتیی مێژوویی و یاسایی ئەنفال هەڵگرن بەپشتبەستن بەپرسیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە ئەنفالی وەک جینۆسایدناساندووە و حوکمەکەش پلەی بنبڕی وەرگرتییە.

2- پێویستە دەسەڵاتی بەغدا بەشێک لە بودجەکەی بۆ قەرەبووکردنەوەی ژینگەی ناوچە زیانلێکەوتووەکانی کوردستان تەرخان بکات.

3- داواکارین بابەتی جینۆساید بکرێتە بابەتێکی گشتگیرو لە هەموو ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکانی سەرانسەری عێراقدا بخوێندرێت.

لەکۆتایی وتەکەشدا کە بەناوی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە پێشکەشی کرد، سەرۆکی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان ئامادەی هەموو خزمەتکردنێکە بەم دۆزەو پشتیوانیی هەموو پرۆژەیاساو بیرۆکەیەک دەکات کەخزمەت بەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان و دۆزی ئەنفال بکات لەڕووی یاسایی و دیپلۆماسی و سیاسییەوە.

بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بەرپرسی حزبی و حکومی و کەسایەتی و پەرلەمانتاران

لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە تەرمی کەمال ئامێدی گەڕێندرایەوە کوردستان



خەبات/ دوێنێ دووشەمە 2019/4/15 لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر بە دانانی تاجەگوڵینە و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حزبی و حکومی، کەسایەتی و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازیی لە تەرمی کەمال ئامێدی پێشمەرگە و تێکۆشەر و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا و بەم بۆنەیەوە ڕێوڕەسمێکی شایستەی بۆ ڕێکخرا.

لە ڕێوڕەسمی پێشوازیی لە تەرمی کەمال ئامێدی، جگە لە هاوسەر و ئەندامانی بنەماڵەکەی کۆچکردبوو، هاوکات فازڵ میرانی، مەحمود محەمەد، کاکەمین نەجار، جەعفەر ئێمینکی، دڵشاد بارزانی، هۆشیار سیوەیلی، هێمن هەورامی، ئومێد خۆشناو، هەروەها ژمارەیەکی دیکەی بەرپرسان و کەسایەتییەکان و ئەندامانی پەرلەمان و هاوڕێ و هەڤاڵی کۆچکردبوو ئامادەی مەراسیمەکە بوون. کەمال ئامێدی پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی کوردستان بوو، هاوکات بەرپرسی لیژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، دوای نەوەی لە تاراوگە کۆچی دوایی کرد، دوێنێ دووشەمە تەرمەکەی لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە گەڕێندرایەوە هەرێمی کوردستان و دواتر بەرەو زادگەی خۆی لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بەڕێکرا.

ڕێککەوتنێکی بازرگانی لە نێوان کوردستان و تورکیا واژوو کرا




جەلیل خەیات گوتی: ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە بریتییە لەوەی پەیوەندی دووقۆڵیمان هەبێت و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان بکەین دەربارەی بازرگانی و بتوانین ئاسانکاری بۆ بازرگانان و خاوەنکاران بکەین.

هەر لە کۆنگرەکە ڕۆژنامەنووسییەکەدا، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی گەبزە، نایل چیلەر گوتی: لە بواری پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووریەکانمان لێرەین، سەرەتا بازرگانانی ئێمە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و دواتر هەڵسەنگاندن بۆ شوێنەکە دەکرێت لە بواری بازرگانی و وەبەرهێنان. سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی گەبزە گوتیشی: یەکەمجارە دێمە هەرێمی کوردستان و وا هەست دەکەم لە ئورفا و ماردینم، پەیوەندییەکی مێژوویی و کولتووریی بەهێز لە نێواماندا هەیە.

نایل چیلەر گوتیشی: شاندەکەی ئێمە لە 13 کەس پێکهاتووە، هەندێکیان پێشتر ماوەی دوو سێ ڕۆژە شاندێکی ژووری بازرگانی شارۆچکەی گەبزە سەربە پارێزگای کۆجائیلی ڕۆژئاوای تورکیا لە هەرێمی کوردستانن و دوێنێ دووشەمەش لەگەڵ ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێکیان واژووکرد تایبەت بە ئاڵوگۆڕ و پەرەپێدانی کەرتی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا. سەرۆکی یەکێتیی ژووره بازرگانییە و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان، دارا جەلیل خەیات لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسییدا گوتی: شارۆچکەی گەبزە بەناوبانگە و دووەم شارە لە هەناردەکردن و بوونی کارگەی گەورە و بەتوانا. ئەمڕۆش ژووری بازرگانی ئەوێ لێرەن و ڕێککەوتننامەیەکمان واژووکرد بۆ پەرەپێدان بە پەیوەندییەکان و هیوادارین کە بازرگانان بتوانن پەیوەندیی بازرگانی دروست بکەن کە ئامانج لێی خزمەتکردنی بازرگانییە. لە بارەی ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەش، دارا جەلیل خەیات گوتی: ئێمە وەبەرهێنانیان لە هەرێمی کوردستان کردووە، ئەم سەردانەش زیاتر مەبەست لێی پتەوکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی هەردوولایە و لێرە ڕەوشێکی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بکرێت. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد کە شارۆچکەی گەبزە هێندەی60 شاری تورکیا بازرگانی لێ دەکرێت و 103 ناوەندی گەشەپێدانی کالاکانی هەیە و نۆ ناوچەی پیشەسازیشیی تیادایە.

عادل عەبدولمەهدی بەنیازە ناوی هەرچوار وەزیرە پڕنەکراوەکەی کابینەکەی بەیەک پاکێج بخاتە بەردەمی ئەنجومەنی نوێنەران



خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

قۆسەی عەباس ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کوتلەی ئیسلاح لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات باس لەدروستبونی تەوافق لەنێوان هێزە سیاسییە عێراقیەکان بۆ پڕکردنەوەی هەردوو پۆستی وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری، بەڵام باسی ئەوەش دەکات کە هێشتا ڕێککەوتن و تەوافق لەسەر هەردوو پۆستی وەزارەتەکانی پەروەردە و داد نەکراوە و ئەمەش وایکردوە د.عادل عەبدولمەهدی بەنیازبێت پۆستی هەر چوار وەزارەتە پڕنەکراوەکەی کابینەکەی بەیەک پاکێج و لەیەک سەبەتەدا بخاتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەنگدان لەسەری.

ئەم پەرلەمانتارە عێراقیە لەبارەی ئاگەری مانەوەی ئەم چوار پۆستە بەپڕنەکراوەیی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ گوتی: ئێستا وەزارەتە ئەمنییەکان جۆرێک لە تەوافقی لەسەر پەیدا بووە بەجۆرێک بۆچوون و بەڕژەوەندی هەموو لایەنە براوە سەرەکییەکانی عێراق تێیدا لەبەرچاو گیراوە، بەڵام کێشەی گەورە لەپڕکردنەوەی هەردوو پۆستی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی داوە کە پێدەچێ هەموو لایەنەکان پێیان باش بێت کاندیدەکان بۆ ئەم دوو پۆستەی دوایی لەلایەن خودی عادل عەبدولمەهدیەوە دەستنیشان بکرێت و هەرچوار پۆستەکە پێکەوە بخرێنە دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی متمانە وەرگرن.

لەلای خۆیەوە محەمەد بەلداوی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی فەتح ئاماژەی بۆ دروستبوونی کێشە لەنێوان لایەنە عێراقییەکان لەسەر پرکردنەوەی پۆستە ئەمنیەکان دەکات دوای بڕیارەکەی دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بەدانانی سوپای پاسدارانی عێراق بە هێزە سیاسی و سەربازیەکانی نزیک لە ئێران لە عێراقدا و هەندێ لەو هێزە شیعیانە ترسی ئەوەیان هەیە دانانی ئەم دوو وەزیرە ئەمنیە کاریگەریی بەشەرعیەت و ناشەرعیەتی هەندێ هێزی چەکداری سەر بەحزبە شیعیەکان هەبێت و وەزیرەکان بڕیارەکانی ترەمپ جێبەجێ بکەن لەعێراقدا کە بەبۆچوونی زۆر لەهێزە شیعیەکان دەبێتە هۆی کارەسات بۆ ئایندەی عێراق و سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی.

میسر ڕێگە لە نەوتی ئێران دەگرێت

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ حکوومەتی میسر ڕێگە بە تێپەڕینی کەشتییە نەوتهەڵگرەکانی ئێران نادات تا لە ڕێگەی کەناڵی سویسەوە نەوتی ئەم وڵاتە بەرن بۆ سووریا، ئەم کارەی میسریش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێران لە ڕێگەی خاکی عێراقەوە نەوتی خۆی بە تەنکەر بۆ سووریا بەڕێبکات. ڕۆژنامەی "ئەلسعودیە ئەلئان"ی سعودیی لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە کە حکوومەتی میسر لە بڕیارێکی لەناکاودا ڕێگەی نەداوە تەنکەرە نەوتهەڵگرەکانی ئێران لە ڕێگەی کەناڵی سویزەوە بڕۆنە سووریا. جیا لەمەش مالپەڕی "فەرارو"ی فارسیی زمانیش سەبارەت بە هەواڵەکەی ڕۆژنامە سعودییەکە نووسیویەتی: حکوومەتی ئێران بەناچاریی لە هەفتەی ڕابردوودا لە ڕێگەیێ عێراقەوە1200 تەنکەر نەوتی ناردووە بۆ سووریا.

هەروەها بە وتەی عیماد خەمیس سەرۆک وەزیرانی سووریاش هەوڵەکانی حکومەتی وڵاتەکەی بۆ کردنەوەی گرێی ئەو کێشەیە لەگەڵ میسر هیچ ئەنجامی نەبووە. مالپەڕی فارسیی زمانی "فەرارو" سەبارەت بەم کردەوەیەی میسر دەڵێت: پێدەچێ دیداری هەفتەی ڕابردووی عەبدولفەتاح سیسی سەرۆک کۆماری میسر لەگەڵ دۆنالد ترامپ سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بووبێت بە هۆی ئەو بڕیارەی حکومەتی میسر.

ئەنجامەکانی ڕووپێوی هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار و شیکردنەوەی کارامەییەکان ڕاگەیەندرا

ڕۆبێر چاو: خاوەنکارانی ئێستا بەدوای شارەزایی جیاوازتر لە جاران دەگەڕێن



بەیانی دوێنێ دووشەمە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی ڕووپێوی هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار و شیکردنەوەی کارامەییەکانی تایبەت بە عێراق و هەرێمی کوردستان لە هۆڵی هۆتێل دیڤان لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو. لە ڕێوڕەسمەکەدا کە چەند وەزیرێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە کۆنسوڵ و بەرپرسانی ڕێکخراو نێودەوڵەتییەکان ئامادەی بوون چەند ئامار و داتایەکی نێو ڕووپێوییەکە خرانە ڕوو کە هەشت بوار لەخۆ دەگرێت.

ئامانج لە پڕۆژەکە بریتییە لە گەشەپێدانی خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی لە پێناو گونجاندیان لەگەڵ بازاڕی کار و پێویستییەکانی.

ڕووپێوییەکە هەردوو وەزارەتی پلاندانانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەڕێگەی دەزگای ئامارەکانییانەوە و بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی یونسکۆ و یەکێتی ئەوروپا ئەنجامییان داوە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی بازاڕ و هەشت بوار لە خۆ دەگرێت.

بەڕێوەبەری پڕۆژەی چاکسازی خوێندنی تەکنیکی ڕاهێنانی پیشەیی لە فەرمانگەی یونسکۆی عێراق ڕۆبێر چاو لەلێدوانێکدا ڕوونی کردەوە: ئەنجامەکانی ڕووپێوی بازاڕی کارمان ڕاگەیاند کە بریتییە لە کارامەییەکانی بازاڕی کار بەمەبەستی ئەوەی زانیاریی بخەینە بەردەست بەرپرسانی فێرکردنی تەکنیکی بۆ ئەوەی کەسانی شارەزا بەرهەم بهێنن ئەوانەی کە بازاڕی کار پێویستی پێیانە.

هەروەها گوتیشی: شێوازی دامەزراندن و دەستخستنی کار جیاوازە ئێستا، خاوەنکارانی ئێستا بەدوای شارەزایی جیاوازتر لە جاران دەگەڕێن، بۆ نموونە لە کۆنگرەی ئابووریی جیهانی پێشبینی دەکات65 لەسەدی ئەو مندالانەی ئەمساڵ چوونەتە بەرخوێندن لە پسپۆرییەک شارەزا دەبن کە جیاوازە لەو پسپۆرییانەی ئێستا هەیە، هۆکاری ئەمەش تەکنەلۆژیا و پێویستی بۆ شارەزایی و لێهاتوویی دیکە، بۆیە لەم ڕووپێوییە لەسەر ئەوە دەوەستین کە بوارەکان چی شارەزای و لێهاتوویان دەوێت.

بەڕێوەبەری پڕۆژەی چاکسازی خوێندنی تەکنیکی ڕاهێنانی پیشەیی لە فەرمانگەی یونسکۆی عێراق ڕۆبێر چاو لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: ڕووپێوییەکە حەوت کەرتی گشتی و کەرتێکی تایبەتی گرتەوە و قسە لەگەڵ2600 خاوەن کار کراوە سەبارەت بەو پرسە و هەموو عێراقی گرتووەتەوە.

هەروەها گوتیشی: کەرتەکان بریتی بوون لە کشتوکاڵ، گەشتیاری، گواستنەوە، بونیادنان، فڕۆشتن بە پارچە و گەیاندن و هی دیکەش، هەر کەرتێک ڕاپۆرتێکی 90 لاپەڕەیی لەسەر ئامادەکراوە و زانیاریی زۆری لەسەر بازاڕی کار لە عێراق تێدایە، پێشبینی دەکەم زانیارییەکان زۆر بەسوود بن بۆ عێراق.

بەپێی ڕاگەیەندراوی ڕۆژنامەوانیی یونسکۆ مەبەست لەم ڕووپێوییە ئەوەیە کە لێهاتووی و کارامەییەکان شیبکاتەوە کە یەکێکە لە پڕۆژەکانی چاکسازیی خوێندن و مەشقی تەکنیکی و پیشەیی و پاش ئەوە ئەم کەرتە بەڕەو پێشەوە بچێت لەڕێگەی پڕۆگرامی نوێ کە وا بکات توانای مرۆیی شارەزاتر بەرهەم بهێنێت بەتایبەت لەوانەی لە بواری خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی بەردەوامی بەخوێندن دەدەن.



وەزیری پلاندانان: ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ 2.2٪ دابەزیوە

وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عەلی سندی ڕایگەیاند، عێراق و هەرێمی کوردستان کێشەی نەبوونی سیستەمێکی دامەزراوەییان هەیە بۆ چاودێریکردنی گۆڕانکارییەکان لە پێویستییەکانی کاردا.

عەلی سندی لە وتارێکدا لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی ڕووپێوییەک لەبارەی بازاڕی کار و شیکردنەوەی کارامییەکان لە عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە گوتی: ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە پێش شەڕی داعش واتە پێش ساڵی 2014 بریتیی بوو لە 5.6 لەسەد، ئەو ڕێژەیە خۆشبەختانە لە کۆتایی ساڵی 2017ەوە بۆ 2.2٪ دابەزی، هەردوو وەزارەتی پلاندانان لە هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسکۆ ڕێککەوتوون بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕیشاندەر و ئەو توانا و لێهاتوویانەی هەن لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە توانای مرۆیی ئەو بۆشاییەی لە بازاڕی کاردا هەیە پڕ بکرێتەوە. عەلی سندی کە بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە وەزیرانی حکوومەتی هەرێم و بەرپرسانی ڕێکخراوە بیانییەکان و کۆنسوڵی چەند وڵاتێک ئەو قسانەی کرد گوتیشی: ئێستا کێشەمان هەیە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەبارەی نەبوونی سیستەمێکی دامەزراوەیی بۆ چاودێریکردنی گۆڕانکارییەکان لە پێویستییەکانی کاردا لە ڕووی هێزی کار یان بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ دابینکردنی شارەزایی داواکراو.

مووسڵ.. ژمارەی قوربانیانی (کەڵەکە)ەکەی دیجلە گەیشتە 121 کەس



ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەی ڕووباری دیجلە لە شاری مووسڵ گیانیان لەدەستداوە، بەرزبووەوە بۆ 121 کەس.

بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانیی ئێزیدخان ڕایگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەی ڕووباری دیجلە لە شاری مووسڵ گیانیان لەدەستداوە، بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 121 کەس. لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانیی عێراق ئاماژەی بەوەداوە کە تیمەکانی بەرگری شارستانیی پارێزگای نەینەوا لە چوارچێوەی بەردەوامی هەوڵەکانیاندا بۆ گەڕان و دۆزینەوەی قوربانیانی ڕووداوی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکە.

جێی باسە لە 21ی مانگی ڕابردووداو، بەلەمێک بە 200سەرنشینەوە لە ناوچەیەکی گەشتیاریی ڕووباری دیجلە لە شاری مووسڵ ژێرئاوکەوت و کە بەپێی دواینێ ئامار تا ئێستا 121کەس خنکاون و هێشتا دەیانی دیکەش بێ سەروشوێنن.

بەرگری شارستانیی پارێزگای نەینەوا لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ گەڕان و دۆزینەوەی قوربانیانی ڕووداوی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکە.

مامۆستایەکی زانکۆ: کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کاریگەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەبێت

پێکهێنانی حکوومەت بەهۆی داواکاری هەندێ لایەنی سیاسی بۆ ئیمتیازات و بەرژەوەندی خۆیان دواکەوت



خەبات: کەنعان بەهادین

دکتۆر هاوژین عومەر، مامۆستای زانکۆ و شرۆڤەکاری سیاسی، ڕایگەیاند: کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کاریگەری گەورەی بۆ سەر ئاڕاستەی گفتوگۆکان دەبێت لەگەڵ بەغدا، هەروەها گوتیشی: کابینەی نێوەم بە هۆی دەستکەوتنی پۆست و ئیمتیازاتەوە دواکەوت و بەداخەوە هەندێ لایەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان گفتوگۆ دەکەن.

دکتۆر هاوژین عومەر، مامۆستای زانکۆ، سەبارەت بە گرنگی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ خەبات ڕایگەیاند: بۆ قۆناغی داهاتووی هەرێم کاریگەری گەورەی دەبێت، بەتایبەت بۆ دانوستاندنەکانی نێوانی هەولێر و بەغدا، هەروەها ئەو مامۆستایەی زانکۆ و شرۆڤەکاری سیاسی، ڕاشیگەیاند: کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ قۆناغی داهاتوو ئێجگار گرنگە بەتایبەت لە ڕووی چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی وەک مادەی 140 و پرسی پێشمەرگە و هەنارەی نەوت و پشکەکانی بوودجەی هەرێم و هەروەها پرسی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان، ناوبراو گوتیشی: بێگومان دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پێگە و گرنگی خۆی هەیە چ لە ئاستی هەرێم یان لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەش شەرعییەتێکی یاسایی هەیە و ناکۆک نییە لەگەڵ دەستووری عێراقی، کە بێجگە لە لایەنی سیمبۆلییەکەی گرنگی سیاسیشی هەیە.

دکتۆر هاوژین عومەر، مامۆستای زانکۆ، سەبارەت بە گرنگی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ خەبات ڕایگەیاند: بۆ قۆناغی داهاتووی هەرێم کاریگەری گەورەی دەبێت، بەتایبەت بۆ دانوستاندنەکانی نێوانی هەولێر و بەغدا، هەروەها ئەو مامۆستایەی زانکۆ و شرۆڤەکاری سیاسی، ڕاشیگەیاند: کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ قۆناغی داهاتوو ئێجگار گرنگە بەتایبەت لە ڕووی چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی وەک مادەی 140 و پرسی پێشمەرگە و هەنارەی نەوت و پشکەکانی بوودجەی هەرێم و هەروەها پرسی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان، ناوبراو گوتیشی: بێگومان دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پێگە و گرنگی خۆی هەیە چ لە ئاستی هەرێم یان لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەش شەرعییەتێکی یاسایی هەیە و ناکۆک نییە لەگەڵ دەستووری عێراقی، کە بێجگە لە لایەنی سیمبۆلییەکەی گرنگی سیاسیشی هەیە.

دکتۆر هاوژین عومەر، مامۆستای زانکۆ، سەبارەت بە گرنگی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ خەبات ڕایگەیاند: بۆ قۆناغی داهاتووی هەرێم کاریگەری گەورەی دەبێت، بەتایبەت بۆ دانوستاندنەکانی نێوانی هەولێر و بەغدا، هەروەها ئەو مامۆستایەی زانکۆ و شرۆڤەکاری سیاسی، ڕاشیگەیاند: کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات لە پێگە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا، بێجگە لەوەش لە ئانوساتی هاتنی شاندە پایە بەرزەکانی دیپلۆماسی بۆ ناوچەکە، کاتێک سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن لە ڕێگەی پڕۆتۆکۆلێکی بەهێزەوە سەرۆکی هەرێم پێشوازیان لێ دەکات. دەربارەی دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ناوبراو گوتی: نزیکەی پێنج مانگە هەڵبژاردنەکان ئەنجامدراوە و کابینەی تازە پێکنەهاتووە، فاکتەر و هۆکاری سەرەکی بۆ دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێەم، ئەوەیە کە ئەوانەی گفتوگۆ لەگەڵ براوەی یەکەم دەکەن، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە، جەخت لەسەر بەدەستهێنانی پۆست و ئیمتیازات دەکەنەوە و بە پێچەوانەی ئەوەی کاریان لەسەر ئەو بانگەشە و بەڵێنانە نەکردووە کە کاندیدەکانیان بانگەشەیان بۆ دەکرد کە دەکرا لە کارنامەی حکوومەتی داهاتوو هەوڵی ئەوە بدەن جێبەجێی بکەن.

پێکهاتەی زەردەشتی داوای کورسیی پەرلەمانی دەکەن

نوێنەری ئایینی زەردەشتی: هاوشێوەی مەسیحی و ئێزیدییەکان ئێمەش مافی خۆمانە کورسیی پەرلەمانمان هەبێت



نوێنەری ئایینی زەردەشتی لە وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای کورسی پەرلەمانی بۆ پێکهاتەی زەردەشتی لە هەرێمی کوردستان دەکات، هاوکات دەشڵێت: لەگەڵ ئەوەی زەردەشت پێمان دەڵێت کە دەبێ ئایین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، بەڵام مافی خۆمانە داوای کورسیی پەرلەمان بکەین.

دەربارە ئاوات، نوێنەری ئایینی زەردەشتی لە وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ دەنگی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە: لەگەڵ ئەوەی زەردەشت پێمان دەڵێت کە دەبێ ئایین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، بەڵام مافی خۆمانە داوای کورسیی پەرلەمان بکەین.

نوێنەری ئایینی زەردەشتی لە وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەشڵێت: هەروەک ئاشکرایە مەسیحی و ئێزیدییەکان لە پەرلەمان نوێنەریان هەیە، ئێمەش بە مافی خۆمان دەزانین کە لە پەرلەمانی کوردستاندا نوێنەرمان هەبێت. بەگوتەی ئاوات دەریا، نوێنەری ئایینی زەردەشتی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان بەپێی ئامارەکانی بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی 300 هەزار کەس وەک زەردەشتی ناویان تۆمار کراوە.

لە هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆر بە پرسی پێکەوەژیانی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان دەدرێت و ئەمەش لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشوازییەکی گەورەی لێ دەکرێت، هاوکات لە شەڕی داعشدا زۆرترین ئاوارەی مەسیحی و ئێزیدیی و شەبەک و پێکهاتەکانی دیکە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، وەک پەناگەیەکی ئارام، هاوکات لە دامەزراوەکانی حکوومەت و پەرلەمان و یەکە ئیداریەکانی هەرێمی کوردستاندا نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکان هەن، ئێستاش پێکهاتەی زەردەشتی داوای نوێنەرایەتی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەن هاوشێوەی مەسیحی و کوردانی ئێزیدی.

پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە شاندێکی باڵای دەستەی خێرخوازی جیهانی ئیسلامی کرد



خەبات ـ سەید فەخرەدین

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگادا پێشوازی کرد لە شاندێکی باڵای دەستەی خێرخوازی جیهانی ئیسلامی کە پێکهاتبوون لە دکتۆر عەبدولا ئەلەعتووق سەرۆکی دەستەی خێرخوازی جیهانی ئیسلامی و شاندی یاوەری .. لە دیدارێکدا کە دکتۆر عومەر ئەلکینەدری کونسوڵی گشتی دەوڵەتی کویت ئامادەی بوو ، باس لە رەوشی مرۆیی و سیاسی عێراق کرا ، ستایشی رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا لە دابینکردنی سەقامگیری و فەرهامکردنی نەوایەکی ئارام و خزمەتگوزاری و فریاگوزاری پێویست بۆ سەدان هەزار ئاوارەو پەنابەر ، لەو بوارەشدا ستایشی یارمەتی و هاوکاریەکانی دەوڵەتی کوەیت کرا کە لە رێگەی دامەزراوەو دەزگا خێرخوازییەکانیەوە هاوکارییەکی زۆری حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە ، دەیان کار و بەرنامەی خێرخوازیان لەهەولێری پایتەخت بەهەماهەنگی پارێزگای هەولێر ئەنجامداوە .. هەروەها بەرنامەی تازەی دەستەی خێرخوازی جیهانی ئیسلامی خرایە روو ، پارێزگاری هەولێریش وێرای ستایشکردنی کاروخزمەتەکانیان، هەموو ئاسانکاری و پشتیوانییەکی خستە روو بۆ سەرخستنی کارو بەرنامەی تازەیان.

سبەی چوارشەممە لەسەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشووی فەرمییە

سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا ڕایگەیاندووە، "بەبۆنەی جەژنی چارشەمبا سوورەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە خوشک وبرایانی کوردی ئێزیدی دەکەین، بەو هیوایەی ئەو جەژنە ببێتە مایەی پتەوترکردنی یەکڕیزی و تەبایی گەلەکەمان". گوتەبێژی حکومەت لە پەیامەکەیدا دەشڵێت: "بەم بۆنەیەشەوە ڕایدەگەیەنین، ڕۆژی چوارشەمە/2019/4/17 لە سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە پشووی فەرمی".

شارەوانی دوکان هۆشداری دەدات

لەڕاگەیاندراوێکدا سەرۆکایەتی شارەوانی دوکان هۆشداری بەهاوڵاتیان دەدات و ڕایدەگەیەنێت ، داوا لە هاوواڵاتیان و گەشتیاران دەکەین بۆ ئەوەی تووشی هیچ جۆرە کارەساتێکی ناخۆش نەبن، نزیک نەبنەوە لە قەراغی شەقامەکە.
لەڕاگەیاندراوەکەی سەرۆکایەتی شارەوانی دوکان ئاماژە بەوە دەکات کە بەسەرپەرشتی پشتیوان ئەحمەد حاتەم، سەرۆکی شارەوانی دوکان و ئیدارەی شارۆچکەی دوکان، بەشی ئامێرەکان و چاکسازی شارەوانیمان چەند تابلۆیەکی ڕێنمایی جێگیر دەکەن.
ڕاشیدەگەیەنن ئامانج لەم کارە بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوواڵاتیان و گەشتیارانە، کە سەردانی هەردوو دەرچەی ئاوی بەندەاوی دوکان دەکەن لە (بێڵ ماوس و سپێڵ وەی) بۆ بینینی دیمەنەکان و وێنەگرتنی.
داواش لە هاوواڵاتیان دەکات، بۆ ئەوەی تووشی هیچ جۆرە کارەساتێکی ناخۆش نەبن، نزیک نەبنەوە لە ڕۆخی شەقامەکە، چونکە ناوچەکە ناستی بەرز و نزمی هەیە و مەترسی لێ دەکرێت.



سەرۆکی شارەوانیی پاریس:

پێویستە لە هاوکاریکردنی کوردستان بەردەوام بین

سەرۆکی شارەوانی پاریس دوای نەوەی حەفتەی ڕابردوو سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و گەڕایەوە پاریس، دەڵێت، لە کوردستان پێشمەرگە بە قارەمانیەتیی خۆی دژی داعش وەستایەوە، ئەمەش تەنیا بۆ پاراستنی خاکی خۆیان نەبوو ، بەڵکو بۆ پاراستنی ئەوروپاش بوو، بۆیە شایانی دانپێدانانن و پێویستە بەردەوام بین لە هاکاریکردنی کوردستان.
خاتوو ئان هیدالگو، سەرۆکی شارەوانیی پاریس، کە حەفتەی ڕابردوو سەردانی هەرێمی کوردستان کرد، دوای گەڕانەوە لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ڕایگەیاندووە: "دوو ڕۆژ دوای گەڕانەوە لە هەرێمی کوردستان دەمەوێت ئاگادارتان بکەمەوە لە پێویستییەکی شاراوە، بەڵام گرنگ لە کاری پاریس، ئەویش ئەو هاوکارییانەی شارەکەمانە کە پێشکەش بە ئاوارەکان کراوە لە نزیک ناوچە کێشەلەسەرەکان و پشت دەبەستێت بە ڕازیبوونێکی سادە، ئەگەر بەڕاستی بمانەوێت چارەسەری کێشەی کۆچ بکەین لە پاریس و فەرەنسا و تەواوی ئەورووپا ئەرکە لە سەرمان بجوڵێینەوە لەسەر خاکی خۆمان و بەرەو ڕووی سەرچاوەکە بچین، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو لە ساڵی 2014 بڕیارم دا بۆ دابینکردنی بڕی 1.3 ملیۆن یۆرۆ بۆ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و هاوکاریی ئاوارە و پەنابەرەکان لە عیراق و سووریا و، ئەو هاوکارییە دەدرێت بەو کەسانەی کە لەدەست تیرۆریستانی داعش ڕایان کردووە بۆ ئەوەی لە نزیکترین شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان سوودی لێ وەربگرن، ئەو کارانەش پاڵپشتیی دیموکراسیی ناوخۆ دەکات و وردە وردە لە ناوچەکەدا ئارامی بەدی دێت."
سەرۆکی شارەوانیی پاریس ڕایشیگەیاندووە: "ئەوە ڕەوشێکی تایبەتە لە کوردستان هەیە و جیاوازیی ئەو ناوچەیە ئەوەیە دەساڵەتداری خۆیەتی لە باکووری عێراق و بە قارەمانیەتیی پێشمەرگە دژی تیرۆرستانی داعش وەستانەوە و سنووری خۆیان بە ڕووی ئاوارەکاندا کردەوە، بەتایبەت بۆ مەسیحی و ئێزدییەکان، قارەمانیەتیی کورد لە دژی داعش و مرۆڤایەتی ئەوان لە بەرامبەر ئاوارەکاندا نموونەیە و، ئەم کارە تەنیا بۆ پاراستنی خاکی خۆیان نەبوو، بەڵکو ئەورووپاشیان پاراست، بۆیە شایانی دانپێدانانن."
خاتوو ئان هیدالگو، ئەوەشی باس کردووە کە ساڵی2015 بۆ یەکەم جار سەردانی هەولێری کردووە و، ئەو کات تیرۆریستانی داعش لە دەرگای شار نزیک بوون و شاری مووسڵیان داگیر کردبوو، لەو کاتەدا پاریس بڕی 550 هەزار یۆرۆی بۆ دەیان پرۆژەی ناوخۆ دابین کرد، لەوانە ئاوەدانکردنی شارەوانیی پاریس، کە ئەمەش ئومێدێکی دروستکردووە بۆ چارەسەری تووشبوانی شێرپەنجە، چونکە ئەوانەی پێشتر تووش دەبوون زۆرینەیان نەدەهاتن بۆ سەنتەرەکانی چارەسەر و پێیان وابوو چارەسەر نییە، بەڵام ئێستا باشترە و چارەسەر دەکرێن و لە ماوەی ساڵێکی تردا، بۆیە پێویستە بەردەوام بین لە هاوکاریکردنی کوردستان، چونکە ئەو بارودۆخە چەند ساڵێک دەخایەنێت، تاوەکو ئاوارەکان بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، ئەوەش دەرگای کێبەرکێیەکی نوێ بۆ کورد دەکاتەوە، بۆیە دەیانەوێت پاریس هاواریان بێت بۆ دەربازبوون لەم ڕەوشە."
سەرۆکی شارەوانی پاریش دەشڵێت: "هەماهەنگییەکانی نێوان پاریس و کوردستان بەردەوام دەبێت کە خۆی لە بواری نوێ دەبینێتەوە، وەک پاراستنی کەلەپوور و پێشخستنی، دەشتوانین پشت ببەستین بە پەیمانگای باڵای کوردی لە پاریس و، لە بواری بنەڕەتییەکانی دیکەدا، وەک پلاندانانی گواستنەوەی سەردەمیانە، هەولێر تووشی هەمان کێبەرکێ دەبێتەوە، ئەوەی زۆربەی وڵاتانی تری جیهان تووشی دەبن، بۆیە دەیانەوێت کار لەگەڵ پاریس بکەن بۆ بەدەستهێنانی سەرەتایەکی باش."

ل زاخو دەست ب ئاڤاکرنا 5 قوتابخانەیان دئێتە کرن



خەبات/ زاخو: ڕێڤەبەرێ پەروەردا زاخو نەزیر یوسف ڕاگەهاند، کو دەست بکارێن ئاڤاکرنا 5قوتابخانەیان ل زاخو هاتیە کرن. ڕێڤەبەرێ پەروەردێ دسیمنارەکێ دا ل سەنتەرێ ڕەوشنەبیری زاخو ودسا زانین کو ئاڤاکرنا وان قوتابخانا دێ هاریکاربیت ژبو سڤکرنا زێدە بونا ڕێژەیا هەژمارا قوتابیان ل چەند خواندگەهێن دەڤەرێ. ژلایەکێ دی ڤە ئاشکەرا کر کو دەڤەرا زاخو سالانە پێدڤی بـ"16" قوتابخانا هەیە داکو ئاریشەیا کێماتیا ئاڤاهێن قوتابخانان بێتە چارەسەرکرن وئاماژەکر کو نها ل زاخو206 ئاڤاهێن قوتابخانا هەنە وبەرامبەر ژی پتر ژ 93 هزار قوتابی ل سنورێ پەروەردا زاخو هەنە. ودا زانین کو ژ ئەگەرا قەیرانا ئابوری یا کو هەرێما کوردستانێ تێدا دەربازبوی ئاڤاکرنا قوتابخانەیا تارادەیەکی بەرچاڤ هاتە راوستاندن دیسان ڕێڤەبەری زاخو نە ڤەشارتن کو وان پێدڤی ب میلاکێ ماموستایان ژی هەیە وهێڤی خواست کو ئەڤ ئاریشەیە ژی ل پاشەروژێ بێتە چارەسەرکن.

وەزارەتی تەندروستی:

ساڵانە سەروو پێنج هەزار کەس تووشی شێرپەنجە دەبن



خەبات ـ سەربە یوسف

ئەمڕۆ 16ی نیسان ڕۆژی ژینگەی کوردستانە، بەو بۆنەوە لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، فەرمانگەی ژینگەی ئەو دەڤەرە چەندین چالاکی جۆراو جۆر ئەنجام دەدا کەخۆی لە ئازادکردنی باڵندەو ڕەنگ ڕیچڕکردنی دیواری شارۆچکەی کەلار و بڵاوکردنی هوشیاری ژینگەیی لە ناوچەگەشتیاریەکان و چەندین چالاک دیکەدا دەبینێتەوە.
چالاک نەجم، لە ڕاگەیاندنی فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، وتی : بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە ڕێکەوتی 16ی نیسان ڕۆژی ژینگەی کوردستانداا لە سنوری ئیدارەی گەرمیان ئەنجام بدرێن.
وتیشی" وەک ڕێزێک بۆ شەهیدان و ڕۆژی ژینگە کە 16ی مانگ دەکا یەکەم چالاکیمان بە ئازادکردنی16 باڵندە دەست پێدەکا، پاشتر لە قوتابخانەی شەهید سەید نوری شانۆگەریەک پێشکەش دەکرێت کە گوزارشت لە دڵسۆزی قوتابیان دەکات بۆ ژینگە. ئەوەشی خستەروو" هەر ئەمڕۆ دیواری دەروازەی کەلار بە چەندین وێنەی ژینگەیی ڕەنگ ڕێژ دەکرێت کەگوزارشت لەجوانکردن و پاراستنی ژینگە دەکات.
ئەو بەرپرسە لە ژینگەی گەرمیان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد " جگە لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری ژینگەیی لە شوێنە گەشتیاریەکان ، هاوکات لە زانکۆی گەرمیان پێشانگایەکی ژینگەیی دەکرێتەوە گوزارشت لە باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکانی گەرمیان دەکات.

ئەمڕۆ.. گەرمیان بە ئازادکردنی باڵندەو ڕەنگڕێژکردنی دەروازەی کەلار، ڕۆژی ژینگەی کوردستان بەرز ڕادەگرێت



وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، زۆرترین شێرپەنجەی بەربڵاو لەنێو پیاواندا لەهەرێمی کوردستان شێرپەنجەی سیپەکان و بۆری هەناسەیە، لەنێو ژنانیشدا شێرپەنجەی مەمکە ، گوتەبێژی وەزارەتەکە د.خالس قادر لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆلو دەڵێت "ساڵانە لەسەروو پێنج هەزار تووشبوونی نوێی شێرپەنجە تۆمارەدەکەین".
لەنێو پیاواندا تووشبوون بە شێرپەنجەی سیپەکان و بۆری هەناسە هۆکاری سەرەکیی جگەرەکێشان و لەنێو ژنانیشدا شێرپەنجەی مەمک شیوازی ژیانە.
سەبارەت بە ئامارەکانی پەیوەست بە تووشبوون بە شێرپەنجە لەهەرێمی کوردستان، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د.خالس قادر رایگەیاند، "نەخۆشی شێرپەنجە یەکێکە لە نەخۆشییە دڕێژخایەنەکان و لەهەمو دونیا ڕێژەی تووشبوون بەم نەخۆشییە لەزیادبوونە ، لەهەرێمی کوردستان ئەگەر ژمارەی تووشبوان بەراورد بکەین بە تووشبوان لە ولاتانی دیکە ئەوا ڕێژە و ژمارەکە کەمترە، لەهەرێمی کوردستاندا لە هەر 100 هەزار کەسێک ساڵانە 95 تا 99 کەس تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبن، بەڵام لە ولاتانی دیکەی دونیا بەپێی داتای ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و دەزگای نێودەوڵەتیی تایبەت بە تۆژینەوە لە نەخۆشی شێرپەنجە سالانە لەو100 هەزار کەسە 200 کەس تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبن، واتە ڕێژەی تووشبوون لەهەرێمی کوردستان سالانە نزیکەی 50 لەسەد کەمترە لەو ڕێژەیەی لە ولاتانی دیکە هەیە". هەروەها گوتیشی "بەڵام بە بەراورد بە سالانی پێشووتر ساڵ دوای ساڵ ژمارەی تووشبوان بە نەخۆشی شێرپەنجە لەهەرێمی کوردستان لە زیادبوونە، ڕێژەیەکی کەمی زیادبوون ساڵ دوای ساڵ هەیە، لە کۆی گشتی لە سێ ساڵی ڕابردوودا سالانە نزیکەی پێنج هەزار و 180 کەس تووشی شێرپەنجە بوون و وەکو تووشبووی نوێی شێرپەنجە تۆمارکراون".
لەدرێژەی قسەکانیدا گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د.خالس قادر هەروەها گوتیشی "ئێمە پلانمان هەیە کە لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەی زیاتری خەڵک ڕێگریی لە تووشبوون، هەروەها دەبێت باس لەوەش بکەین کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان سەنتەرە پزیشکییەکانمان زووتر دەتوانن نەخۆشییەکە دەستنیشان بکەن و سێ سەنتەرەی زۆر گرنگ و پێشکەوتووی دەستنیشان و چارەسەری شێرپەنجەمان هەیە، ئەمەش ئومێدێکی دروستکردووە بۆ چارەسەری تووشبوانی شێرپەنجە، چونکە ئەوانەی پێشتر تووش دەبوون زۆرینەیان نەدەهاتن بۆ سەنتەرەکانی چارەسەر و پێیان وابوو چارەسەر نییە، بەڵام ئێستا باشترە و چارەسەر دەکرێن و لە ماوەی کەمیی ئاوارەکان و، فێرکردنی منداڵان و، دروستکردنی تۆڕی ئاوەڕۆی تەندروست، ئەو هاوکارییەی پاریس بۆ هەزاران ئاوارە کردی، بووە مایەی مانەوەیان لە کوردستان لەژێر سێبەری ژیانێکی بەختەوەردا، بۆیە پێویستە بەردەوام بین لە هاوکاریکردنی کوردستان، چونکە ئەو بارودۆخە چەند ساڵێک دەخایەنێت، تاوەکو ئاوارەکان بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، ئەوەش دەرگای کێبەرکێیەکی نوێ بۆ کورد دەکاتەوە، بۆیە دەیانەوێت پاریس هاواریان بێت بۆ دەربازبوون لەم ڕەوشە."
سەرۆکی شارەوانی پاریش دەشڵێت: "هەماهەنگییەکانی نێوان پاریس و کوردستان بەردەوام دەبێت کە خۆی لە بواری نوێ دەبینێتەوە، وەک پاراستنی کەلەپوور و پێشخستنی، دەشتوانین پشت ببەستین بە پەیمانگای باڵای کوردی لە پاریس و، لە بواری بنەڕەتییەکانی دیکەدا، وەک پلاندانانی گواستنەوەی سەردەمیانە، هەولێر تووشی هەمان کێبەرکێ دەبێتەوە، ئەوەی زۆربەی وڵاتانی تری جیهان تووشی دەبن، بۆیە دەیانەوێت کار لەگەڵ پاریس بکەن بۆ بەدەستهێنانی سەرەتایەکی باش."

کولیژا دهوک یا بەهرەداران فیستیڤاڵەکا زانستی کلتوری وەرزشی سازکر



خەبات ـ دهوک

دوهی سپێدێ 2019/4/15 ل ئامادەیا بژارە ل ژێر دوریشمی بەهرە و داهێنان و ب چاڤدێریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ و ئامادەبونا چەند بەرپرسێن حزبی و ئیداری ڤیستیڤالا زانستی کلتوری وەرزشی یا کولیژا دهوک یا بەهرەداران هاتە سازکرن.

لبەراهیێ هشیار عومەر ڕێڤەبەرێ کولیژا دهوک یا بەهرەداران پەیڤا بخێر هاتنێ و ڤەکرنا ڤیستیڤالێ خاند و گوت: ئارمانج ژڤەکرنا ڤیستیڤالێ ئەوە شیانێن قوتابیان دوارێن جودا جودا بو بەرهەڤبویان بەرچاڤکەین. هەروەسا گوت: سەردرایی چەندین ئاستەنگا کولیژا بەهرەداران شیایە ژمارەکا باش یا قوتابیان پێبگەهین و 19 قوتابی ل کولیژا نوشداری و 15 قوتابیێن دی ل کولیژا ئەندازیاری هاتینە قەبولکرن و بتنێ دوو قوتابی ژبەر هوکارێن تایبەت ڤەماینە و ژلایەنێن بەرپرس خواست کو پشتەڤانیا پتر ل کولیژا وان بکەن. هەربڤێ هەلکەفتی عومەر عەلی تەها ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردێ ل پارێزگەهێ د پەیڤەکێدا دەست خوشی ل ڕێکخەرێن ڤیستیڤالێ کر و سەرکەفتن بو هەمو قوتابی و ماموستایان خواست. پاش پارێزگەرێ دهوکێ پەیڤەک پێشکێشکر و بناڤێ کارگێریا پارێزگەهێ دەست خوشی ل ڕێکخەرێن ڤیستیڤالێ کر و هیڤی خاستن دەرچویێن کولیژێ ئایندێ کوردستانێ ئاڤاکەن.

هەروەسا پارێزگەرێ دهوکێ سوپاسیا هەمو ماموستا و فەرمانبەرێن پەروەردێ کر کو ل سالێن قەیرانێ بەردەوامی دایە پروسا خاندنێ و نەهێلایە براوستیت. هەروەسا تەکەزکر کو دڤێت سازیێن حکومەتێ تایبەتی کەرتێ پەروەردێ مروڤێ کورد دهەمو بوارەکیدا ئاڤاکەت و زانین و زانستێ بکەنە ئالاڤێ پێش ئێخستنا جڤاکێ کورد و دەولەتێ.

پاش سرودا کولیژێ و کورالێ بەهرەداران هاتە پێشکێشکرن.

ل دویڤدا چەندین ڤەکولینێن زانستی دبوارێ کیمیا و فیزیا و بایولوجی و زمانێ کوردی و تکنولوجیا ژلایێ قوتابیێن کولیژێ هاتنە پێشکێشکرن. پاش پێشانگەهێن زانستی و ماتماتیکێ و کەلەپوری و هونەری وەرزشی هاتنە ڤەکرن. هەژی گوتنێ یە ل سالا 2014ێ کولیژا دهوک یا بەهرەداران هاتیە ئاڤاکرن و نوکە 45 قوتابی ل قوناغێن جودا جودا دخوێنن و سیستەمێ وەرگرتنا قوتابیان پشتی قوناغا شەشێ بنەرەتی دهێنە وەرگرتن پشتی تاقیکرنەکا تایبەت پێ دهێتە کرن.

دووەمین خولی پەرەپێدانی گەیاندن سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە کۆتایی هات



ڕۆژی 2019/4/15 لە فێرگەی مەشقی بنەسلاوە لە شاری هەولێر کۆتایی بە خولی پەرەپێدانی ئەفسەر و کارمەندانی گەیاندنی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە کۆتایی هات کە ماوەی دوو هەفتە بەردەوام بوو. رائید فاتح ناسح فەرماندەی خولەکە سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو خولە بە سەنتەری میدیای راگەیاند: خولەکە لە 2019/4/1 - 2019/4/15 بەڕێوەچوو کە بیست و شەش پێشمەرگە و ئەفسەر بەشداریان تێدا کرد، ئامانج لێی پەرە پێدانی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گەیاندنی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە بۆ ئاشنابوون و ڕاهێنان لەسەر هەموو ئەو ئامێرانەی پەیوەندیان بە گەیاندنەوە هەیە. وتیشی: لەو خولە کە لەلایەن مامۆستایانی ناوخۆوە بەڕێوەچوو چەندین وانەی سەردەمیانە پێشکەشکرا و بەشداربووانیش سوودی زۆریان لێ وەرگرتووە. لە کۆتایدا بڕوانامەی خولەکە بەسەر بەشداربووان دابەش کرا و، بڕیارىشە لە داهاتوو خولی لەو جۆرە بەردەوام بێت.

کۆتایی هات بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی: لە میانی دوو هەفتەی ڕابردوودا، سێ کەس لە سلێمانی کوژراون



گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، سەرکەوت ئەحمەد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند کە لە سەرەتای ئەم مانگەوە تا ڕۆژی 14ی مانگ لە شاری سلێمانی چەند تاوانێکی کوشتن و تاوانی تری جۆراوجۆر ڕوویانداوە و لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە چەندین تۆمەتبار دەستگیرکراون.

سەرکەوت ئەحمەد لە بارەی حاڵەتەکانی کوشتنەوە گوتی: "ڕۆژی چواری نیسان لە کافتریایەک لە شەقامی سالم دوو کەس بە هۆی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و دروستبوونی ناکۆکی لەنێوانیاندا یەکێکیان تەقەی لەوی تریان کردووە و کوشتوویەتی لەسەر ئەم تاوانەش دوو کەس دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەکان بەردەوامە، ڕۆژی 10ی نیسان لە گەڕەکی چوارباخ دوو کوڕ و باوکێک لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بووەتە کێشەیان و دوو چەقۆیان لە باوکیان داوە و بەو هۆیەوە گیانی لەدەستداوە و دوای ڕووداوەکەش هێزەکانمان گەیشتونەتە شوێنی ڕووداوەکە و کوڕەکان دەستگیرکراون، ڕۆژی 12ی نیسان-یش لە گەڕەکی مامەیارە هاوواڵتییەک کوژراوە و یەکێکی تریش بریندار بووە و کەسێک لەسەر ئەو ڕوداوە دەستگیرکراوە".

ئەو گوتی: "ڕووداوەکانی کوشتن هەموو لە لای ئێمە ئاشکران و لێکۆڵینەوەکان بەردەوامیان هەیە لەسەر ئەو ڕووداوانە و چەندین کەس دەستگیرکراون و گەڕان بە دوای تۆمەتبارەکانی تریش بەردەوامە، بەڵام دەستگیرکردنی تاوانباران گرنگی و پێویستیی سەردان و بەسەرکردنەوەی چین و تویژەکان و هەوڵ پرسینیان کردەوە.

بەرپرسی لقی 11 چین و تونێژەکانی لە حاجیاوا و سەنگەسەر بەسەرکردەوە



لە بەردەوامیی سەردان و بەسەرکردنەوەی چین و تونێژەکاندا، ڕێکەوتی 2019/4/14 هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندێکی یاوەری، لە هەردوو شارۆچکەی حاجیاوا و سەنگەسەر ژمارەیەک کەسایەتی و ئەندامی پارتی بەسەرکردەوە.

لەو بەسەرکردنەوانەدا بەرپرسی لقی 11 و شاندی یاوەری لە هەوڵی ژیان و گوزەران و تەندروستیانی پرسی و هیوای چاکبوونەوەی بۆ نەخۆشەکان خواست، هاوکات جەختیشیان لەسەر گرنگی و پێویستیی سەردان و بەسەرکردنەوەی چین و تویژەکان و هەوڵ پرسینیان کردەوە.

دووەمین ڤیستیڤالی سالانەی پەیمانگای پولیتەکنیکی سۆران بەڕێوەچوو



لەژێر چاودێری پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کاوە شێروانی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، پەیمانگای پۆلیتەکنیکی سۆران بە هاوکاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سۆران، دووەمین ڤیستیڤالی سالانەی لە ژێر ناونیشانی (کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بناعەیەکی کلتوری و زانستی بەهێزی هەیە) لە سۆران بەڕێوەچوو..

بە ئامادەبوونی عەلی عەونی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 10بەیاوەری ژمارەیەک لە کارگێرانی لق و هەروەها کرمانج عزەت قائیمقامی سۆران و ژمارەیەکی زۆری بەڕێوەبەری حکومی و بەرپرسی حزبی و قوتابیان لە تەلاری پەیمانگای پۆلیتەکنیکی سۆران دووەمین ڤیستیڤالی سالانە بۆ ئەمسال سازدرا، ئەو ڤیستیڤالە بە هەماهەنگی لقی سۆرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان جێ بەجێ کرابوو، سەرەتای ڤتیستیڤالّ لە هۆڵی پەیمانگا دوای هەریەک لە وتەکانی ڕاگری پەیمانگاو سەرۆکی زانکی پۆلیتەکنیکی هەولێر و بەرپرسی لقی سۆران یەکێتی قوتابیان، بەچەندین گۆرانی فۆلکلۆر هۆڵەکە پر لە جۆش و خرۆش کرا، پاشان میوانان لە هۆڵی پەیمانگا بینەری چالاکی زانستی قوتابیانی پەیمانگا بوون و دواتر تەواوی کارە زانستیەکانی ئەو پەیمانگایە سەرنجی میوانانی بۆخۆی ڕاکێشا، لەبەشی دووەمی ڤیستیڤالّەکەدا لەلایەن قوتابیانەوە ئامادەسازی کلتوری کوردی هەر لە ئاهەنگ و پیشەی دەست و ڕستن و چنین و خواردنی کوردەواری نمایشکران و میوانان بە تامەزرۆوە بینەری بوون، لە کۆتاییشدا تەواوی برگەکانی ڤیستیڤالّەکە جێگای بایەخی ئامادەبوان بوو، هەروەها لای خۆشەیەوە لەلایەن هەریەک لە دکتۆر کاوە شێروانی ڕاگری زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێرو مامۆستا پاکستان عەلی ڕاگری پەیمانگا و مامۆستاو کارمەندانی زانکۆ و پەیمانگا خۆشحاڵی خۆیان نیشاندا بۆ ئەو ئامادەبوونەی میوانان.

پرسەو سەرەخۆشی

بەڕێز کاک دکتۆر دیار خالد بەکر

هەواڵی دواکۆچی باوکی بەڕێزتان خەمباری کردین، بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - دهۆ هاوخەمی خۆمان دەردەبڕین و لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێزیشەوە پرسە و سەرەخۆشی لە تەواوی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزمان و دۆستان دەکەین.

باوکی بەڕێزتان، خوالێخۆشبوو (خالد بەکر ئەیوب) یەکێک بوو لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی کوردستان و هەر لێرەشەوە پرسە و سەرەخۆشی لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین. گیانی ئارام و دواخەم بێت.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
2019/4/14

لەبەر زۆری خواست لەسەر بەنزین نرخی بەنزین گران بووە!



بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی بەنزین لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان:

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

ماوەیەکە هاوڵاتیان گللەیی و گازندەیان لە گران بوونی بەنزین هەیە و لە بەشێکی زۆری وێستگەکانی بەنزین نرخەکان گران بووە و بۆتە 675 دینار ئەگەرچی پێشتر نرخی یەک لیتر بەنزین لە نێوان 550 بۆ 580 دینار بوو دوای هاتنی وەرزی بەهار و گەشت کردن خواست لەسەر بەنزین زۆر بوو لەڕۆژانی بۆنەکان و لەکاتی خۆش بوونی کەش و هەوا خەڵکێکی زۆر ڕوو لە دەرەوەی شار دەکەن بۆیە نرخی بەنزین گران بوو لە ڕاپۆرتەدا ژمارەیەک لە هاوڵاتیان سەبارەت بە گران بوونی نرخی بەنزین قسەیان بۆ کردین.

بۆچی لایەنە پەیوەندیدارەکان لێپرسینەوە لە گرانبوونی نرخی بەنزین ناکەن

کامەران محەمەدی شوفێر گوتی: پێشتر نرخی بەنزین هەرزان بوو ماوەی چەند ڕۆژێکە نرخی بەنزین گران بووە لە نێوان 650 بۆ675 دینارە دیارە ئەو نرخەش گرانە بۆ هاوڵاتیان پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆنترۆڵی ئەو نرخە بکەن بۆ ئەوەی نرخەکە گرانتر نەبێت.

مام سادقی شوفێری تاکسی گوتی: ئێمەی خاوەنی تاکسی ڕۆژانە بەنزینێکی زۆر سەرف دەکەین و کاری تاکسیش کەم بووەو پارەیەکی کەم ئیش دەکەین بۆیە پێویستە نرخی بەنزین هەرزانتر بێت.

مام کەریمی شوفێر گوتی: لەوەتەی بەنزین گران بووە کاری ئێمەی تاکسی کەم بووە بۆیە هەق وایە نرخی بەنزین هەرزانتر بێت.

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی بەنزین لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەڵێ: خواست لەسەر بەنزین زۆر بووە.

دەربارەی گرانبوونی بەنزین گەیلان جەمال بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی بەنزین لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ڕونیکردەوە: ئێمە لە کۆنترۆڵی بەنزین ڕۆژانە پشکنین بۆ بەنزین دەکەین و ئەوانەی خۆیان بەنزین دەهێنن بۆ لای ئێمە ئەوا ئامێری پێشکەوتوومان هەیە بۆ پشکنینی بەنزین جگە لەوەش ئوتومبێلی تایبەتیشمان هەیەو لەسەر وێستگەکانی بەنزین دەگەڕێن بۆ ئەوەی پشکنین بۆ بەنزین بکەین و نمونەی بەنزین وەردەگرین و ئەنجامەکەشی بە خاوەنی وێستگەکانی بەنزین دەدەینەوە دەربارەی گران بوونی نرخی بەنزینیش گوتی: هۆکاری بەرزبوونەوەی بەنزین بۆ زۆربوونی خواست لەسەر بەنزین دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی وەرزی بەهارەو ڕژانە هاوڵاتیان ڕوو لە دەشت و دەر دەکەن بۆ سەیران و گەشت کردن و بازار نازادەو ناتوانین ڕێگری لە بەنزینخانەکان بکەین دەکرێ هەرخاوەن بەنزینخانەیەک لەلای خۆی نرخەکان هەرزان بکەن کاری ئێمە زیاتر پشکنینی بەنزینە.

سەرۆک بارزانی و چرکەساتە چارەنووسسازەکان



د . مستەفا زەنگنە

زۆر جار جەنابی سەرۆک لەدیمانە و کۆبوونەوە جەماوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە بەڕێزیان هەرشتێک بن و لەهەر پۆستێکدابن ئەوا هەرپێشمەرگەن و ئەو ناوەش بۆ ئەو جێگای شانازییە. بەحوکمی ئەوەی من لەشۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە دوور یان نزیک ئاگام لەڕێڕەوی شۆڕش و ساردی و گەرمییەکان بووە، کە کاک مسعود لەسەرەتای تەمەنییەوە تاوەکو ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت پێشمەرگە بووە.

لەساڵی **1974** یشەوە من دەیناسم ، کەڕۆڵی بەرچاوی لەبزوتنەوەی کوردایەتیدا گێڕاوە تەنانەت لەڕێکەوتنامەی یازدەی ئازاردا . هاتە بەغداو سەردانی بەشی زمانی کوردی کردو یەکمان بینی ، لەدوای کۆچی بارزانی نەمر کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو هەموو ئەرکەکان کەوتنە سەرشانی کاک مسعود بەڕاستی بێ سڵکردنەوە و بەگۆڕم و تینێکی نوێ و پاک و مەردانەو کوردانەوە شانی دایەبەر ئەو بارەگرانەو توانی قۆناغێکی نوێی خەبات بخوڵقێنێ ، بەبێ ئەوەی سڵ لەبارودۆخی دژوار بکاتەوە ، هەر لەسەرەتاوە سەرکردەیەکی هەڵکەوتوو ڕاستگۆو بوێرو خاوەن پلان و کارێزما بووە ، ئەمانەش وایان کرد دۆست و دوژمن حیسابی بۆ بکەن و بەسەرکردەیەکی خاوەن قەزییەو کۆڵنەدەر مامەڵەی لەگەڵ بکەن و لەهەموو سەردەم و باردکدا حیسابی سەرۆکی دەوڵەتی بۆبکەن و بەپێی پرۆتۆکۆڵی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ بکەن ، ئەم ڕاستییانە ڕەنگڕێژی کەسایەتییەکی جێگیرو خاوەن تێڕوانینێکی مەودا درێژە بۆیە توانی بەو شێوەیە دەرکەوێت، لەمێژووی ژیانی پڕشکۆی سەرۆک بارزانیدا ، نەیارانی کورد چەندین جار هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەریی کاک مسعود یان کردووە . بەڵام هەڵوێستی دروست و نەگۆڕو ڕاستگۆیی ئەو وایکردووە ، هەم خودا بیپارێزێ و هەم لەبەختی کورد پارێزراوبێت ، بۆئەوەی سروشتی بوون بیسەلمێنێ کەهەردەبێ هەق و ڕاستی سەربکەون.

گومان لەوەیدانییە مرۆڤ بەهەڵوێست و نییەت و کردارو گوتارەکانی دەناسرێتەوە . ئەوانەش پێوەری تاکی شۆڕشگێڕو پێشەنگەکانە کەبەڕێزیان لەسەر ترۆپکی ئەو شکۆیانەدا دیارو کارێزماو نەگۆڕن .. لەکاتی تەنگانەو کێشەکاندا لەکاتی قەیران و بوونی ئاریشەکاندا ، جەنابی سەرۆک کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکان و هێزی ڕامالینی بەربەستەکان و دەستی پێکردنی چرای ڕەوانەوەی خەمەکان بووە ، کەسێک بووە قەت شێلونەبووەو لەچرکە ساتە سەختەکاندا ، بیرکردنەوەی وردو بۆ چوونی دروست و چارەسەری لۆجیکی لەلای ئەو لەدایک بووە و ، بیرێکی وەبەرهێنی دۆزینەوەی ڕێگا چارەکان بووە .

هەرکەسێک شارەزای مێژوونەبێ و ئاگای لەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردنەبێ ، زانیاریی سەبارەت بەکەسە کاریزماو شۆڕشگێڕەکانی وەکو سپارتاکۆس و ماندێلا و غاندی و مۆکیۆس نەبێت ، ناتوانێت لەشۆڕشگێڕو کاریزمای سیاسەتی ئەم سەردەمە بگات و ناشتوانی مافی تەواوی کارامەی و ڕاستەڕێیی و دلسۆزی و نەتەوە ویستی جەنابی سەرۆک وەکو خۆی ببینێ.

زۆرن ئەوانەی دژی بیرو هەڵوێستەکانی کاک مسعود وەستان کەچی زۆری نەبرد پەشیمان بوونەوەو تەنها شەرمەزاریان بۆ مایەوە.

زۆرن ئەوانەی هەڵوێستی دژایەتیکردنی هێڵی خەباتی نەگۆڕی کاک مسعودیان کرد ، کەچی هێندەی نەبرد ئەوانە خۆیان لە بەرەی دوژمنانی کوردو مافە ڕەواکانی نەتەوەیەکدا دۆزیبەوە ن زۆرن ئەوانەی ، لەڕێبازی پارتەکەی کاک مسعود جیا بوونەوەو سەنگەریان لێداو ، تەقەیان لێی کرد ، کەچی ڕۆژگار سەلماندی هەوڵەکانیان لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندابووەو بەوکارە تەنها خزمەتی دوژمنانی کوردیان کردووەو بوونەتە هۆی لاوازکردنی بزوتنەوەکەمان و خوازی نەتەوەکەمان و نەیانتوانیوە بەردێک بخەنە سەر بەردێک و گۆڕمێک بەدۆزی کورد بدەن . بەڵکو بونەتە لەمپەرێکی نەخوازراو.

وەکو خۆیندنەوەیەک بۆ کەسایەتیی جەنابی سەرۆک دەبێ دان بەوەیدابنێین کەوەکو خۆی کەسێکی ڕاستگۆ و پاک و دڵسۆزی نەتەوەو پێشمەرگەیەکی گیان لەسەر دەستە ، ئەوا سڕو نهێنییەکی خوداییش هەیە کەدەیپارێزێ و لەنێو ئەو هەموو لوغمانەی نەیاران و تەلەکەبازییەی دوژمنان دەری دەهێنێ و دەست ئەداتە بالّی و ، ئەویش لەجاران سوورترە لەسەر هەڵوێستە کوردانەو مەردانەکەی یەکێک لەسیفاتە گەشەکانی مرۆڤی کاریزما ، کۆڵنەدانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی نەخشەی بۆ کێشاوەو لەهەموو بارو ئان و ساتێکدا ، ئەو ڕوونتر ڕێگاکان دیاری دەکات و دەیان بینێت.

سیفەتێکی کەی کەسی کاریزما ئەوەیە لەچرکەساتە هەستەوەرو چارەنووس سازەکاند ناشێوێ و توانای بڕیاردانی هەیەو ، هەنگاوانەکانیشی لەئەنجامدا بۆ بەرژەوەندی ئامانجەکان دەبێت کە ئەمە یەکێکە لەڕوونترین سیفاتەکانی کاک مسعود.

کەسی کاریزما دووجار لەلووت بەرزی و خۆ بەزل زانین و بیرو هەستی بۆ بونیاتنانی گیانی نەتەوەکەیەتی دەکەوێ ئەم حاڵەتە بەڕوونی لەجل و بەرگ و قسەکردنەکانی لەکاتی دیدارەکانی تەوێژەکانی کۆمەڵداو تێکەڵبوونی لەگەڵ خەم و خەباتی پێشمەرگەدا بەدی بکرێت کە هاوتەریبن لەگەڵ کراوەکانیدا.

کاک مسعود چیایەکی لەبن نەهاتووە لەکەسایەتیی بەهێزو دەروونێکی نەشڵەژاوو عەقڵێکی داهێنەرانەی جۆری خەباتکردن و تێگەیشتن لەمافی میللەت و لەنەفسییەتی خراپی دوژمنان هەرئەمەش وایکرووە زۆر بەباشی لەو سەرکردەو کەسایەتییانە بگات کە سەردانی دەکەن و دەیانەوێ ڕێکەوتننامەی لەگەڵدا واژوو بکەن و وەعدی دەدەنێ و قسەی بریقەدار دەکەن ، بەڕێزیان خۆیندنەوەی تەواو بۆ کەسەکان و حاڵەتەکان و باری بینین و ژینگەی سەردانەکان دەکەن بۆیە ، هەموو گۆڕانێک لای بەرامبەرەکانی لەلای بەڕێزیان پێشتر حیسابی بۆ کراوەو بەباشی پەیی پێبردووە . خۆی هەمیشە لەمەوقیعی ڕاستگۆیی و خاوەن قسەی خۆیدا بینیوە و ئەوانەشی لەخانەی ڕەنگۆزین و قسەگۆڕیندا بینیوە ، ئەمەش خاڵێکە کەزۆرجار ئاماژەی پێکردووە.

(کەمرۆڤی سیاسی دەبێ خاوەنی قسەکانی خۆی بێت) ئەمەش وای کردووە هەموو ئاماژەکردنی بەهەربارو حاڵەتێک و هەڵوێستێک و هەنگاوێگ ، سەرچاوەکەی لەڕاستگۆییەوە بێت و ڕێگای بەوە نەداوە کەسیاسییەکی عێراق و دەرەوەش پێی بڵێن تۆ وات وت بەڵام وا تکرد . دیارە ئەم سیفەتە پۆزەتیفە لەکەسایەتیی سەرۆکدا دوو جۆر خۆێندنەوەی بۆ دەکرێت ، لەلای ئەوانەی کە هەناسەی سیاسەتیان کورتەو لەحازر بەدەستی دەگەڕێن و سیاسەت بەجۆرێک لەهەڵخەڵەتاندن دادەنێن ،دیارە ئەم جۆرە ڕاستگۆییەی کاک مسعود بەباش نازانن . بەڵام جۆری دووەمی خۆێندنەوەکە کەبەپێی بۆ چوونی من ڕاستترو دروستترە چۆن کاتێک ئەخلاق لەسیاسەت دووخرایەوە ئەوکات تەنها کۆشش و ئەتککردن دەبنە سیمای سیاسەت ، کەئەمە بەهیچ جۆرێک لەمێژووی خەباتی جەنابی سەرۆکدا بوونی نییەو ناشی بێت ، لەکۆی ئەم خستنە ڕووانەی ڕاستییەکاندا پێویستە ئەوانەشی وا هەر لەوگۆڕە رقیان لەکاک مسعودە ، بەخۆیاندابێنەوە ، کەمێک ویژدانیان بخەنەکارو ، سەیری ئەوە بکەن کەبۆچی هەموو دووژمنان مافی کورد بەڕێز کاک مسعود بەپیاوی سەرسەختی کوردایەتی دادەنێن و کودەتای لەدژ دەکەن و درۆی بۆ هەڵدەبەستن و بەوان بێت ڕۆژێک زووترلەناویشی بەرن ؟ با جارێک بەراوردی هەڵوێستی نەگۆڕی خەمخواردنی مافەکانی کورد لای بەڕێزیان و ئەو خەرکە سیاسیانە بکەین ، کەهێشتا لەسیاسەت و میژووی خەباتی نەتەوەیی و بوونی ئاستەمەکان نەگەیشتوون .. بابزانن خەباتکردن بۆ مافی میللەتێکی مەزلووم لەوقسانەدا کۆنابێتەوە کەدەڵێی بڵقی سەرئاون و هیچیان لێ پێک نایەت جگە دژایەتیکردنی بێ مانای ناوەڕۆک دژ بەڕاستییەکان . بۆیە هەق وایە بۆ ئەم قۆناغە ، هەموومان پێشەوایی کاک مەسعودمان پێ قبوڵبێبێ ، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ قەبارەو بوونی خۆشمان بپارێزین ئاشکرایە بەڕێزیان هیچ کاتێک لاوازی و پەرتەوازە بوونی حزبە کوردییەکانی پێباش نەبووە ، بەقەد ئەوەی کاری لەسەر یەکڕیزی و یەک هەڵوێستی کردووە بۆیە ئێستا کاتێکی گونجاوو ڕەخساوە باشتر وایە برا گەورەیەکمان هەبێ ، بۆ ئەوەی خەڵکیش بەگەورەیی سەربی هەریەکێک لەئێمە بکات و بەمەش شکۆ بۆ نەتەوەیەک و بونیادنان بۆ چوونی من ڕاستترو دروستترە چۆن کاتێک ئەخلاق لەسیاسەت دووخرایەوە ئەوکات تەنها کۆشش و ئەتککردن دەبنە سیمای سیاسەت ، کەئەمە بەهیچ جۆرێک لەمێژووی خەباتی جەنابی سەرۆکدا بوونی نییەو ناشی بێت ، لەکۆی ئەم خستنە ڕووانەی ڕاستییەکاندا پێویستە ئەوانەشی وا هەر لەوگۆڕە رقیان لەکاک مسعودە عێراق لە زەوی و ئاسمانەوە، هێزە ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ بەشداربوون لەوانە فەیلەقی یەک کە بارەگاکەی لە کەرکووک بوو لەگەڵ فەیلەقی پێنج کە لە هەولێر بوو، هێزی ئاسمانی، هێزی تایبەت، گاردی کۆماری، هێزەکانی مەغاویر، فەرمانگەکانی ئەمن و هەواڵگری و هەواڵگری سەربازی و جاشەکان، بەشەکانی چەکی کیمیاوی و بایولۆجی سەربازی هەموو فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان خرابوونە خزمەتی ئەو شاڵاوەوە. ئەنفال پڕۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراوی ڕژێمی بەعس بوو ،کە هەر لە دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی بەعس ،لابالّی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حسێن بیرۆکەی کۆنترۆڵ کردنی هەموو عێراق بە هەر شێوازێکی دەسەڵات بێت جێبەجێ بکرێت .بۆ ئەم بیرۆکەیەش چەندین جۆری دەسەڵاتیان پەیرەو کردووە .حیزبی بەعس وەک ئایدۆلۆژیا کە مشیل عەفلەق داڕێژەر و پەیامبەرەکەیەتی لە نێو ووتەکانیدا پڕ لە بیرۆکە و ئاماژەی شۆڤێنیەتی و درندایەتی. جینۆساید بۆ لایەنی تاوانبار، زیاتر لەلایەن نەتەوەپەرستە دەسەڵاتدارە زاڵخوازەکان بەکاردەهێنرێت وەکو تووندترین ئامراز بۆ چەسپاندنی بالادەستی نەتەوەیی بەسەر کەمایەتیە نەتەوەیی و ڕەگەزەکانی تر ئەویش بەلەناوبردنیان یان کەم کردنەوەیان، بۆ لایەنی قوربانیش کە زیاتر نەتەوەو کەمینە ژێردەستەکان دەگرێتەوە، دەبێتە ناسنامەیەک و بنەمایەکی هاوبەش بۆ خۆپاراستن و بەدەستهێنانەوەی مافەکان، بۆیە لەنێوان جینۆساید و نەتەوایەتی، پێوەندی کاریگەری ناسنامە هەیە، بەتایبەت لەسەدەی ڕابردوو کە سەردەمی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و مللانێی نەتەوەکان بۆ بالادەستی و داڕشتنی نەخشەی نەتەوەیی و دەوڵەت لەسەر بنچینەی هێزو سەپاندن و لەناوبردن یان لاوازکردنی نەتەوەو ڕەگەزی تری زۆری بەخۆوە بینی کە چەندین تاوانی جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزیی لێکەوتەوە و پێوەندی نێوان جینۆساید و نەتەوایەتی ڕوونتر دەرکەوت، لەم سەدەیەشدا هێشتا درێژەی هەیە.بۆ کوردو کوردستانیش، جینۆسایدی گەلی کوردستان، بۆتە بنەمایەکی ناسنامەی نەتەوایەتی و ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی وەرگرتووە و بایەخێکی زۆری هەیە لە پرسە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانداو ، لە گرێدانی هەستی هاوبەشی تاک و گرووپەکان، دەکرێت گەشە بەو بنەمایە بدرێت بۆ پتەوکردنی هەست و ئاڕاستە و ئامانجی نیشتیمانی و نەتەوەیی و دەبێ ئەو کارەساتە ببێتە هەوێنی یەکریزی و پتەوکردنی خەباتی کوردایەتی بۆ گەیشتن بە مافەرەواکانمان..



ئاسۆ جمیل شێخ وەسانی

32هەمین ساڵیادی کیمیابارانی گوندی شێخ وەسان

32 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە ئێوارەی 1987/4/16 ڕژێمی لەناوچووی بەعس بۆیەکەمجار چەکی کۆکوژی لەناوچەکانی خۆشناوەتی و بەتایبەت هەردوو گوندی (گوندی شێخ وەسان) شارۆچکەی باڵیسان بەکار هێنا بەهۆیەوە نزیکەی 6 کەس شەهید بوون و5 کەسیش بریندار بوون ژمارەی شەهیدانی ئەم کارەساتە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان نزیکەی ٥٠ %ی خەڵکەکە بوو ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە ڕژێمی لەناوچووی بەعس زۆر بە چڕی بۆردومانی ناوچەکەی کردووە، لەم بۆردوومانەدا تەنها مرۆڤەکان زەرەرمەند نەبوون بەڵکو زیانێکی زۆر بە ژینگەی ناوچەکە کەوتوو زیانێکی زۆر بەر ڕەزو باخی ئەم ناوچەیە کەوت و سووتان، بگرە ژمارەیەکی زۆر لە باڵندە و ئاژەڵ مردار بوونەوە بەهۆی بەکارهێنانی ئەم چەکە کۆکوژە ، تا ئێستاش کاریگەری ئەم چەکە کۆکوژە هەر ماوە ، لە لایەکی تریشەوە ئەو گازانەی کە بەکار هاتوون لەگەڵ چەکەکەدا لەم ناوچەیە بریتین لە (خەردەل و سارین)-خەردەل- ئاوێتەیەکی کیمیایی کە لە پۆلێنی ئاوێتە ئەندامیەکانە کە پێیان دەوترێت (سیۆلەکان) بە پێی توێژینەوەی زانایانی بواری کیمیا ئەم مادەیە دەبێتە هۆی سووتان لە پێست و سکچوون لە کاتی هەڵمژینی زیان بە چاوو سیەکان و پێستیش دەگەینێت وە هەروەها زیان بە خانەکانی دروستکردنی خوێن دەگەینێت . - سارین- ئەم مادەە کیمیایە ڕادە ژەهراویەکەی زۆر بەرزە لە دۆخی شلی و گازیدا، ئەم مادەیە بە پێی تووێژینەوەی زانایان هێرش دەکاتە سەر کۆ ئەندامی دەمار سارین دەبێتە هۆی مردن لەماوەی چەند خولەکێک و پاش بەرکەوتن توانای چوونە ناو لەشی هەیە لە ڕێگای کۆئەندامی هەناسە و هەرس و چاوو پێست ڕژێم ئەم دوو مادەیەی لەکەڵ بۆنی سێو تێکەڵ کردبوو بۆ ئەوەی ژمارەی قوربانیان زیاتر بێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە ساتەوەختی بەکارهێنانی ئەم چەکە کۆکوژە باران باریوە کاریگەری ئەوتۆی نەبووە لەسەر زیادبوونی ژمارەی قوربانیان .

لە 32ساڵیادی ئەم کارەساتە، سڵاو لە گیانی شەهیدانی کیمیابارانین گوندی (شێخ وەسان) و هەموو شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، سڵاو لە خەڵکی شۆڕشگێر و خەباتکار و نیشتیمان پەروەرانی (شێخ وەسان)، ئەم کارەساتە بریندکی قوڵە لەجەستەی کوردایەتی کەهەرگیز ساڕێژنابێت و هەرگیز لە بیر ناکرێت.

ئەنفال پڕۆسەیەکی گشتگیربوو بۆ جینۆساید کردنی گەلی کورد



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

نەیاران و داگیرکەرانی کوردستان بەدرێژایی مێژوو، دەیان کارەساتی مرۆڤایەتییان لە دژی گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەنجامداوە، کە یەکێک لە درندەترین ئەو شێوازانە، پڕۆسەی گشتگیری بەدناوی ئەنفالی گەلی کورد بوو لە ساڵی **1988**.



لەنێوان جینۆسایدو ناسنامەی نەتەوایەتی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆو قووڵ هەیە، بەشێوەیەکی گشتی، بۆ ناسنامەی نەتەوایەتی چەندین بنەما باو و گرنگن، لەوانە: زمان، خاک، مێژوو، کەلتوور، نەژاد، ئایین کە بەدرێژایی کات پێکەوە لای تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەبنە ناسنامەو هەست و ئامانجی هاوبەش و پێناسەیەک بۆ خۆپاراستن و پەرەسەندن لای ئەو کۆمەڵە نەتەوەییە پەیدا دەکەن و دەبن بەهێزێک و ، بۆ ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییەکانی ئەو نەتەوەیە ، بەو پێیەی خۆی تێی دەگات و دەبێتە هەست و گیانێکی هاوبەش، دەبزوێت یا دەبزوێنرێت. هەر کاتێک کە هەڕەشە لەسەر تەواوی یان بەشێکی بنەمای نەتەوایەتییەکان دروست دەبێت ئەوە هەستی ناسنامەی نەتەوایەتی لای تاکەکانی ئەو نەتەوە یان ڕەگەزە هەڕەشەلێکراوەکە بەهێزتر دەبێت، جینۆسایدە کە بەمەبەستی لەناوبردنی نەتەوەیەک یا ڕەگەزو گرووپێکی جیاواز ئەنجام دەدرێت، ئەمەش گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر مانی ناسنامەی نەتەوایەتی، بۆیە جینۆسایدو ناسنامەی نەتەوایەتی. پڕۆسەی ئەنفالی بەدناوی گەلی کورد پڕۆسەیەکی گشتگیری پیلان و بەرنامەبۆدارێژراوبوولەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشیستی ڕووخاوبی بوو کەبەچەندقۆناغێک تەسفیروتەهجیری ناوچەجیاجیانی کوردستانی گرتەوە لەخانەقینەوە تاکو زاخۆ وئیستغلال کردنی چەند ئایەتێک لەسوڕەتی ئەنفال لە قورئانی پیرۆز وشەرعیەت دان بەئەنجامدانی ئەوتاوانە قێزەوەن ولەبیرنەکراوە لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆشدا هەشت هەزاربارزانی ئەنفال کردکەڕەقەمی تاوانەگەورەکانی بەرامبەربەکوردگەورەترکردبەبەر چاوی جیهان بەتایبەت ئەوانەی لافی دیموکراسیان لێ دەداوبەناوی ئازادی مرۆڤ ومافی مرۆڤ کەچی بێ هەڵوێست وبێ دەنگ بوون لەهەمبەرتاوانێکی نامرۆڤانە کەبۆیەکەم جارە دەوڵەتێک هاوڵاتیانی بەوشێوازەنامرۆڤانەیە ئەنفال لە - **1988**وە دەستی پێکردو بە هەشت قۆناغ ئەنجامدراو لە **6**ئەیلولی ساڵی **1988** و دوای ڕوخانی ڕۆژبەی گوندەکانی کوردستان کۆتایی هات و تیایدا هەزاران هاوڵاتی کورد کۆژران و بێسەروشوێن کران.ئەنفال پڕۆسەیەکی گشتگیربوو بۆ لەڕیشەوە هەڵتەکاندنی نەتەوەی کورد و بچووککردنەوە و توانەوەی لەشۆڤێنیزمی عەرەبی، ئەو شاڵاوە لە **9**ی شوباتی ساڵی **1988** دەستیپێکرد و شەشی ئەیلوولی هەمان ساڵ کۆتا ڕۆژی پڕۆسەکەبوو ، لەو هەڵمەتانەدا هێزەکانی سوپای سارێژ نابێ نەوە لە دوای نەوەی کورد، وەک یادەوەریەکی تاڵ لە مێژووی کورد، یادی دەکەنەوە لە هەمان کات تاجی سەروەری کوردە لە پێناوی ئازادی و سەرفرازی. بەعسیەکان بەنیازی کۆمەڵکوژی کورد لە پڕۆسەیەکی بێ وێنەی نامرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەم. ڕەوایی دان بەو کارە لە ژێر ناوی ئەنفال ئەنجامیان دا.لەساڵی**1988** یش پڕۆسەی ئەنفال بەسەر کوردا هات، ئەنفال بە یەکێک لەتاوانە گەورەکانی مرۆڤایەتی دادەنرێت هاوشێوەی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان، عێراق لە زەوی و ئاسمانەوە، هێزە ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ بەشداربوون لەوانە فەیلەقی یەک کە بارەگاکەی لە کەرکووک بوو لەگەڵ فەیلەقی پێنج کە لە هەولێر بوو، هێزی ئاسمانی، هێزی تایبەت، گاردی کۆماری، هێزەکانی مەغاویر، فەرمانگەکانی ئەمن و هەواڵگری و هەواڵگری سەربازی و جاشەکان، بەشەکانی چەکی کیمیاوی و بایولۆجی سەربازی هەموو فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان خرابوونە خزمەتی ئەو شاڵاوەوە. ئەنفال پڕۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراوی ڕژێمی بەعس بوو ،کە هەر لە دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی بەعس ،لابالّی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حسێن بیرۆکەی کۆنترۆڵ کردنی هەموو عێراق بە هەر شێوازێکی دەسەڵات بێت جێبەجێ بکرێت .بۆ ئەم بیرۆکەیەش چەندین جۆری دەسەڵاتیان پەیرەو کردووە .حیزبی بەعس وەک ئایدۆلۆژیا کە مشیل عەفلەق داڕێژەر و پەیامبەرەکەیەتی لە نێو ووتەکانیدا پڕ لە بیرۆکە و ئاماژەی شۆڤێنیەتی و درندایەتی. جینۆساید بۆ لایەنی تاوانبار، زیاتر لەلایەن نەتەوەپەرستە دەسەڵاتدارە زاڵخوازەکان بەکاردەهێنرێت وەکو تووندترین ئامراز بۆ چەسپاندنی بالادەستی نەتەوەیی بەسەر کەمایەتیە نەتەوەیی و ڕەگەزەکانی تر ئەویش بەلەناوبردنیان یان کەم کردنەوەیان، بۆ لایەنی قوربانیش کە زیاتر نەتەوەو کەمینە ژێردەستەکان دەگرێتەوە، دەبێتە ناسنامەیەک و بنەمایەکی هاوبەش بۆ خۆپاراستن و بەدەستهێنانەوەی مافەکان، بۆیە لەنێوان جینۆساید و نەتەوایەتی، پێوەندی کاریگەری ناسنامە هەیە، بەتایبەت لەسەدەی ڕابردوو کە سەردەمی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و مللانێی نەتەوەکان بۆ بالادەستی و داڕشتنی نەخشەی نەتەوەیی و دەوڵەت لەسەر بنچینەی هێزو سەپاندن و لەناوبردن یان لاوازکردنی نەتەوەو ڕەگەزی تری زۆری بەخۆوە بینی کە چەندین تاوانی جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزیی لێکەوتەوە و پێوەندی نێوان جینۆساید و نەتەوایەتی نێودەوڵەتی دەرکەوت، لەم سەدەیەشدا هێشتا درێژەی هەیە.بۆ کوردو کوردستانیش، جینۆسایدی گەلی کوردستان، بۆتە بنەمایەکی ناسنامەی نەتەوایەتی و ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی وەرگرتووە و بایەخێکی زۆری هەیە لە پرسە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانداو ، لە گرێدانی هەستی هاوبەشی تاک و گرووپەکان، دەکرێت گەشە بەو بنەمایە بدرێت بۆ پتەوکردنی هەست و ئاڕاستە و ئامانجی نیشتیمانی و نەتەوەیی و دەبێ ئەو کارەساتە ببێتە هەوێنی یەکریزی و پتەوکردنی خەباتی کوردایەتی بۆ گەیشتن بە مافەرەواکانمان..



خەڵکی عێراق و جەماوەری شاری بەسرا پێشوازی گەرانەوەی هەڤاڵانی بارزانی دەکەن لە بەندەری بەسرا (1959/4/16)



بارزانیی نەمر لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی هەڤاڵەکانی لە روسیاوە (بەندەری بەسرا – 1959/4/16)

یادی 60 ساڵەی گەڕانەوەی هەڤاڵانی بارزانیی نەمر لە یەکێتیی سۆڤیەت

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

رابەری روحی نەتەوەیی کورد بارزانیی نەمر و پێشمەرگەکانی لە دوایی بەرگری قارەمانانەیان لە کۆماری کوردستان لە مهاباد توانیان گەورەترین سەروەری لە لایەڕەکانی میژووی کوردایەتی تۆمار بکەن، پاشان لەئەنجامی گوشارێکی زۆر بەسەر لەشکری بارزانییەکان لە لایەن هەرسێ وڵاتی ئێران و عێراق و تورکیا، لەپێناو بەردەوامی دان بە خەبات و شۆڕش بارزانیی نەمر بە خۆی 500کەس خۆیان بەدەستی دوژمنەوە نەدا و لە 18/6/1947لە سەرسنووری یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ئێران و تورکیا وەکو پەنابەر لە رووباری ئاراس پەرینەوە نێو خاکی یەکێتی سۆڤیەت. ماوەی 12ساڵ ژیانێکی ناخۆش و ئاوارەییان لە یەکێتی سۆڤیەت بەسەر برد و لە ڕۆژی 16/4/1959پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی بەسەربەرزی گەڕانەوە عێراق و وەکو پاڵەوانی نیشتیمانی حکومەت و خەڵکی عێراق بەشگتی پێشوازییان لێکردن. ئەمڕۆ لە 60ساڵیادی گەڕانەوەی هەڤاڵانی بارزانی بۆ خاکی کوردستان، هەوڵدەدەین لەسەر زاری هەڤاڵانی بارزانی و ئاوارەبووەکان چەند یادوەرییەک بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی خەبات بخەینەڕوو.




هەڤاڵی بارزانی کازم شانەدەری ڕێڕەوی گەڕانەوەی بارزانییەکان لە ڕووسیاوە بۆ پەیامنێری «خەبات» دیاری دەکات

لە بارەی بەشداری کردن و بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و دواتر پەنابردنی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران. لە قەزای سۆران سەردانی هەڤاڵێکی بارزانیی نەمرم کرد ئەوش (لاوکۆ مامەند مەسیح)بوو، بەم شێوەیە یادکارییەکانی گێڕایەوە و گوتی: مێژوو شاهەدی ئەوە دەدات کە لەشکری بارزانییان لە چەندین داستان و شەڕە بەناو بانگەکان وەکو نالوس، سەقز و میاندوئاب و ئالتون و هتد.. کە بەشداریان کرد و چەندین شەهیدو برێندارمان لەپێناو کۆمارەدا داوە. هەرچەندە کەم چەک و بێ ئیمکانیەت بووین بەڵام وەری خۆمان لە دەست نەدەدا، چونکە بارزانیی نەمر لەسەنگەردا لەگەڵمان دابوو، خۆمان هەر بە خزمەتکار و خەباتکاری کوردستان دەزانی، دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد پێشەوا قازی محەمەد ئەمانەتێکی ڕادەستی بارزانیی نەمر کرد ئەویش تاڵای کوردستان بوو بە ئەمانەت دایە دەستی بارزانیی نەمر کەوەک ڕاسپاردەیەک ئەم تاڵایە بپارێزێت، دوایی کۆبونەوەیەکی چارەنووساز، بارزانی بڕیاریدا کە ماڵ و نەهاتەدەرەوە. من لە گەڵ باوکم و چەند کەسوکار لە ماڵ و خێزانمان لێک دابراین، ئەو سەفەرەمان بە مان ونەمان و بە هەموو سەختیەک لە پێناو بەردەوامیدان بە شۆڕش و خەبات لە گەڵ بارزانیی نەمر ڕێگای خەبات و بەرخودانمان هەڵبژارد تاکو دەنگی کورد بە جیهان بگەیەنین.

هەروەها لە بارەی چوونی بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، لە قەزای سۆران چاومان کەوت بە هەڤاڵی بارزانیی نەمر (مێرو بێدارونی) ئەویش یادەوەرییەکانی بۆ ئێمە گێڕایەوە و گوتی: باس کردن لەو ڕێڕەوە مێژوویە بە سەدان لاپەڕە تەواو نابێت، ئێمە لە ڕێگا تووشی زۆر شت بووین، هە ر وەک ڕابەری بزوتنەوەی ئازادی کوردستان بارزانیی نەمر لە ڕێگا کە پێش سەفەرەدا بارزانیی نەمر لە پێش هەموومان دەڕۆیشت و بیرو باوەڕی بە خوای گەورە پتەو بوو و هەروەها بەسەرما و برسیەتی بە نێو چەندین گوند کە لە سەر ڕێگامان بوون، دەڕۆیشتن، بارزانیی نەمر نەیدەهێشت پارچە نانێک لە کەسێک وەربگرین، بارزانیی نەمر نەیدەهێشت یەک کەس بە بێ فەرمانی ئەو بچێتە ناو گوندەکان و دەیگوت: "ئەگەر لە سەر ڕێگا نانێکیان دایێ هەموومان پێکەوە دەیخۆین، ئەگەر نا بە برسیەتی دڕێژە بە ڕۆیشتمان دەدەین". هەر چۆنێک بوو دوای ئەو هەموو سەختیە و ناخۆشیە و کەمینی دوژمنان و بڕسیەتییە **18/6/1947** دوای سێ ڕۆ ژ چاوەڕانی بڕیاری پەرینەوەمان دا و گەیشتینە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت ، بارزانیی نەمر لە ئاخرین کەس لەگەڵ چەندین هەڤاڵ پەرینەوە بۆ خاکی سۆڤیەت. بەر لە پەرینەوەش بارزانیی نەمر هەموو ئەو کەسانەی وەک شارەزا و ڕێنماییان لەگەڵماندا هاتبوون خەڵات کرد و بەڕێزەوە ناردنیانەوە، تەنها مام میرزا نەبێ کە ڕووی لە بارزانیی نەمر کرد و گووتی: (خاکی کوردستان بە بێ تو لە من حەرام بێ ?(ئەویش لەگەڵمان پەڕییەوە بۆ ناو ڕوسیا.

بۆ ئەم یادە لە پیرمام سەردانی



لاوکۆ مامەند مەسیح



مێرو بێدارونی

سەفەرەکە هەموو ئەو شتەی بۆ ئێمە باس کردە بوو کە لەو ڕێڕەوە بەسەرمان دەهات، شەو ڕۆژ دەڕۆیشتین پشت و پێشمان دوژمن بوو و هەر شوێنێکیش کە دەچووین دوژمن بوو،دیسان شەڕی دوژمنانیشمان دەکرد لەم سەفەرە دوورودرێژە دا شەڕی سەرما و برسیەتی و گەرما و کەمینەی دوژمنانیشمان دەکرد، خۆمان بە ئاگر و ئاو دادەدا، بۆ ئەوەی دوژمنان دەستیان بە ئێمە نەگات ، لەو ناو کەشتی بووین هەموو ئێمە ئەو هەڤالانەی بارزانیی نەمر کە لە ساڵی 1947لە پێناو کوردایەتی ئاوارەیی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بووین، لە یادمە پێش گەڕانەوەمان بەڕێرسانی بەڕێرسانی وەڵاتی ڕوسیا لەگەڵ ئێمە کۆبوونەوە وچەندین وتاریان پێشکەش کرد کە هیوایان خواست بە سەلامەتی بگەڕێنەوە وەڵاتی خۆمان و بەسەربەرزیەوە ژیان ببینە سەر و دواتر هەڤاڵی بارزانیی نەمر میرحاج ئەحمەد

هەڤاڵی بارزانیی نەمر (کازم شانەدەری) کرد و لەپیرەوەرییەکانیدا بۆی گێڕایەوە و گوتی: دوای چوونمان بۆخاکی سۆڤیەت لەوێشدا دیسان ئێمە دابەشی سەر گوندەکان کراین، لەو گوندانە شارەزای تەواومان نەبوو و زمانمان نەدەزانی و بۆخۆمان ئیشمان دەکرد، هەرچەندە نزیکەی 3ساڵ بارزانیی نەمر لە ئێمەیان دورخستبووەوە، بەڵام دوای خۆپیشاندانمان کرد،دواتر گەڕایەوە ناو ئێمە ، بەهەوڵ و کۆششی بەردەوامی بارزانیی نەمر وەزعی ئێمە بەرەو چاکتر ڕۆیشت، بەراستی گەڵێک بڕسیەتی و بێ جلوبەرگی و غەریبایەتی و دەربەدەریمان چێشتووە، پاشان خراینە بەرخوێندن و من بڕۆنامەی کشتوکاڵم وەرگرت. دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لەساڵی 1958بۆکوردستان دواتر بارزانیی نەمر شەهیدی فەرماندە ئەسعەد خۆشەوی سێلکی و میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی ڕادسپارد کە ئێمە هەڤاڵانی بارزانیی نەمر بەماڵ وخێزان لە سۆڤیەت بگەڕێنەوە بۆکوردستان ئەوە بوو لەبەندەری ئۆدیسا لە سەر دەریای ڕەش 1-4-1959لە ئاکرەیی و شەهید سیامند عوزێر میرگەسۆری ئەوانیش بەناوی هەموومان وتاریان خوێندەوە کە سوپاسی حکومەتی روسیا کە ماوەی 12ساڵ لە روسیا ژیان ئێمەیان وەک پەناهەندە وەرگرت. ئێمە هەموومان لەناو کەشتی سۆڤیەتی گرۆسیا دابووین کە ئەو کەشتییە لە 5قات پێکهاتبوو، گرانی ئەو کەشتیە 14تن بوو زۆ گەورە بوو،لە سێ قات دابووین کە هەموو خزمەتگوزرای تایبەتی تێدابووە وهەرخانەوادەیەک جێگای تایبەتی خۆی هەبوو، جا بەمشێوە بە کەشتی سۆڤیەتی (گرۆسیا) لە ڕۆژەکانی (1 و 2و-4- 3 (1959بەرێکەوێتن و لەناو دەریای ڕەش بووین و -4-4 1959داخلی تەنگەتای بۆسفۆر بووین دواتر بەنێو ئیستانبولدا چووین بۆ ناو دەریای مەرمەر و بۆ ئێتوارەی لە تەنگەتای دەردەنیل چوینە ناو دەریای (ئەژە ژ نیجە) ناو ئاوی یونان دواتر -4-5 1959بۆ دەریای سپی ناوەراست و دواتر -4- 6 1959بۆ نێورانە گەیشتەبەندەری پۆرسەعید ناو ئاوی میسری عەرەبی و دواتر ڕۆژی 1959-4-7بۆ قەناتی سوێس، لەیادمە لە کۆتایی قەناتی سویس لەسەر تەختەیک نووسرابوو کە دریژایی قەناتی سویس بۆ دەریای سور 175کیلۆمەتر دڕێژە و پانی 120مەترە و کوراتی 12مەتر و دواتر داخلی دەریای سور بووین لە نێوان ئافریقا و ئاسیا و -10 1959-4لە تەنگەتای (بابل مەندەب) داخلی خەلیجی (ئەدەن) بووین و دواتر کەشتی بەڕەو ڕۆژهەلات بۆ دەریای عەرەبی و دواتر بۆ ئیماراتی یەکگرتوو ڕێشت و شەوەی 13لەسەر-14 1959کەشتیی چوویە خەلیج فارس و 16-4-1959 گەیشتنە ئاوی شەت و عەرەب و بەکەشتیی سۆڤیەتی (گرۆسیا) چووینە ناوی ئاوی عەرەبەکان و لەگەڵ بەیانی لە شاری فاو لە کۆتایی خال عێراق نزیک کوێت. شاری فاو پربوو لەخەڵک بە گەورە و بچووک و ڕاوەستابووە و هاتنە پێشوازی ئێمە بە چەپلە لێدان و فرۆکەی عێراق بەسەر کەشتیی گرۆسیا دەسوڕانەوە. بارزانیی نەمر بەخۆی هاتبووە پێشوازیی ئێمە. کاتژمێر 12ی نیوەڕانە بەشداری لە ئێمە کرد. بەحەقیقەت ڕۆژێکی زۆر مێژووییی بووە کە ئێمە لە 16-4-1947لە گەدەر لەگەڵ بارزانیی نەمر ڕابەر لە خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزان و مالّ و خێزان دابڕاین و دوای 12ساڵ لە هەمان ڕۆژی 1959/4/16 بەنیشتمان پێکەوە شاد بووین.



نەورەس ڕەشید

زامی نەتەوە و مێژوو

14/4 ڕۆژی یادکردنەوەی دەرهێنانی گیانی گەلێک بو لە جەستەی مرۆڤایەتیدا، ڕۆژی بەحساب لە بیر نەچوونەوەی مێژووی توانەوەی کیانی گەلێک بوو ، ڕۆژی سرینەوەی جوگرافیاو سروشتی دەموگرافیای نیشتمانێک بوو ، ڕۆژی کۆتایی هێنانی بزاڤێکی ڕزگاریخوازبوو کە سەدان ساڵە دژی ستەمو داگیرکاری قوربانی ئەدات ! کورد لەڕێر دەستی دەسەڵاتێکی عەرەبی شۆڤێنی فاشیدا، بە ئەنفال خنکێنرا ، ژەهریان کرد بە ئایەتەوە بەزۆر کردیان بەگەروویا ، بۆ ئەوەی دەنگی ببڕن تا بەهێزی ئەنفال مالّی تاڵان کەن ،بیگرن ، زیندە بەچاڵی کەن ، ئەوەی ماوە بە شمشێری ئەنفال سەری ببڕن ،دەرخواردی سەگی بدەن ،کوردستانیش خاپور بکەن. خورما لە شوێنی بەڕوو ڕۆ بکەن ،ڕانکو چۆغە بە دیزداشە بکەن ، کڵاو ومشکی بە عەگال بکەن ، کاکە بە یابە بکەن ، هۆرەولاوک و حەیران وسیاچەمانە بە عەتابە بکەن . ئەپرسم چی هەبوو چی هەیە لەوە ترسناک تر ، دڕندەتر ،تاوان تر ؟ ئەنفال تاوانی سەدەیەکە هەرگیز کۆتای نایەت ، تاوانی کولتوروو عەقڵیەتێکە ، هەرگیز دان بە سەربەخۆیی کورد دا نانێت. ئەڵێن ژمارەی مرۆڤی کورد کە ئەنفال کراون ۱۸۲ هەزار کەسە، بەڵام من دەڵێم کورتتانهێناوە، لە منالێکی ساوا تا دەگاتە پیرەمێردێکی هەشتا ساڵە لەنێرو مێ کوان کوا مالّ و سامانیان و کوا شوێنیان، بیست وحەوت ساڵە ئێمە حوکمرانی دەکەین ، ملمڵانێ و شەڕ لەسەر کورسی ودەسەڵات وپارە ئەکەین ، ملیۆنێر دێرو ملیۆن دێر و کومپانیا دروست دەکەین ، فەرهەنگی سیاسی و ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتمان گەندەڵی و چاکسازی بۆ بەرهەم هێنانین . بیست و حەوت ساڵە حوکمرانین، هەرچی فیکر و فەلسەفەو تێۆری سەدەکانی ناوەراست وئەم سەردەمەی ڕۆژ ئاوایان بۆ هێنابن ،هەزارن بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرایان بۆ هێنابن، هەزاران زمان زان و ڕاوێژکاریان بۆ دانابن، پەرلەمان وکابینە دوای کابینە کاڵفام ترین خەڵکی بێ سەوادیان بەسەرا فەرز کردین ،هەر سوپاس گوزارین خۆ ڕاگرین . ئەمڕۆ ڕۆژی یادی ئەنفالە سەدان بگرە هەزار بیانی لە چاودێری سیاسی ئەکادیمی دیپلۆماسی هونەرمەندو میدیاکار دێن بۆ هەرێمی کوردستان ودەڕۆن ،لێمان دەپرسن وداوا دەکەن ،ئەڕێ ئێمە وەک حکومەت ، وەک ناوونەدەکانی سیاسی ئەکادیمی ورۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەڕێ چیمان کردوە بۆ ئەنفال؟ موزەخانەیەک ،کەلەپورێکمان دروست کرد بۆ ئەو ئەنفالە ؟ یان هەرکەسێک لەناخ و ویژدانی خۆیدا خەمبارە ،یان هەرگیز ناداتێ ولەیەک دوو شارۆچکە ئەم ناوەندی حزبی و ئەودەزگای حکومەتی یان بەناو مەدەنی چەند کوڕ وکاڵ و پیترەژنێک دەهێنن ،بێشکەیەکی خاڵی ڕائەژەنن وپێترەژنیش دەست ئەکات بەقژ ڕنینەوەو لاواندنەوە، بیست و حەوت ساڵە ئەم دیمە بازاڕیە دووبارە ئەبێتەوە. کوا ئەرشیف؟ کوا مۆزەخانە؟ کوا داتاو تۆێژینەوەکان ؟ کوا پەروەردەو و ئەکادیمیا کوا حکومەت و پرۆژەکانی؟ یان بەهەموو خەریکی پلەو پارەو کومپانیان، بایەخ نادەن کە چیمان پێ ئەڵێن، بۆیە سەدو نەوەدوچوار ڕۆژە حکومەتی نوێمان بۆ پێکنایەت !!

وون بوون

پسوولەی شارەوانی بەحرکە ژمارەی پسوولە ٥٩٥٦١ بەرووار ٢٠١٤/٦/٣ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی عادل عبدال یاسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مۆلەتی لێخورین بەناوی ئازار حسین میرخان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوك بەناوی دیار محمد غریب صالح پلەی/ ر.ع وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگەی فەلەك یەکەی ٨٠ بەناوی فهد فهمی طاهر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد / ٣/ت.خ/٢٠١٩

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٣/ت.خ/٢٠١٩ المتضمن بيع العقار المرقم ٦٤٧/١ مقاطعة ٨١ قصروك داخل ناحية قصروك قضاء شيخان وان المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ٣/ت.خ/٢٠١٩ الموقع قصروك المساحة (٢) دونم و(٣٢) م٢ الجنس ملك صرف القيمة المقدرة (١٨٠٠٠٠٠٠) ثمانية عشر مليون دينار عيراقى

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی رووبەری (٤٨٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/١) ك (٤١) قریتاغ لە رێگای گوێر (پشت رێگای سایلۆ بۆ ناو کۆگاکان) بەمەبەستی دروست کردنی (کۆگا) بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەمواركراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کڕێچیە.

د. کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ

بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر

ئامێرەکان

ژمارە: ١٢٠٢

بەروار: ٢٠١٩/٤/١٤

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتیەکەمان هەڵدەستێت بەفرۆشتنی ئەم کەل و پەلانەی کە لەلیستی هاوپێچ هاتووە بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسایی ژمارە ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ لە ڕۆژی یەك شەم ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٥ کاتژمێر ٩ سەر لە بەیانی وە کریار دەتوانێت کەل و پەل ببینێت بۆ ماوەی (٢٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە کۆگای بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر کە دەکەوێتە سەر شەقامی کەرکوکی کۆن لە گەڕەکی ڕاستی نزیك شەریکەی ٧٧ وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی کریار وە لەسەر کریار پێویستە لە ماوەی (٧) ڕۆژ کەل و پەلەکان لە کۆگا هەڵ بگرێت وە پارەی مسۆگەرکردن (التأمينات) سەر لەبەیانی وەردەگرێت لەهەمان ڕۆژ و لە هەمان شوێن.

هاوپێچ:

لیستی ئۆتۆمبێل و مولیدە و کەل و پەلەکان

١- فڕۆشتنی (١٢) ئۆتۆمبێلی قەبارە گەورە و بچوك.

٢- (٤٠) دانە موەلیدەی جۆراوجۆر لە (٢٥٠ KVA).

٣- کەل و پەلی بیرەکان وەکو ماتۆری عەتاسی سووتاو پەمپی جۆراوجۆر و بۆری جۆراوجۆر و بۆردی ستارتەر و کەل و پەلی تری بیر.

٤- کەل و پەلی ئاسنی جۆراوجۆر.

٥- کۆمەلێك سپلیتی جۆراوجۆر.

٦- کۆمەلێك کەل و پەلی پەڕاوگە.

٧- کۆمەلێك کەل و پەلی تریش.

ئەندازیار/ ئاری احمد قادر

بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٢

ژمارە: ٧١/کفالە٢/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٧

بۆ/ کەفیلی هەڵاتوو (سالار عولا احمد)

ئاگادارکردنەوە

ئامـاژە بـەداوای (٧١/کفالـە٢/٢٠١٨) کەفیلـی هەڵاتـوو (سـالار عـولا احمـد) شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بۆیـە بـە پشـت بەسـتن بەمـاددە (١٤٣) لەیاسـای بنەماکانـی دادگاکردنـی سـزا دادگا بریـاری دا لەڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژنـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بەمەبەسـتی ئامـادە بوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـەکات ژمێـر (٩) ی بەیانـی لـە ڕێکەوتـی ٢٠١٩/٦/١٠ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـاددە ١١٩ لەیاسـای اصـول بەپێچەوانـەوە دادگایـی کردنـت بەشـێوەی پاشـملە (غیابـی) بەڕێـوە دەچێـت بەگوێـرەی ڕێسـاکان.

دادوەر/ حسن علی مراد امین

***

دادگای کەتنی هەولێر/٢

ژمارە: ٧٥/کفالە٢/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٧

بۆ/ کەفیلی هەڵاتوو (سامی عبدالله مولود)

ئاگادارکردنەوە

ئامـاژە بـەداوای (٧٥/کفالـە٢/٢٠١٨) کەفیلـی هەڵاتـوو (سـامی عبداللـە مولـود) شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بۆیـە بـە پشـت بەسـتن بەمـاددە (١٤٣) لەیاسـای بنەماکانـی دادگاکردنـی سـزا دادگا بریـاری دا لەڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژنـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بەمەبەسـتی ئامـادە بوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـەکات ژمێـر (٩) ی بەیانـی لـە ڕێکەوتـی ٢٠١٩/٥/٢٦ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـاددە ١١٩ لەیاسـای اصـول بەپێچەوانـەوە دادگایـی کردنـت بەشـێوەی پاشـملە (غیابـی) بەڕێـوە دەچێـت بەگوێـرەی ڕێسـاکان.

دادوەر/ حسن علی مراد امین

***

دادگای کەتنی هەولێر/٢

ژمارە: ١٣/کفالە٢/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٧

بۆ/ کەفیلی هەڵاتوو (هۆشەنگ حسین سلیم)

ئاگادارکردنەوە

ئامـاژە بـەداوای (١٣/کفالـە٢/٢٠١٨) کەفیلـی هەڵاتـوو (هۆشـنگ حسـین سـلیم) شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بۆیـە بـە پشـت بەسـتن بەمـاددە (١٤٣) لەیاسـای بنەماکانـی دادگاکردنـی سـزا دادگا بریـاری دا لەڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژنـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بەمەبەسـتی ئامـادە بوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـەکات ژمێـر (٩) ی بەیانـی لـە ڕێکەوتـی ٢٠١٩/٦/١٠ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـاددە ١١٩ لەیاسـای اصـول بەپێچەوانـەوە دادگایـی کردنـت بەشـێوەی پاشـملە (غیابـی) بەڕێـوە دەچێـت بەگوێـرەی ڕێسـاکان.

دادوەر/ حسن علی مراد امین

***

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

ژمارە: ٩٥٦

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١١

ئاگاداری

ئـاگاداری هاوواڵتیـان و بەڵێنـدەران دەکەینـەوە بەڕێوەبەرایەتیەکەمـان هەڵدەسـتێت بەبەکرێدانـی فرۆشـگای بەڕێوەبەرایەتـی چاکسـازی گەورانـی هەولێـر تایبـەت بـە سـزادراوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمـان بـۆ مـاوەی (١) یـەك سـاڵ بەشـێوەی زیادکردنـی ئاشـکرا جـا هەرکەسـێك ئـارەزووی بەشـداریکردنی هەیـە لەمـاوەی (١) یـەك مانـگ لـەدوای بڵاوکردنـەوەی لـەدوو ڕۆژنامـەی فەرمـی هەرێمـی کوردسـتان ئامادەبێـت لـە بەڕێوەبەرایەتیەکەمـان بـەم مەرجانـەی لای خـوارەوە.

١- ئەستۆپاکی باجی دەرامەت بهێنێت.

٢- بارمەتـەی یاسـایی بەبـری (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنـج ملیـۆن دینـار بەشـێوەی چەکـی بانکـی پەسـندکراو.

٣- کرێـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو کەسـەی کـە زیادکردنەکـەی بـۆ دەردەچێـت.

هێمن فاروق حسن

بەڕێوەبەر

***

زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

کۆلێژی زانستە سیاسیەکان

خوێندنی

ژمارە: ١/ار/٣٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/١٦

بۆ/ بەڕێز (م.ی. دارا خسرۆ حمید) فەرمانبەر بەناونیشانی (مامۆستای یاریدەدەر)

بیرخستنەوەی (اخطار)

لەبـەر نەهاتنـت بـۆ دەوامـی فەرمـی لەڕێکەوتـی (٢٠١٨/١٢/١٤) تاکـو ئێسـتا بەبـێ هـۆ و ئـاگاداری ئێمـە بڕیـە داوات لـێ دەکەیـن کـە بگەڕێیتـەوە سـەر کارەکـەت بـۆ مـاوەی (٧) حـەوت ڕۆژ ئەگـەر لەنـاو هەرێـم بیـت، وە بـۆ مـاوەی (٣٠) سـی ڕۆژ ئەگـەر لـەدەرەوەی هەرێـم بیـت وە بەپێچەوانـەوە بەپێـی برگـە (٢) لـە مـادەی ٣٧ لـە یاسـای خزمەتـی شارسـتانی ژمـارە (٢٤)ی سـاڵی ١٩٦٠ ڕاسـتکراوە کۆتایـی بەڕاژەکـەت دەهێنیـن و بەدەسـت بەردارببـوون دەژمێردرێـت.

پ.د. احمد انور دزەیی

ڕاگر بەوەکالەت

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ١٣/م/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٨/٤/١٤

جاردان

بۆ داوالێکراو: زینة یونان توما شوێنی نیشتەجێبوون نادیار

داواکار (سـلوان ضیـاء البیـرت) داوای ژمـارە ١٣/م/٢٠١٩ لەسـەرت تۆمارکـردووە تێـدا داوای هەڵوەشـانەوەی گرێبەسـتی هاوسـەری دەکات لـە نێوانتـان لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری عەنـکاوە بۆیـە دادگا بریاریـدا بەپێراگەیاندنـت لـە ڕێگـەی دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژنـەوە بـۆ ئامادەبوونـت لـە ڕۆژی دادبینـی ٢٠١٩/٤/٢٤ کاتژمێـر ٩:٣٠ی بەیانـی ئەگـەر نـا دادبینـی دەرهەقتـان بەپاشـملە ئەنجـام دەدرێـت بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ نهاد صباح الدین علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٣٤٤٧/ب/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٥

جاردان

بۆ/ داوالێکراوان (اسماعیل محمد حاجی و نەبەز محمد حاجی)

ئامـاژە بـەداوای بەرایـی ژمـارە (٣٤٤٧/ب/٢٠١٨) کـە تۆمارکارابـوو لەسـەرتان لەلایـەن داواکار (رزگار محمـد حاجـی) ئـەم دادگایـە لـەڕۆژی (٢٠١٩/٤/٤) بەپاشـملە بریـاری دا بەپابەندکردنـت بەتملیـك کردنـی مولکـی ژمـارە (٣٠/٢٥٢٧م ٩٤ بـاداوە) وە لەبـەر نـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری هەولێـر/ ناحیـەی کسـنزان گەرەکـی ١١ی ئـازار لـە ٢٠١٨/١٢/١١ بڕیـە ئـەم دادگایـە بریـاری دا بەپێراگەیاندنـت لەڕێگـەی دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژنـەی ناوخۆیـی وە ئێـوە مافـی تانـەی (اعـتراض) و تێهەلچوونـەوە وە پێداچوونەوەتـان هەیـە لەبریـاری نەهاتـووی پاشـملەی دادگا لەمـاوەی یاسـای.

دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله

***

ڕۆژانـەی ناوخۆیـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ دەربچێـت بـۆ ئامادەبوونـت لـە ڕۆژی دادبینـی ٢٠١٩/٤/٢٤ کاتژمێـر ٩:٣٠ی بەیانـی ئەگـەر نـا دادبینـی دەرهەقتـان بەپاشـملە ئەنجـام دەدرێـت بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ نهاد صباح الدین علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٣٤٤٧/ب/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٥

جاردان

بۆ/ داوالێکراوان (اسماعیل محمد حاجی و نەبەز محمد حاجی)

ئامـاژە بـەداوای بەرایـی ژمـارە (٣٤٤٧/ب/٢٠١٨) کـە تۆمارکارابـوو لەسـەرتان لەلایـەن داواکار (رزگار محمـد حاجـی) ئـەم دادگایـە لـەڕۆژی (٢٠١٩/٤/٤) بەپاشـملە بریـاری دا بەپابەندکردنـت بەتملیـك کردنـی مولکـی ژمـارە (٣٠/٢٥٢٧م ٩٤ بـاداوە) وە لەبـەر نـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری هەولێـر/ ناحیـەی کسـنزان گەرەکـی ١١ی ئـازار لـە ٢٠١٨/١٢/١١ بڕیـە ئـەم دادگایـە بریـاری دا بەپێراگەیاندنـت لەڕێگـەی دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژنـەی ناوخۆیـی وە ئێـوە مافـی تانـەی (اعـتراض) و تێهەلچوونـەوە وە پێداچوونەوەتـان هەیـە لەبریـاری نەهاتـووی پاشـملەی دادگا لەمـاوەی یاسـای.

دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله

***

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

REQUEST FOR PROPOSAL (RFP)
Decommissioning of Nazrawa and Daquq Camps - Kirkuk

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR), Iraq, invites qualified suppliers and manufacturers to make a firm offer for decommissioning of Nazrawa and Daquq camps in Kirkuk.

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents Available at the UNGM Link below
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/153	Decommissioning of Nazrawa and Daquq camps in Kirkuk.	https://www.ungm.org/Public/Notice/88957 The RFP Documents can also be requested by sending an email to IRQBASUP@UNHCR.ORG Please insert HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/153 in the subject heading

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

DATE AND TIME (Baghdad Time, Iraq)	ACTION REQUIRED
28 April 2019 from 10:00 – 14:00 Baghdad Time	Site visit (Nazrawa camp)
29 April 2019 from 10:00 – 14:00 Baghdad Time	Site visit (Daquq camp)
30 April 2019, 23:59 hrs. Baghdad Time	Closing date for clarifications
13 May 2019, 23:59 hrs. Baghdad Time	Deadline to submit your complete offer for this RFP

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء
رفع وتفكيك مخيمات داقوق و نزراوة - كركوك

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لرفع وتفكيك مخيمات داقوق و نزراوة في كركوك.

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/153	رفع و تفكيك مخيمات داقوق ونزراوة في كركوك	https://www.ungm.org/Public/Notice/88957 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/153

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
زيارة الموقع (مخيم نزراوة)	28 نيسان 2019 من الساعة 10:00 الى الساعة 14:00 بتوقيت بغداد
زيارة الموقع (مخيم داقوق)	29 نيسان 2019 من الساعة 10:00 الى الساعة 14:00 بتوقيت بغداد
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	30 نيسان 2019 الساعة 23:59 بتوقيت بغداد
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	13 ايار 2019 الساعة 23:59 بتوقيت بغداد

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل ***IRQBASUP@UNHCR.ORG***

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکـە ینـەوە کۆمپانیـای (هیـرش للتجـارە العامـە اسـتیراد وتصدیـر / المحـدودە) بریـاری گۆڕینـی نـاوی کۆمپانیـای داوە لـە کۆمپانیای (هیـرش للتجـارە العامـە اسـتیراد وتصدیـر / المحـدودە) بـۆ کۆمپانیـا (eur oil company للتجـارە العامـە اسـتیراد وتصدیـر / المحـدودە) بۆیـە هـەر کەسـێك نارەزایـی یـان هـەر مافێکـی لـە سـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی سـەردانی بەڕیـوە بەڕایەتـی گشـتی تومارکردنـی کۆمپانیـان بکاتـەوە لـە (شـاری هەولێـر - شـەقامی ٦٠ م - کۆمەڵـگای وەزارەتـی بازرگانـی وپیشەسـازی)

اراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وکالەت

دادگای بەرایی هەولێر/۲
ژمارە: ۲٤٥۲/ب۲/۲۰۱۷
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/٤/۱٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (تولیب ریاض ابراهیم)
داواکار (احمد ندیم احمد) داوای ژمارە (۲٤٥۳/ب۲/۲۰۱۷) لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داوا دەکات بە گەرانەوەی بری پارەی (۲۰۰,۰۰۰)$ دوو سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی وەک کرینی ڤیلای ژمارە (۱/٤٦۳) کەرتی ٤۸ بەحرکە، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگاری بغداد/ گەرەکی الوزیرية) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی ۲۰۱۹/٥/۱۹ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت هەرهەقتان بەپێی یاسا.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ۲۲۷/ ب٥/ ۲۰۱۹
ڕێکەوت/ ۲۰۱۹/٤/۱۰
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (فرمان جلال حمه کریم)
داواکار (کۆمپانیای حیاة) داوای ژمارە ۲۲۷/ ب٥/ ۲۰۱۹ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ڕۆشنبیری) لە ۲۰۱۹/۳/۲۷ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (۲۰۱۹/٤/۳۰) کات (۹) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ کاوه صدیق حسین
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی/۲
ژمارە: ۳٥۳٥ / ش / ۲۰۱۸
بەروار: ۱۰ / ٤ / ۲۰۱۹
ئاگانامە
داواکار / دانی رضا ناونیشان : سلێمانی
داوالێکراو : تارا ستار سعید ناونیشان : نادیارە
داواکار (دانی رضا) داوایەکی بە ژمارە (۳٥۳٥ / ش / ۲۰۱۸) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت ، وە ئەو دادگایە بڕیاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (۲۰۱۹/۲/۲۷) بە پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەکی، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە وە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا هەڵنەسیت بە تانە لێدانی یان پێداچوونەوەی بڕیارەکە ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا ..
دادوەر / د.طه عمر رشید
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ۳٥۲ /ش/۲۰۱۹
ڕێکەفت/ ۱٤ /٤/ ۲۰۱۹
ڕاگەهاندن
بو/داوالێکری (شیروان جلال الدین محمد طاهر) ل دیف داخازیا داواکار (رجوان عزالدین علی) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا (تفریق للهجر) ژتە کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ تاخێ ئازادی ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بی ل ڕۆژا ۲۰۱۹/٤/۲۸ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهـا تە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر/ زیڤان احمد حسین
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ۲۲٤/ش/۲۰۱۹
ڕێکەفت/ ۲۰۱۹/٤/۱٤
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (شیروان خلیل سیدو) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (مروی محمد خلو) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازا ژیك جودابوون (تفریق) ژتە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگاداریا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا پارێزگەها دهوك ل قەزا سیمیلیکما بەنابەرین سوری ل دومیز ۱ لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەییـن ڕوژا نەیێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (۱۰) سپیدەهیا ڕوژا ۲۰۱۹/٤/۳۰ ول بەروڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە / ۱۱۳/ب/۲۰۱۹
ڕێکەوت/ ۲۰۱۹/٤/۱٤
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (مسعود صالح سعید) شوێنی دانیشتنا هەوە نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە ڕوژی ۲۰۱۹/٤/۱٤ لە داوای ژمارە ۱۱۳/ب/۲۰۱۹ ب پێگیریکرنا تە بو داواکاری (خالد حاجی سلیم) ب دانا پارەی کوژمێ (٤۲۸۳۸) دولار امریکی کو دبیتە (٥۱٤۰٥٦۰۰)پینجی وبەك ملیون وجار سەد وپینج هزار وشەش سەد دینار کوژمێ پاریێ ئەمانەت دایە فتە دگەل ماندیبونێت پاریزەری دوو ملیون دینار ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخێ میدیا ل دهوك ل بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆێ ڕوژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت وهەوە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلچونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەر دەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / ابراهیم خشان گرگری
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ۱۹۰٥ / ۲۰۱۸
ڕێکەوت/ ۲۰۱۹/٤/۱٥
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
بۆ / قەرزار (سارکون عودیشو دنخا)
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بویە بەپێی مادە (۲۷)ی یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە ڕێی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین کە ئۆتومبێلی ژمارە (۹٦۰۱۰ دهوك تایەت) جوری (کیا سیراتو صالون) مودێل (۲۰۱۲) ڕەنگی (نفطی)ی ئێستە بە بنبری فرۆشرا بە بری (۹۲۸۲۰۰۰) نۆ ملیون ودوو سەد وهەشتا ودوو هزار دینار لە جیاتی بری پارەی خاوەن قەرز بە پێ ی مادده (٦۹) دووەم لە یاسایی جێ بەجێ کردن بریاردرا فرۆشتنەکەتان پێرابگەیەنین تاوەکو لە ماوەی (۳) سێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (۱۳۲٦۰۰۰۰) سێزدە ملیون ودوو سەد وشەست هزار دینارە بە پێچەوانەوە ئۆتۆمبێلەکە بە پێ ی یاسا بەناوی کریار تومار دەکرێت
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
* * *

شركة نفط الهلال
Crescent Petroleum

Job Announcement

Functional Job Title:	**Social Engagement Officer**
Department:	Operation / Social Performance
Reports to:	Field Social Performance Manager
Region:	Kurdistan, Iraq
Location:	Kormor
Document Ref	SEO/CSR/APR/19

Position Overview:

Reporting to the Field Social Performance Manager, the Social Engagement Officer will build a harmonious and mutually beneficial relationship between Crescent Petroleum and the stakeholders (Community) in the area of operation by acting as the key interface between the Company and local stakeholders.

The Social Engagement Officer is responsible to act as the interface between Company and Community in identifying local area community requirements, receiving and distributing two-way communication on Community grievances issues and providing field support in executing approved initiatives for community development within the scope of the approved Corporate Social Responsibility program of the Company. Interface between communities and SP Manager to ensure effective communication, responsible for identifying execution strategy/resources to carry out such approved programs in most economical manner while providing maximum coverage and benefit to the communities. The position will interface with local area authorities on day to day basis to seek necessary support for execution of these programs. .

Responsibilities, Duties, and Accountabilities:

- Undertake key processes aimed at generating and sustaining the social license to enable smooth implementation of operations;
- Support Company in the communities and public events with a view to enhancing Company understanding of community dynamics and community needs;
- Develop and maintain close networks with local, district and county leadership;
- Liaise with relevant local, district and county authorities to ensure good stakeholder relationships;
- Develop and sustain an effective two-way communication network between the Company and Advisory committees;
- Provide business insight and advise the Company about community activities that may impact Crescent's operations;
- Gather information on social impact of Company operations on immediate communities and consult internally and with community leadership on mitigation measures;
- Submit daily activity reports to line manager or his designate.
- Monitor interaction between sub/Contractors, locally employed persons and local communities and report any impropriety or concern to the Company
- Carry out sensitization campaigns to educate the local communities on Company's activities on the ground.

شركة نفط الهلال
Crescent Petroleum

Responsibilities, Duties, and Accountabilities:

- Providing inputs by identifying development opportunities in the different sectors for community development annual planning.
- Research and provide recommendations on Community Development opportunities in the local areas.
- Conduct a cost/benefit analysis to support proposed projects and services
- Identify and secure required necessary clearances for execution of the agreed upon projects
- Work closely with Field Social Performance Manager to prepare appropriate budgets for community development activities and programs in order to ensure necessary resources will be allocated for execution
- Submit required reports concerning milestone progress of the implemented projects
- Improved communication and public relations
- Set up network of relationships with all local communities across the areas of operations and pipeline.
- Perform other related duties as required by supervisor

Required Knowledge, Skills and Attributes:	
Education	College Graduate; or potential experience in similar job
Experience	2-3years Relevant past experience in similar job preferably in similar industry
Language	Native Kurdish and fluent in reading, writing and speaking English & Arabic as well
Certificates/Licenses	Any certificate putting value to the position
Unique requirements of the job	• Degree level education/equivalent similar work experience • Experience in rural areas for CSR. • Good computer skills • Good English, Kurdish and Arabic • Good organizational, Self-confident and problem-solving skills.

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 25 April 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is: Social Engagement Officer, Ref: SEO/CSR/APR/19)

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Intern-Local Content Development
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

DNO is seeking an intern to support the Local Business Development and Local Communities teams in various projects and tasks.

Requirements:
- No previous experience required, fresh graduates are preferred.
- Strong commitment to excellence and personal and professional growth
- Demonstrated good academic standing with strong analytical skills
- Intellectually curious, poised, high energy, and critical thinker
- Effective communication skills, both verbally and in writing, in English and Kurdish, Arabic is a plus.
- Proficiency with MS Office (Excel, PowerPoint, Word)
- University graduate, Business Management, Administration, law or Engineering departments

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



سەرشێتی (بریکزێت) لە جیهانێکی یەککگرتوودا



تۆماس فریدمان

مانگەپ هەواڵەکانی (پڵێتکۆ)، بەم دواییە رایگەیاند، وەزیری کاروباری ئەورووپا لە فەرەنسا، ناتالی لوازۆ، ناوی لە پشیلەکەی ناوە (بریکزێت). لوازۆ لەمبارەیەوە بە رۆژنامەی (لۆپورنال دو دیمانش) راگەیاند، ئەو ناوەی بۆیە هەڵبژاردووە، چونکە (هەموو بەیانیان بە میاوە میاوە بەهێز و دووبارەکەی بەئاگای دێنێت، چونکە دەیەوێت بچێتە دەرەوە، بەڵام کە دەرگای بۆ دەکەمەوە، بە دوو دڵی لە ناوەڕاست دەمێنێتەوە، پاشان نیگایەکی پڕ شەرم لێ دەکات، کاتێک دەیکەمە دەرەوە).

ئەگەر نەتوانیت بەرگەی نوکتەیەک بگریت، لەوانەیە وا باشتر بێت، لەکاتی ئێستادا نەچیتە لەندەن، لەبەر ئەوەی گاڵتەجارییەکی سیاسیی لە هەموو شوێنێکدا هەیە. بەڵام لەو گۆڕەدا، شتەکە ئەوەندە پێکەنینناوی نییە، بەڵکو جەرگبڕە. چونکە ئەوەی ئێستا دەیبینین، وڵاتێکە کە نیەتی ئەوەی هێناوە، خۆکوشتنێکی سیاسیی ئەنجام بدات، بەڵام ناتوانێت لەسەر ئەوەش ڕێک بکەوێت، چۆن خۆی بکوژێت. ئەوەیان شکستێکی ئەفسوناوی سەکردایەتی سیاسییە. لەم ڕەوشەدا تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم:"پاشایەتی بگەڕێننەوە. خانمە شاژن ئەلیزابێسی دووەم، تۆی لە کوێی؟ وڵات چاوی لە دەستی تۆیە". بە شێوەیەکی سەرڕاست، ئێستا شانشینی یەکگرتوو، کە بە پێنجەم گەورەترین ئابووری لە جیهان دادەنرێت–ئەو وڵاتەی بژاردەی دیموکراسی پەرلەمانی تازە، سیستمی دارایی و بەنکی تازە، شۆڕشی پیشەسازی و هەموو چەمکەکانی جیهانگیری داهێنا– پێدەچێت نیەتی ئەوەی هێنابێت، لە یەکێتیی ئەورووپا بکشێتەوە، کە بە گەورەترین بازاڕ لە جیهان، بۆ گواستنەوەی کاڵاکان، سەرمایەکان، خزمەتگوزاریەکان و کرێکارەکان بە ئازادی دادەنرێت، بێ ئەوەی پلانێکی تۆکمەی دانابێت، لەوانەیە هەر هیچ پلانێکیشی نەبێت. هەموو ئەندامانی پەرلەمان بە پارێزگاران و کرێکارەکانەوە، یەک لەدوای یەک و بە بەردەوامی، دەنگ لەدژی ئەو پلانە دەدەن، بەدوای چارەیەکی نموونەییدا دەگەڕێن، دەرچوونێکی بێ ئازار لە یەکێتی ئەورووپا، بەڵام هیچ شتێکی لەو شێوە لە گۆڕێدا نییە.

بژاردەی بریکزێت، لە ساڵی 2016دا، بە سادەییەکی گومڕاکەر، پێشکەشی جەماوەر کرا. لە میانی چەردەیەک درۆ، لە بارەی قەبارەی سوودەکان و ئاسانی پیادەکردنی، بە خەڵکی فرۆشرا، کە تاکو ئێستا تونددڕەوە پارێزگارەکان، ئەوانەی پێشتر بایەخیان بە کار و بازرگانیی دەدا، پاڵی پێوە دەنێن، بەڵام ئێستا خواخوایانە، سەروەری بەریتانیا بەدەست بێننەوە و بەپێش هەموو ئەگەرێکی ئابووریشی دەخەن. ئەوانە پێناچێت گوێ لە کەسانی وەکو، تۆم ئینەدرز، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری گەورە کۆمپانیای ئێرباس، بۆ فرۆکەوانی و ئاسمانی رابگرن، کە زیاتر لە 14 هەزار کەسی لە شانشینی یەکگرتوو بە کارخستووە، لەگەڵ نزیکەی 110هەزاری دیکە، لە کارەکانی خۆجێیەتی جۆراوجۆردا. ئینەدرز، هۆشداری دایە سەرانی سیاسیی وڵاتەکەی لە لەندەن، بەوەی ئەگەر شانشینی یەکگرتوو، لە هەفتەکانی داهاتوودا، لە یەکێتیی ئەورووپا بچێتە دەرەوە، پێدەچێت ئێرباس ناچار بێت، هەندێ بڕیار، سەبارەت بە کارەکانی لە بەریتانیا دەربکات، کە لەوانەیە بە ئازار بێت. ئینەدرز وتی:"تکایە گوێ لە سەرشێتی لایەنگرانی بریکزێت مەگرن، کە دەڵێن: لەبەرئەوەی لێرە کارگەی گەورە گەورەمان هەیە، ئێمە نایگوازینەوە "ئەوان بەهەڵەدا چوونە"، وتیشی:" لەوە دڵنیا بن، چەندین وڵات هەن، کە بە دروستکردنی بااڵی فڕۆکەکانی ئێرباس دڵخۆش دەبن". ڕاستییەکەی، من لە ستەملێکراوی زۆرێک لەوانە دەگەم، کە دەنگیان بۆ کشانەوە لە یەکێتیی ئەورووپا داوە، چونکە هەستیان بەوە دەکرد، بەر لە جۆرێک شااڵو، لەاڵیەن کۆچبەرانی یەکێتیی ئەورووپا کەوتوون (ئەو شااڵوەی، کە دەبوو یەکێتیی ئەورووپا، شانشینی یەککگرتووی لێ بگارێزێت، ئەوەشیان سەرشێتییەکی ئەڵمانی و فەرەنسی بوو). هەندێ ڕاگۆزرت ئاماژە بەوە دەکەن، نزیکەی 300هەزار هاووڵاتی فەرەنسی، لە لەندەن دەژین، ئەوەش دەیکاتە یەکێ لە گەورەترین شارەکانی فەرەنسا لە جیهاندا. بەم دواییە لە مەیخانەیەکدا، لەگەڵ ئەندامێکی گەرلەمان لە ئەنجومەنی گشتیی دانیشتم، کە دانیشتین بە گوێیدا چرپاندم (هیچ کام لەوانەی لەو باڵەخانەیەدا کاردەکەن، بەریتانی نین). هەروەها لە بێنهیوایی بەریتانییەکان، لەو یاسایانە دەگەم، کە دەنگیان بۆ بیرۆکراتیانی نەناسراو لە یەکێتیی ئەورووپا لە برۆکسل دایدەنێن. لە هەستی وەڕەسی بژاردەی شارستانی جیهانگیریی دەگەم، ئەوانەی پێیان وایە، ئەو کەسانەی لە ناوچە لادێیەکاندا دەژین، بە چاوێکی سووک سەیریان دەکرێت. لەو فشارەش دەگەم، کە لێرە لەدژی کرێی چینی ناوەڕاست دەکرێت، ئۆباڵەکەشی دەخرێتە ئەستۆی یەکێتیی ئەورووپا و کۆچبەرانەوە، وەکو چۆن سەرۆک دۆناڵد ترەمپ، ئۆباڵەکەی خستە ئەستۆی مەکسیکییەکان، من لەهەموو ئەوانە دەگەم. بەڵام لەوەش دەگەم، چ مانایەکی دەبێت، ئەگەر لە سەدەی بیست و یەکدا سەرکردە بیت، کە بێشک دووگاتی سەروەریی و پێشخستنی بەسەر هەموو گوزارەکانی دیکە، یان کشانەوە لە بازاڕی گەورەی یەکێتیی ئەورووپا ناکاتەوە، کە شانشینی یەککگرتوو، زیاتر لە 40%بەرهەمەکانی دەنێرێت، بێ ئەوەی گفتوگۆیەکی نیشتمانی سەرڕاست، لەبارەی خەرجیی و سوودەکاندا بکات. بەڵام، چ شتێک هەیە کە سەرکردە هەر سەرکووەکان، بەشداریی تێدا دەکەن؟ ئەوانەی هەموو بەیانیان لە خەو هەڵدەستن و هەمان پرسیار لە خۆیان دەکەنەوە:"لەچ جیهانێکدا دەژین؟ گەورەترین ئاراستەکان لە جیهاندا کامانەن؟ چۆن دەتوانم لەبارەی ئەو جیهانەوە، هاووڵاتییەکانم فێر بکەم و سیاسەتی خۆم ڕێک بخەمەوە، بە شێوەیەک کە زۆرترین خەڵکی گەلەکەم، لەو ئاراستانە سوودمەند بن و خۆیشیان لە نەرێنییەکانی بپارێزن؟". کەواتە، ئەو جیهانە کامەیە، کە ئەمڕۆکە تێیدا دەژین؟ ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە بەهۆی دیجیتاڵ بوون، ئینتەرنێت، چەردەی پان، ئامێری گواستراوە، کۆمپیوتەر و گواستنەوەی بێ تەل لە میانی تۆڕی نەوەی پێنجەمەوە زۆر یەککگرتوو بووە، بە ڕادەیەک بە شێوەیەکی نەکردە، بەیەکەوە بەستراوینەتەوە. لەو جیهانەدا، گەشەکردن بە شێوەیەکی بەرچاو گشت بە توانات، توانای کۆمەڵگەکەت، شارەکەت، کارگەکەت، قوتابخانەکەت و وڵاتەکەت دەبەستێت، بە مەرجێک بە شێوەیەکی بەرچاو بە هەڵقوواڵنەکانی زانست و وەبەرهێنانەکان بەسترابێتەوە.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە: www.alittihad.ae

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی **1856:**
بەپشتگیری حکومەتی ئەو کاتەی فەرەنسا دەست بە هەڵکەندنی کەنااڵی سوێس کرا .



ساڵی **1862:**
وەک دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە یاسای بەسەربازکردن ، بۆ ڕۆژی چوارەم خەڵکی نیویۆرک ناڕەزاییان دەبڕی.



ساڵی **1945:**
ئەمەریکا بۆ یەکەم جار بۆمبی ئەتۆمی تاقی کردەوە .



ساڵی **1979:**
ئەحمەد حەسەن بەکر دەستی لەکار کێشایەوە و سەدام حوسێن بوو بە سەرۆکی عیراق .



ساڵی **1990:**
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 7.7گلە لە فلیپین ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی 1600کەس .



ساڵی **2004:**
لە ئەنجامی کەوتنەوەی ئاگر لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە باشووری هیند 90منداڵ بوونە قوربانی .

www.xebat.net
ژمارە (5731) 2019/4/16 سێ شەممە



کالیدۆنیای نوێ

هاواریێک بۆ سەربەخۆبوون لەوبەری ئۆقیانووسی هێمنەوە

ئا : هەندرین شێرزاد

رۆژی 4ی تشرینی دووەمی ساڵی 2018 دانیشتوانی کالیدۆنیای نوێ ، ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە ئۆقیانووسی هێمن و سەر بە حکومەتی فەرەنسایە ، بە مەبەستی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی و دەستەبەرکردنی دەسەلاتی زیاتر لە بواری دادوەریی و پۆلیس و پەیوەندیە دەرەکیەکان، رووبان کرد سندووقەکانی دەنگدان. ئەوان ویستیان ئەمە ببێتە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا بڕن بە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن هەژموون.

دەربارەی کالیدۆنیا

ناوی لەنێو لیستە دایە کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئامادە کراوە و تایبەتە بەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی نین و دەکەونە خانەی کۆتاییهێنان بە دەسەلاتی کۆلۆنیالیزم و ژمارەیان 17دەوڵەتە.

بۆ جاری یەکەم لە ساڵی 1853فەرەنسا دەستی بەسەر ئەم هەرێمەداگرت و وەک کۆلۆنیایەک بۆ دوورخستنەوە و سزادانی ئەوانە بەکاری دەهێنا کە دژایەتی سیاسەتی فەرەنسایان دەکرد .

کالیدۆنیا دەکەوێتە ئۆقیانووسی هێمن و زیاتر لە 16هەزار کیلۆمەتر لە پاریس و 2000کیلۆمەتر لە ئوستراڵیاوە دوورە.

پایتەختەکەی شاری نومیایە.

رووبەری هەرێمەکە بە سەرجەم دوورگەکانییەوە 22225 کیلۆمەتر دووجا دەبێ ، بەڵام بە تەنیا رووبەرەکەی 19100 کیلۆمەتر دووجایە .

وێڕای ئەوەی هەرێمەکە خاوەنی یەدەگێکی زۆری نیکلە بەڵام لەگەڵ ئەوشدا بەدەستی دابەزینی ئاستەکانی گەشەی ئابووریەوە دەناڵێنێ.

ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 280هەزار کەس دەبێ، کاناک کە دانیشتوانی رەسەنن نزیکەی 40٪ و ئەوروپییەکان 27٪ ی کۆی دانیشتووان پێکدێن، ئەوانی دیکەش لە رەگەزی دیکەی جیاجیان. زمانی فەرمی هەرێمەکە فەرەنسیە، هەروەها خەڵکی ناوچەکە بە 33شێوەزاری دیکەی جیاواز قسە دەکەن. 76٪ ی دانیشتوانی کالیدۆنیا کریستیانن (59٪ کاسۆلیک و 41٪پرۆتستانت)، ئەوانی تر موسوڵمانن.

ئەم هەرێمە لە پەرلەمانی فەرەنسا خاوەنی دوو نوێنەرە، هەروەها دوو ئەندامی لە ئەنجومەنی پیران هەیە.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، کالیدۆنیا خاوەنی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوی نوێنەرانە کە تایبەتە بە دارشتنی ئەو سیاسەتانەی پەیوەندیان بە یاسا ناوخۆییەکان و رێکخستنی باری ئەمنی هەرێمەکەوە هەیە.

کالیدۆنیەکان بۆ داوای سەربەخۆیی دەکەن؟

ئەم هەرێمە کۆلۆنیایەکی میتڕوویی و سەر بە فەرەنسایە و خەڵکی رەسەنی ناوچەکە بە دەستی ئەوانەوە دەناڵێنن کە ئەوروپین و لایەنگری فەرەنسان.

زیادبوونی ئاستی ناکۆکیە ڕەگەزیەکان و هەستکردن بە نەبوونی یەکسانی لە نێوان دانیشتواندا.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ناسەقامگیریەکی تووند ناوچەکەی گرتۆتەوە و گەیشتۆتە ئاستی پێکدادان لە نێوان دانیشتوانی رەسەن و ئەوروگیەکان.

دانیشتوانی رەسەن ژمارەیەک سەربازیان دەستگیر کرد و لە ئەنجامدا سوپای فەرەنسا هێرشی کردە سەر ڕۆژهەلاتی کالیدۆنیا ، لە ئەنجامدا 21 کەس لە گەلی کاناک کوژران و هەندێکی دیکەش لەسێدارە دران . ئەم ڕووداوانە ، لایەنەکانی ناچار کرد لە ساڵی 1998بۆ جاری دووەم پەنا بەبەنە بەر واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی نۆمیا کە بەهۆیەوە مافی ئۆتۆنۆمی بە هەرێمەکە بەخشرا، ئەمە جگە لە بەخشینی مافی دیارکردنی چارەنووس .

پێشتریش ڕێککەوتنێکی دیکەی ئاشتی بەناوی ماتینیۆن واژۆ کرابوو .

گرنگی پێگەی جوگرافی

ئەگەرچی لە ڕووی جوگرافییەوە کالیدۆنیا لە فەرەنسا دوورە، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا خاوەنی پێگەیەکی جوگرافی گرنگە بۆ پاریس. ئەم هەرێمە وەک خاڵێکی گرنگی بلاوبوونەوەی هێزەکانی فەرەنسا وایە لە ئۆقیانووسی هێمن، بە تایبەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فراوانبوونی دەسەلاتی چین لە ناوچەکە، هەروەها کالیدۆنیا خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نیکلە کە لە بواری پیشەسازی ئەلیکترۆنیدا بەکار دەهێنرێ. کەواتە بۆ فەرەنسا کالیدۆنیا ناوچەیەکی بەهێزی دەسەلاتە لە ئۆقیانووسی هێمن ، بەڵکو بە قۆلایی ستراتیژیی خۆی دەیزانێ . فەرەنسا ئاگاداری ئەوەیە کە چین بەنیازە شوێنگێیەک بۆ خۆی لە دوورگەکانی دوورووبەری کالیدۆنیا دروست بکات، بۆیە پاریس پێی وایە هێشتنەوەی ئەم هەرێمە لەژێر دەسەلاتی خۆی فاکتەرێکی گرنگی دیبلۆماسیەتی دەرکیە و دەبێتە هۆی ڕاگرتنی بالانسی هێز لە ناوچەکەدا .

ڕاپرسی لە پێناوی سەربەخۆیی

ڕۆژی 4ی 11ی 2018 خەڵکی کالیدۆنیا بە مەبەستی جیابوونەوە و سەربەخۆیی رووبان کردە سندووقەکانی دەنگدان .

لە کۆی 280هەزار کەس، 175هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو. ڕێژەی بەشداربوون لە ڕاپرسیەکەدا 80.7٪ بوو.

56.4٪ ی بەشداربووان دەنگیان بۆ جیانەبوونەوە و مانەوەی هەرێمەکە لەژێر دەسەلاتی فەرەنسا دا.

چی دوای دەنگدان بە نەخێر

پاش ئەوەی زۆرینەی کالیدۆنیەکان دەنگیان بۆ مانەوەی لەژێر دەسەلاتی فەرەنسا دا ، بە گوێرەی ڕێککەوتنی نۆمیا کە لە ساڵی 1998مۆر کراوە ، خەڵکی کالیدۆنیا بۆیان هەیە بۆ هەمان مەبەست دوو ڕاگرسی دیکە ئەنجام بدەن (ساڵی 2020و 2022)، بۆیە تا ئەو کاتە، هەرێمی کالیدۆنیا وەک بەشێک لە کۆماری فەرەنسا دەمێنێتەوە و هەر خۆشی کۆنترۆلی سیاسەتی دەرەوە و بەرگری و دارایی و دادوەری و سیستمی گشتی دەکات .



چەمکی سیاسی

بیرۆکراسی

وشەیەکی فەرەنسیە و لە وشەی (بیرۆ) واتە نووسینگە و وشەی یۆنانی (کراتۆس) واتە هێز پێکدێت، هەموو وشەکە پێکەوە لە سەدەی 18وەک ئاماژەیەک بۆ نووسینگە حکومیەکان بەکارهێنراوە. بە شێوەیەکی گشتیش وشەی بیرۆکراسی بۆ ئەو کەسانە بەکار دەهێنرێ کە لەدوای میزە حکومیەکان دادەنیشن و بە هەموو شێوەیەک پاریزگاریی لە پلەو پایەکانیان دەکەن، بەڵام دواتر وشەکە پەرەی سەند و خرایە پاڵ دامودەزگا ناحکومیەکانی وەک قوتابخانە و نەخۆشخانە و کارگە و کۆمپانیاکان (هەندێک جاریش وشەکە مانای ڕێککاری و کۆمەڵگای هاوچەرخ دەبەخشێ).



مانشێت



سکای نیوز:
پارتی دادوگەشەپێدان جارێکی دیکە تانەی لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی شاری ئەستەنبوڵ دا.



ڕۆژنامەی حەیاتی لەندەنی:
لە باشووری وڵات ، دەزگا ئەمنیەکانی بەڵژیکا کەسێکیان بە تۆمەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی دەستگیر کرد.



ئەلشەرقولئەوسەت:
سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا رایگەیاند ئەگەرچی داعش لە ڕووی سەربازیەوە شکستی هێناوە بەڵام ئەم ڕێکخراوە هێشتا مەترسیدارە .



AFP:
لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی فنلەندا سۆسیال دیموکراتەکان سەرکەوتنیان وەدەست هێنا و دوای 20ساڵ جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە دەسەلات.



ڕۆیتەرز:
لە ناوچەی بەنتی سۆمال، بە هۆی بۆردومانی ئاسمانی سەرکردەی دووەمی داعش لەو وڵاتە کوژرا.



کەنالی ئار تی:
چەند میدیایەک باسیان لەوە کردووە کە بڕیارە هەفتەی داهاتوو لە ڕووسیا کۆبوونەوەیەک لە نێوان سەرۆکی کۆریای باکور و سەرۆکی ڕووسیا ئەنجام بدرێ .

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/4/16 ژمارە (5731)
خەبات

مەترسیی بڵاوبوونەوەی نیماتۆدا و چۆنیەتی چارەسەرکردنی



نیماتۆدا بە مەترسیدارترن دەردی کشتوکاڵی دادەندرێت کە بە هەڕشە هەژماردەکرێت لەسەر بەروبومە کشتوکاڵییەکان بە تایبەتی شووتی و کاڵەک (گندۆرە)، ئەو زەویییەی نیماتۆدای تێدا بڵاوبۆتەوە ئەوە شیاو نابێت بۆ چاندنی بەروبومە کشتوکاڵییە گرنگەکان. ئەو دەردە کشتوکاڵییە لە زۆر ژینگەی جیاواز دەڕیت و گەشە دەکات زۆر جار لە نێو رەگی رووەکیش بوونی هەیە و توانای هەیە بۆ ماوەی دوور و درێژ بەرگەی کەم ئاوی وشکە سااڵی بگرێت و بە هاوڕێی کەڕووەکانی خاک دادەندرێت و لە رێگای برینەکانەوە تووشیی رووەک دێت. پێویستە رێگا لە بڵاوبوونەوەی نیماتۆدا بگرین لە رێگای پەینی ئۆرگانی و بەروبووم و رووەکی توشبوو بە پیادەکردنی ئەو رێکارە خۆپارێزیانەوە:

یەکەم: کەرەنتینەی کشتوکاڵی تایبەت: واتا مامەڵە لەگەڵ هیچ پەینێکی ئۆرگانی یان کۆمپۆست یان تۆوی چاندن نەکرێت ئەگەر جێگای باوەڕ نەبێت.

دووەم: پاراستنی پاکوخاوێنی و بەدواداچوونی بەردەوام: خاکی نەمامگا بە قرچەری دژە نیماتۆدا مامەڵە دەکرێت و دەبێ دڵنیابین لەوەی نیماتۆدای تێدا نیە. لە هەمانکاتدا پێویستە سەرجەم کەلوپەل و کەرەستە بەکارهاتووەکان تەعقیم بکرێت بە هەڵم بە هەمان شێوە مەمەڕ و رێرەوەکانی هاتوچوی نەمامگە و شوێنی داکردن و کۆگاکان بۆ ئەوەی رێگا بە بڵاوبوونەوەی نیماتۆدا نەدرێت.

سێیەم: لەناوبردنی گژوگیای نێو نەمامگە و گێڵگەکان چونکە بە سەرچاوەیەکی گرنگی بڵاوبوونەوەی نیماتۆدا دادەندرێن بە تایبەتی نیماتۆدای گرێی ڕەگ.

چوارەم: ئاشکرایە کە ئاوێتەکانی چارەسەری نیماتۆدا زۆر جار کاریگەر نابن ئەگەر PHی خاک ترشییەکەی بەرز بێت بۆیە لە کاتی تاقیکردنەوەی هەر قرچەریکی نیماتۆدا چڕی ژمارەیی نیماتۆدا لە پێش و دوای بەکارهێنان هەژمار دەکرێت ئەوەش نموونەترین هەڵسەنگاندنە بۆ گیراوە بەکارهاتووەکان.

پێنجەم: هەندێک کرداری بەکارهاتوو کاریگەر هەیە بۆ سنووردار کردنی بڵاوبوونەوەی نیماتۆدا وەک بەکارهێنانی هاڕاوەی سیر راستەوخۆ لە مانگی ئاداڕەوە لە چاڵی دەوری داڕختەکاندا و گرنگی دان بە پەینی پۆتاسیی بۆ بەهێزکردنی داڕەکان و بەرگەگرتنی توشبوون بە نیماتۆدا.

شەشەم: لە کاتێکدا کە نیماتۆدا و خوێی زیاد لە خاکدا هەبوو سەرەتا چارەسەری خوێیەکە دەکەین پاشان نیماتۆداکە.

حەوتەم: یەکێ لە رێگاکانی کەمکردنەوەی کێشەکانی نیماتۆدا پەیڕۆکردنی سیستەمی جێهێشتنی زەوی ببەێ چاندنە بەوەش نیماتۆدا بەهۆی نەبوونی خۆراک لەناو دەچێت یان بەهۆی کێڵانی یەک لە دوای یەک و بەرکەوتنی تیشکی خۆر راستەوخۆ بە نیماتۆدا و تەوژمی با و وشکانی و بێ ئاوی دەبێتە هۆی مردنی ژمارەیەکی زۆری نیماتۆدای ناو خاک.

هەشتەم: قەڵاچۆکردنی کیمیایی نیماتۆدا: بە یەکێ لەو قرچەرانە مامەڵە دەکرێت بە مەرجی ڕەچاوکردنی PHی قرچەرەکان، فایدێت 10%نیماکتۆر 10%راجبی 10%مۆکاب 10%و قرچەری دیکە.

کێشە سەرەکییەکانی کەرتی هەنگەوانی لە کوردستاندا



هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی کەرتی هەنگەوانی نا سەقامگیری سیاسی و شەڕە یەک لە دوای یەکەکانە دوایی ئەوەش گرنگی نەدان بە کەرتی کشتوکاڵ ئەم کەرتەی جارێکی تر دواخستەوە هۆکارەکان بوونە هۆی ئەوەی ئەم کەرتە بەتەواوی دوابکەوێت، هەرچەندە کوردستان ژینگەکەی زۆر گونجاوە بۆ هەنگ ئەوەی ئێستا جێگای نیگەرانیە ئەو مەنهەجە کۆنەیە کە لە دێر زەمانەوە لە زانکۆکان دەوترێتەوە، کەرتی هەنگەوانی لە دنیای ئەمڕۆدا گرینگییەکی زۆری پێدراوە چەندین ناوەندی لێکۆڵینەوە و زانکۆی تایبەتی بۆ کراونەتەوە، ئەوەش تەنها بۆ بەرهەمەکانی هەنگ نەکراوە بەڵکەو ژینگەشەوە. بەگشتی گۆی زەوی لە خەتەردایە ئەگەر هەنگ لەناوبچێت، وێڕای کۆمەڵێک دەرمانی زۆر دەگمەن و گرانبەها کە بۆ نەخۆشییە درێژخایەنەکان وەک چارەسەر بەکاردەهێنرێن، کە لە بەرهەمەکانی هەنگ دەستدەکەون. کێشەی هەنگەوان لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە پێش ئەوەی بچێتە ناو ژیانی هەنگ لە وردەکارییەکانی ژیانی بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت هەنگ کۆنترۆڵ بکات، چونکە تاکو زانیارییت لەسەر هەر شتێک نەبێت ناتوانی کۆنترۆڵی بکەی، بەڵکو لەناوی دەبەن. هەنگەوانانی ئێمە خێرا دەستدەکەن بە بەرهەمهێنان ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئێستا کەرتی هەنگەوانی تێدایە. بەپاشم زانی زانیاریی وورد لەسەر هەنگ بخەمە روو بۆ ئەوەی هەنگەوا بزانێ چۆن هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ هەنگ جا دواتر بتوانێت باشترین بەرهەمی لێوەربگیرێت. بابزانین هەنگ چەند هەستی هەیە ؟ و ئەو هەستانە چین؟ ١- هەستی بینین ٢-هەستی تامکردن ٣- هەستی بۆنکردن ٤- هەستی پێوانەی کەش و هەوا ٥- هەستی کات ناسی٦- هەستی بیستن ٧- هەستی بەرکەوتن. بابزانین هەریەک لەم هەستانە چۆن کاردەکەن بۆئەوەی هەنگەوان بیێتە هاوکار و هاندەر بۆ هەنگەکەی بۆ بەرهەمی زیاتر.

یەکەم ژ هەستی بینین بینایی هەنگ بەهۆی 5چاو دابین دەکرێت دوو چاوی ئاوێتەیی لە هەردوو لای سەری هەیە 3چاوی زۆر وورد لە نێوان هەردوو چاوی ئاوێتەیەی بوونیان هەیە دەکەوێتە ناوەڕاستی ناوچەوان. لەباریەی ئەو 3چاوە و شێوازی کارکردنیان هێشتا هیچ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام شێوازی دروستبوونیان زۆر سادە و سەرەتاییە. بە شێوازێک کە هەنگ تەنها دەتوانێ بزانێ کە خۆر و روناکی دەکەوێتە کامە ئاراستەوە، کرداری بینین لە هەنگ دا بە چاوە ئاوێتەکان ئەنجامدەدرێت. هەر چاوێکی شاهەنگ و پاڵە لە 5000تاک چاو و نێرە هەنگ 10000چاوی تاک پێک هاتووە. هەریەک لەو چاوانە چاوێکی سادە و بە هەموویان چاوێکی ئاوێتەی پێکدەهێنن. هەر چاوێکی سادە بە تەنهای لە توانایی دایە وەک ئامێرێکی وێنەگرتن کەمێک لە ژینگە وێنە تۆمارکات وە وێنەکان وەک کاشی چوارگۆشە لە میشکی هەنگەکە دەکەونە لە لای یەک وێنەیەکی تاڕادەیەک فراوان دروستدەکەن. هەنگ بەم شێوەیە دەتوانێت رووبەرێکی فراوان ببینێت هێزی بینینی هەنگ زۆر خراپە لە شێوەکان وەک مرۆڤێکی زۆر نزیک بین دەبینێت و چاویلکەی لە چاودا نەبێ. هێزی بینینی مرۆڤ زۆر بەهێزتر و باشترە لە هەنگ کە شێوەکان 80جار وردتر و ڕوونتر لە چاوی هەنگ دەبینێت چاوەکانی هەنگ توانای بینینی کۆمەڵێک ڕەنگی نییە کە مرۆڤ دەیبینێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە چاوەکانی هەنگ کۆمەڵێک ڕەنگ دەبینێت کە مرۆڤ ناتوانێ بیانبینێت توانی بینینی چاوی مرۆڤ لە نێوان درێژی شەپۆلی 400بۆ 800 میللی موو دایە، بەڵام توانای چاوەکانی هەنگ درێژی شەپۆلی 300تا 650میللی موو دایە. مانای وایە هەنگ ناتوانێ ڕنگی سوور ببینێت لەکاتێکدا مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێت ببینێت، بەڵام هەنگ ڕەنگی سەروو وەنەوشەیی یان ڕەنگەکانی سەروو وەنەوشەیی بەباشی دەبینێنت لەکاتێکدا بۆ مرۆڤ ڕەنگی خەیاڵین و چاوەکانی توانای بینینی ئەو ڕەنگانەی نییە شەپۆلکانی سەروو وەنەوشەی بەهۆی چاوەکانی هەنگەوە بە ئاسانی دەبینرێن وەک یەک ڕەنگ یان ڕەنگانێکی ڕاستەقینە دەیانبینێت کۆی ئەو ڕەنگانەی کە هەنگ بە تەواوی دەتوانێ بیانبینێت بریتیین لە : نارنجی ژ زەرد ژ سەوز ژ سەوزی شین باو ژ شین- شینی وەنەوشەیی- سەروو وەنەوشەیی لەنێوان ئەو ڕەنگانەدا نارنجی و سەوز و زەرد ناتوانێ بە ئاسانی لێکیان جیاکاتەوە بەڵام ڕەنگی سەروو وەنەوشەیی زۆر بە ئاسانی و باشتر لە ڕەنگانیتر جیادەکاتەوە لەنێوان گوڵەکاندا گوڵ شین و زەرد زۆر بە ڕوونی دەبینێ و هەنگ باش ڕادەکێشن، بەڵام گوڵی سوور سەرنجیان ڕاناکێشێت لەکاتێکدا گوڵە سوورەکان سەرنجی ڕاناکێشێت وە زۆربەی کات لەسەریان نانیشێت. گوڵی سێ پەڕە کە بە ڕەنگی سوور دیارە بە چاوی ئێمە بەڵام لە ڕاستیدا تێکەڵیەکە لە ڕەنگی سوور و شین بۆیە چاوەکانی ئێمە ڕەنگە سوورەکەی دەبینێت و چاوەکانی هەنگ ڕەنگە شینەکەی.

ئا: عەبدولقادر ڕەسوڵ

نەخۆشی کورکی گەنم

کورکی گەنم نەخۆشیەکی باوە و توشی گەنم بەدرێژایی گەشەکردنی دێت.
هۆکارەکەی بۆ کەڕوویەک دەگەڕێتەوە کە پێی دەوترێت -us tilago tritici



نەخۆشییەکە کەشێکی سارد و شێدارە تا گەنمەکە تووش بکات. سەرچاوەی نەخۆشییەکە دەگڕێتەوە بۆ بنەتۆوی تووش بوو واتە ئەو تۆزییەی کە بەکاردێت لە کاتی چاندندا هەڵگری ئەم کەڕووە بێت یان سپۆری کەڕوەکە لە نێو خاکەدا هەبێت کە چاندنی تێدا ئەنجام دەدەین. ئەم کەڕووە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر بە پێی شێوەی سپۆرەکانی لەسەر یان لەناو تۆوەکە واتە جۆرێکییان ڕووی تۆوەکە دادەپۆشێت و جۆری دووەمیان دەچێتە ناو کۆرپەڵەی تۆوەکە تا ماوەی زستان تەواو دەبێت ئەو کاتە دەست بە چالاکیەکانیان دەکەن. سووڕی ژیانی کورکی گەنم ئەو کاتە دەست پێدەکات کە سپۆرەکان توشی تۆوەکە دەبن لە زستاندا یان لە باری متبوونی تۆوبەکان سپۆرەکان دەمێننەوە لەسەری بێ چالاکی تا ماوەی زستان تەواو دەبێت دواتر بە شێوەی مشەخۆری لەسەر گەنمەکە دەژین دەرکەوتەکانی ئەم کەڕووە نابینرێن تا کاتی گوڵکردنی گەنمەکە دەبانبینین بەشێوەی تۆزی ڕەش بەتەواوی گوڵی گەنمەکەیان لەناوبردووە.

چارەسەرکردن و کۆنترۆڵکردنیشی بە بەکارهێنانی قرچەری کیمیایی دەکرێت بە شێوەیەکی زانستیانە و ستاندەرد و لەلایەن کەسانی پسپۆرەوە وە دەشتوانرێت بەر لە تووش بوونی گەنمەکە بەو نەخۆشییە ڕێگری لێبکرێت بەبەکارهێنانی دەرمانی کورک پێش بەکارهێنانی تۆزەکە و گرنگە لە کاتی بەکارهێنانی هەر تۆوێک دڵنیابین لە باوەڕپێکراوی تۆوەکە و هەموو کات ئەو جۆرە تۆوانە بەکاربهێنرێت کە لە چەشنی بەرگرن.

ئا/ سانا قوباد

ڕووەکی هێل

هێل بە یەکێک لە ڕووەکە بەسوودەکان هەژماردەکرێت سەر بە خێزانی زەنجەبیلیەکانە و بەرێکی سێگۆشەیی هەیە لەناوەوە هەڵگری چەند دەنکە تۆزەکی ڕەشە. ڕووەکی هێل بەگشتی دوو جۆرە جۆرێکیان ڕەنگی سەوزە لەنێوان مالیزیا و هیندستان دایە وە جۆرەکەی تریان ڕەنگی ڕەشە و دابەش بووە لە نێوان ئاسیا و ئوسترالیا دایە. هێل پێکهاتەیەکی خۆراکی بۆن خۆشە و تامێکی نایاب دەبەخشێت بە خواردنەوەکان بەتایبەتی چا و قاوە هاوکات سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاسن و مەنگەنیزە و بەمەش سودێکی زۆر بە تەندروستی دەگەیەنێت، هەروەها هیندییەکان وەک بەهارات بەکاری دەهێنن بەشێوەیەک بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی چێشتخانە هیندییەکان هەژمار دەکرێت.

هێل ئەم سوودانەی هەیە :

هێل هەستی برسێتی زیاد دەکات ئەمەش بەسوودە بۆ ئەوانەی کە ئارەزووی خواردنیان کەمە.


ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کردای هەرس بەمەش ڕێگری دەکات لە قەبزی.

ڕێژەیی کۆلیسترۆڵی زیانبەخش کەمدەکاتەوە.

هێل پێکهاتەی دژە شێرپەنجەیی تێدایە کە ڕێگا لە دروستبوونی وەرەم دەگرێت.

بەسوودە بۆ لە ناوبردنی بۆنی دەم و جگەرە لەمەش ئازاری سووری مانگانەی خانمان کەمدەکاتەوە.

ئا / ئاشنا تەحسین عبدول قادر
مامۆستای یاریدەدەر



مێسی

گەڕایەوە مەشقەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی مان یونایتد

مەشقە بەکۆمەڵەکانی یەکشەممەی رابردووی یانەی بەرشلۆنە، هەوادارانی ئەو یانەیەی دڵخۆش کرد، کاتێک بینیان مێسی لەسەرووی یاریزانەکانە دەستی بەمەشقەکان کردەوە.

دەرکەوتنی مێسی لە ریزی مەشقی یانەکە، جەماوەرکەی دڵنیاکردەوە کە ئەو یاریزانە بۆ یارییەکەی سبەی بەرامبەر یانەی مان یونایتد ئامادەیە، ئەگەرچی هیچ لەبەرپرسانی یانەکە هیچ لێدوان و رونکردنەوەیەکیان بەرامبەر دەستپێکردنەوەی مەشقەکانی مێسی نەبوو. مێسی کەلەیاریەکەی هویسکا نەیتوانی بەشداری بکات بەهۆی ئازارگەیشتن بە لووتی، بەڵام رۆژی یەکشەمە دەستی بەمەشقەکانی کردەوە و ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی بۆ یارییەکەی سبەی شەو ئامادەیە.



کاراتێی خورماڵ

بە سێ یاریزان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق بەشداری پاڵەوانێتی ئاسیا دەکات

خەبات/عەلی بانیشاری

وابیارە 26ی ئەم مانگە لە وڵاتی مالیزیا پاڵەوانێتی ئاسیا بۆ کاراتێ بەڕێوەبچێت، کاراتێی خۆرماڵ بە سێ یاریزانی(کاتا) و لە چوارچێوەی هەڵبژاردەی عێراقیدا بەشداری پاڵەوانێتیەکە دەکەن.

سۆران زاهیر، راهێنەر و سەرپەرشتیاری گشتی کاراتێی خورماڵ بە (خەبات)ی گوت" هەموو تیمی کاتای هەڵبژاردەی عێراق کە بەشداری پاڵەوانێتی ئاسیا دەکەن یاریزانی کاراتێی خورماڵن و تیپەکەمان لەئێستادا حەوت یاریزانی لە هەڵبژاردەی کاراتێی عێراق هەیە، چوار یاریزان لە بەشی (کاتا) و سێ یاریزانی دیکەش لە بەشی (کۆمێت)، هەر پاڵەوانێیەک لە ساڵی 2019ئەنجام بدرێت ئەو حەوت یاریزانەی ئێمەی تێدا دەبێت".

سۆران زاهیر گوتیشی" بینەر مستەفا، پەژار مەهدی، یوسف سەلام لە کاراتێی خورماڵ وەکو تیمی کاتای هەڵبژاردەی عێراق بەشداری پاڵەوانێتی ئاسیا بۆ خوار تەمەن 21ساڵ دەکەن". ئاوبراو کە راهێنەری پلەیەکی کاراتێی هەڵبژاردەی عێراقە دەشڵێت" چاوەڕوان دەکەین یاریزانەکانمان لە پاڵەوانێیەکەدا ئەنجامێکی باش بەدەستبهێنن، چونکە لە پاڵەوانێیە کانی رابردوودا بە ئەنجامی باشەوە گەڕاونەتەوە".

سۆران زاهیر ئاماژەی بەوەشدا هەڵبژاردەی عێراق بە 12یاریزانی کاراتێ بەشداری پاڵەوانێتی ئاسیا دەکات.

لەئێستادا یاریزانانی کاراتێی خورماڵ و سێ یاریزانی کاراتێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی رۆژانە بەشداری کەمپێکی مەشق و راهێنانی هەڵبژاردەی عێراق دەکەن، مەشق و راهێنانەکە هەفتەیەک لە شارۆچکەی خورماڵ و هەفتەیەک لە سلێمانی و بەسەرپەشتی راهێنەرێکی میسری بەڕێوەدەچێت.

سەرپەرشتیاری کاراتێی خورماڵ ئەوەشی گوت" یاریزانەکانمان 24ی ئەم مانگە بۆ بەشداری لە پاڵەوانێتی ئاسیا بەرەو وڵاتی مالیزیا بەڕێدەکەون".

تیپی کاراتی یانەی وەرزشی خورماڵ لە ئاستی مندالآن و پێشکەوتووان و لە چوارچێوەی هەڵبژاردەی کاراتێی عێراقدا لە پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی ئێران زەمینی کە ناوەڕاستی مانگی 12ی سالی رابردوو لە تاران بەڕێوەچوو توانی پێنج مەدالیایی زێڕ و چوار مەدالیایی زیوو پێنج مەدالیای برۆنز بەدەستبهێنێت. کاراتێی خورماڵ لە 1994 دامەزراوە و لەئێستادا خاوەنی 150 یاریزانە لە هەردوو بەشی کاتا و کۆمێت لە سەرجەم ئاستەکاندا. تیپەکە بەشداری لە 45پاڵەوانێتی کوردستان و عێراقدا کردووە و 14جار بەشێوەی تیم پلەی دووەمی بەدەستهێناوە و 13جاریش پلەی سێیەم. لە تورکیا و میسر و ئێرانیش 14جار بەشداری لە پاڵەوانێتی نێودەوڵەتیدا کردووە و توانیویەتی بەشێوەی تیم سێجار پلەی یەکەم و یەکجاریش پلەی دووەم بەدەستبێنێت، بەشێوەی تاکیش لەو 14 پاڵەوانێتیەدا 20مەدالیایی زێڕ، 13 مەدالیایی زیوو، 16مەدالیایی برۆنزی بەدەستهێناوە.

سیمیۆنی: ئۆبلاک باشترین گۆڵپارێزە لە جیهاندا



دیێگۆ سیمیۆنی، بەڕێوەبەری هونەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی، دوای بردنەوەی تیپەکەی لە سێلتا فیگۆ، بە ئەنجامی دوو گۆڵی بێ وەڵام لە لیگا دووپاتی کردەوە، هیچ شتێک نییە پاڵی پێوە بنێت، بیر لە رۆیشتنی هێرشبەری فەرەنسی، ئەنتوان گریزمان بکاتەوە. سیمیۆنی ئاماژەی بەوەش کرد، گۆڵپارێزی سلۆڤینی، یان ئۆبلاک، باشترین گۆڵپارێز لە جیهاندا، خۆی ویستویەتی یاری بۆ تیپەکەیان بکات.

سیمیۆنی، لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی دوای یارییەکەدا وتی:"گریزمان یەکێ لە سەرکردەکانی ئەو تیپەیە، ئەتلەتیکۆ پارەکە هەوڵێکی زۆری بۆ هێشتنەوەی دا، ئەو لە مەدرید دڵخۆشە و پەیوەندیشی بە هاوتیپەکانی زۆر باشە، بۆیە هیچ شتێک پاڵم پێوەنانێت، بیر لە رۆیشتنی بکەمەوە".

سیمیۆنی لە بارەی یان ئۆبلاکیشەوە وتی:"ئۆبلاک، باشترین گۆڵپارێزە لە جیهاندا، ئێمە بەختمان هەیە، چونکە ئۆبلاک خۆی ویستویەتی یاری بۆ تیپەکەمان بکات و بێتە ئەتلەتیکۆ، ئەوەش وامان لێدەکات هەست بە شانازی بکەین، هیوا خوازین پەرەی زیاتر بە ئاستی بدات، لەوتەی هاتووەتە تیپەکەمان زۆر باشتر بووە، ئەو بێشک باشترینە لە جیهاندا".

سیمیۆنی لە بارەی رەوشی تیپەکەشی لەو وەرزەدا وتی:"بەردەوام ئەستەمە باسی ئەو شتە بکەیت و بیر لەوە بکەیتەوە چیمان بەسەر هات. رووبە ئێمە هەوڵمان دەدا، پەرە بەو ئاستەمان بدەین، کە لەماوەی ئامادەکاریی بۆ وەرزی تازە پێی هەڵساین.

رەمزی میرەکانی

پۆگبا گەشبینە بەوەی لەناو کامپ نو لە بەرشلۆنە دەبەنەوە



پۆل پۆگبای فەرەنسی و ئەستێرەی یانەی مان یونایتدی ئینگلیزی دووپاتی کردەوە کە یاریی گەڕانەوەی چامپیۆنسلیگ بەرامبەر بەرشلۆنە هێشتا یەکلایی نەبۆتەوە، هەرچەندە ئەهریمەنە سوورەکان لەیاریی چوونیاندا لەناو یاریگای خۆیان دۆڕابوون.


تۆڕی سکای سپۆرت لەسەر زاری پۆگبا گواستویەتییەوە و دەڵێت: پێویستە بیر لەیاریی گەڕانەوە بکەینەوە، چونکە هێشتا یەکلایی نەبۆتەوە، ئێمەش پشووەکی باشمان وەرگرتووە و تەواو ئامادەین بۆ ئەوەی لە کامپ نو بجەنگین، هەروەها گوتی: راستە ئێمە لەناو یاریگای خۆیان رووبەڕووی بەرشلۆنە دەبینەوە، بەڵام پێویستە بڕوای تەواومان بەخۆمان هەبێت کە دەتوانین لێیان دەبەینەوە.

پێنج یانە بەدوای ئەستێرەیەکی لاوی خولی ئیتاڵیان

راپۆرتە هەواڵەکان لە ئەڵمانیا ئاشکرایان کرد کە یانەی بایرن میونشن چووە نێوپێشبڕکێی بەدەستهێنانی یاریزانە لێهاتووەکەی یانەی رۆمای ئیتاڵی.

رۆژنامەی بێلدی ئەڵمانی بڵاویکردەوە کە نیکۆلا زانیولۆی تەمەن 19ساڵ بووەتە جێی سەرنجی یانە زەبەلاحەکەی ئەڵمانیا، بەتایبەتیش لەپێشکەشکردنی ئەو ئاستە بەرزەی لە ریزی یانەی رۆما هەم لەخولی ئیتاڵیا و هەم لە خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەورووپا، ئەمە جگەلەوەی لەپێکهاتەی هەڵبژاردەی ئیتاڵیاشدایە.

یانەی باڤاری بڕی 50ملیۆن یورۆی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی نیکۆلای ببەتە ریزەکانیەوە، بەڵام ئەمە بۆ بایرن هێندە ئاسان نابێت، چونکە هەریەک لە یانەکانی یۆڤینتۆس و مان سیتی و ریال مەدرید و پاریس سان جێرمانیش ئامادەن پارەیەکی لەمشێوەبدەن بۆ رازیکردنی ئەو یاریزانە لاوە.



نوێر

جارێکی دیکە هیوا بڕا بۆوە

لەیارییەکەی بایرن میونشین و فوتۆریا دوسلدۆرف کە یەکشەممەی رابردوو لەمیانی گەڕی 29ی بۆندسلیگ بەڕێوەچوو، جارێکی تر گۆڵچی ئەو یانەیە مانوێل نوێر تووشی پیکان بۆوە و ناچار کۆفاتچی راهێنەر لە خولەکی 53ی یارییەکە لەناو یاریگا دەریهێنادەرەوە.

ئەم پیکانەی نوێر دوای هەفتەیەک لە چاکبوونەوەی پیکانەکەی گەڕابۆوە ناو یاریگا و ئەمجارەش هیوابڕا بۆوە لەوەی بتوانێت بەردەوام بەرگری لە تۆڕی بایرن بکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue, 16. Apr. 2019 No: (5731)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (وارێش) تایبەت بە کەلتووریی گەلان بەڕێوەدەچێت

ئا-بەرهەم شێخ عزەدین

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی گشتیی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "وارێش"بەمیدیا کانی گوت: نۆیەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "وارێش" بە تەرکیزلەسەر کەلتووریی گەلان واتە دابوونەریتەکانی کرداریی، گوتاریی و ژینگە بەڕێوەدەچێت.نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "وارێش" Varesh بە تەرکیز لەسەر کەلتووریی گەلان واتە: دابوونەریتی کرداریی، دابوونەریتی گوتاریی و دابوونەریتی ژینگە و بە هاوکاری دایرەی گشتیی فەرهەنگ و هونەری پارێزگای مازەندەران و بە هاوبەشی ڕێکخراوەی سینەمایی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئێران و هەروەها پارێزگاریی مازەندەران لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی ئەپریلی 2019لە شار جۆراوجۆرەکانی پارێزگای مازەندەران لە باکووری وڵاتی ئێران بەڕێوەدەچێت.



ئامانجەکانی بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "وارێش" بریتین لە: بەهێزکردن و پشتیوانی لە بەرهەم و فیلمەکان بە ناوەرۆکی مرۆڤناسی بە تەرکیز لەسەر بابەتی کەلتووری گەلان، پەیوەندیی کاریگەر لەگەڵ چالاکڤانانی بواری کورتە فیلمی چیرۆکی، دیکۆمێنتاریی و ئەنیمەیشن و ناساندنی ڕوخسارە ئەخلاقییەکانی بواری سینەمای نەتەوەیی و هەروەها پەیوەندیی لەگەڵ فیلمسازانی دەوروبەری دەریای کاسپییەن و بواری شارستانییەتی هاوبەش بە مەبەستی بەدەستهێنانی گۆڕانکارییەکانی نوێی لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا.

تەوەر و بابەتەکانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "وارێش" بریتین لە:

- دابوونەریتی کرداریی: کە بریتین لەو فیلمانەی بە ناوەرۆکی دابوونەریتەکان، ئایینەکان، کردەوە، جەژنە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان،کردەوە و دابوونەریتەکان، یارییەکانی گەلان و .
- دابوونەریتی گوتاریی: کە بریتین لەو فیلمانەی بە ناوەرۆکی چیرۆکی گەلان، چیرۆکە ئەخلاقییەکان، ئەفێندارانە، لالاییەکان، گۆرانییەکان،شینگێڕیی، مێلۆدییەکان...
- دابوونەریتی ژینگە: کە بریتین لەو فیلمانەی بە ناوەرۆکی شارسازی خۆمالّی، شێوازیی بەرهەمهێنان لە ژیانی کشتووکاڵ، مەڕوومالات، ماسی گرتن و وەبەرهێنان لە جەنگەڵەکان، پیشەی دەستی و دەستکردەکان، جلووبەرگ، کەلتووریی چێشتی خۆمالّی بازاڕ و ئاڵووگۆڕیی.

هونەرمەند جەوهەر محەمەد عومەر:

سروشتی کوردستان کاریگەریەکی زۆری لەسەر تابلۆکانم هەیە



دیدار/ کامەران حاجی ئەلیاس

هونەرمەندی شێوەکار "جەوهەر محەمەد عومەر" یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کەجێ پەنجەی لە نێو هونەری شێوەکارانی کوردستان دیارە لە نەوەی سالانی حەفتاو و هەشتاکانی سەدەی رابردووە هەردەم سروشتە جوانەکەی کوردستان هەوێنی تابلۆکانی بووە خاوەن ستایلێکی تایبەتە بەشداری لە چەندین پیشەنگەی تایبەتی و هاوبەش لە نێوخۆی و دەرەوەی کوردستان کردوە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ئەزموون و کاروبەرهەمەکانی بە چەند پرسیارێک بەسەرمان کردەوە.

*** سەرەتا پێمان باشە باس لەکورتەیەک لە ژیانی هونەری خۆت بکەیت؟**

– وەکو زۆربەی هونەرمەندانی شێوەکار هەر لە منالیەوە خولیای وێنە کردنم هەبوو ، وە ئاشنا بوونم بە ڕەنگ و نیگەرگە (مەرسەم) و دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتایی لە شاری بەعقوبە کە نیگەرگەی تایبەتی هەبوو لەو قوتابخانەیە کورێک بە ناوی (عۆفی) لێ بوو لەڕەسم کردن بەڕەنگی ئاوی و زەیتی زۆر باش بوو بۆیە کاریگەری هەبوو لەسەرم ، بەڵام وەک سەرەتا بۆ هاتنم بۆ ناو دونیای هونەری وێنە کێشان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ناوەندی ساڵی 1976 لە خوێندن لای مامۆستای بەڕێزم خوا لێخۆشبێت (محەمەدمەولود قادر) کۆیی مامۆستا هاندەرێکی باشم بوو هەر لەڕێگەی ئەو شێوەکار لە منالیەوە خولیای وێنە کردنم هەبوو ، وە ئاشنا بوونم بە ڕەنگ و نیگەرگە (مەرسەم) و دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتایی لە شاری بەعقوبە کە نیگەرگەی تایبەتی هەبوو لەو قوتابخانەیە کورێک بە ناوی (عۆفی) لێ بوو لەڕەسم کردن بەڕەنگی ئاوی و زەیتی زۆر باش بوو بۆیە کاریگەری هەبوو لەسەرم ، بەڵام وەک سەرەتا بۆ هاتنم بۆ ناو دونیای هونەری وێنە کێشان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ناوەندی ساڵی 1976 لە خوێندن لای مامۆستای بەڕێزم خوا لێخۆشبێت (محەمەدمەولود قادر) کۆیی مامۆستا هاندەرێکی باشم بوو هەر لەڕێگەی ئەو مامۆستا بەڕێزەوە وە بەشداری زۆربەی پیشانگاکانم دەکرد لەشاری بەغدا کە چالاکی قوتابخانەکان پێی هەڵدەستا سروشتی کوردستان و چیاو دۆل و گوندەکانی ئەو ناوچەیە کاریگەرێکی زۆری لەسەر دروست کردم بۆیە لەم ساڵەوە تاوەکو ئێستا من تەنیاو تەنیا سروشت وێنە دەکێشم وە تایبەتمەندیەکی تایبەتم هەیە کە ستایلێکە کە تایبەتە بە خۆم ، ئەم شێوانانە بۆ من وەک پەیمانگاو ئەکادیای هونەرە جوانەکان وابوو ئەوەندە سوودم لێ وەرگرتووە وا شارەزای سروشتەکە بووم کە من سروشت بە هەوێنی هەموو شتە جوانەکان دادەنێم ، لە ساڵی 1978 یەکەم پیشانگەی تایبەتیم کردەوە کە نەقابەی هونەرمەندانی عێراقی لقی هەولێر پێی هەڵسا لە هۆڵی ئەیبوبەیەی کچان لە هەولێر کە ئەوسا تەنها ئەم هۆڵە هەبوو بۆ کردنەوەی پیشانگا .

*** لە چ کاتێک تابلۆکانت دەکێشیت؟ کاتێکی دیار کراوت هەیە بۆ وێنە کێشان(نیگار کردن) ؟**

هیچ کات و ساتێک نیە لای من بۆ وێنە کێشان هەردەمێک ئارەزووی وێنە کێشانم هەبێت وێنەدەکێشم ، جاری واهەیە چەند مانگێک دەست لە فرچەو چەقۆی ڕەسم کردن نادەم جاری واش هەیە ماوەیەکی باش بەبێ پچڕانەوە تابلۆ لە دوای تابلۆ دەکێشم.

*** پەیوەندی تۆ لەگەڵ تابلۆدا چۆنە ؟**

– ئاساییە ، تابلۆکانم خۆش دەوێت تاسنورێک ، مانای وا نیە کە لای من پیرۆزبێت و خەتی سوور بێت ، چونکە هەموو کات شتی گرنگ هەبووە بەلام گرنگتریش هەیە.

*** ئاستی هونەری شێوەکاری لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

– من وادەبینم ئەو گەرم و گوڕییەی جاران هونەری شێوەکاری هەبوو بەتایبەتی لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان هەر چەند هونەرمەندەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردران، بەڵام ئێستا وا نیە هەرچەندە هونەرمەندان لەم بواره زۆرن .

*** ڕەخنەگری شێوەکاریان هەیە؟ ئەگەر هەیە چۆنی پێناسە دەکەیت؟**

– تا ڕادەیەک لێرەو لەوێ هەیە کە ڕەخنەی هونەری دەنووسن بەتایبەتی لە بواری هونەری شێوەکاری ئەوانیش لە چەند کەسێک تێپەڕناکات.

الصادرات السعودية
هيئة تنمية الصادرات السعودية

بەرهەمە سعودییەکان بدۆزەرەوە



پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ بنیاتنان
22 - 25 نیسان، 2019



پیشەسازی سنورەکان دەبەزێنێت
و کۆمەڵگاکان لەیەکتر نزیک دەکاتەوە





saudiexports.sa @saudiexports